# چریکەی کوردستان

## گۆڤارێکی ڕۆشنبیری ی گشتی ی
## سەربەخۆیە

ژمارە (٥)　　تەمووز　　سال ١٩٨٢



# چریکەی کوردستان

گۆڤارێکی ڕۆشنبیری گشتی ی
سەربەخۆیە

ژمارە (٥)　　تەمووز　　١٩٨٢



ئەرشیفخانەی هاوەڵندی کوردان
تایبەتی م. سەلاحوەکان


## هێرشە هتلەرانەکەی بێگن !؟

پاش ماوەیەک دوودڵیو ڕاڕایی "میستەر ڕێگن"،سەرداری (دنیای ئازاد)و هەڵگری ئاڵای مافی مرۆڤ!! (تیشکیسەوز) بۆمەناحیم بێگن ی مامۆستای تیرۆرو پیاوکوژي هەڵکرد، ئەمیش (هەتلەر)ئاسایی ،بەلەشکرەلە (نازي)دڕندەترەکەی، بەو چەکە هەرەتازەو جەهەننەمیيانەوەکەئیمپریالیزمی ئەمەریکی بۆ (پاراستنی خۆی ) !! داویەتێ ،لەژێر چەتری (ڤیتۆ)ی ئەمەریکادا ،بێ باک وبێترس لەگشت بەرگرییەکی مادي ومەعنەوي ،بەرەڵلاّ لەهەموورەوشت وخوویاساوقانوو- نێکی ئەرزي وئاسماني،وەک گورگی هار ،بەدڵێکی پڕ داخ و ڕق وقینێکی وەحشییانەوە هەلیکوتایەسەرخاکی دەوڵەتیسەربە- خۆیلوبنان وکەوتەکاولکردنیشارودێهاتیوکوشتن وبرینداركردنی هەزاران ژن ومناڵ وپیری لوبنانیوئاوارەی کلۆڵیفەلەستینی ئەوانەی کەهەرئیسرائیل خۆی ،بەپشتیوانی ئیمپریالیزمی جیهانی نیشتمانەهەزارسالییەکەی داگیرکردبوون،وەلەخاک و ماڵ وماف بێبەش،ئاوارەی وولاتانی کردبوون (١٩٤٨)

## هۆوئا مانجەئا شکرا ونا دیارەکانی هێرشەکە:

لەسەرەتای پەلامارەکەیدا ئیسرائیل وای راگەیاندکە! چونکە تیروریستە فەلەستینییەکان!! ئیسرائیلییەکانی نزیک سنووری لوبنان دەدەنە بەرتۆپ و ئەیانکوژن ،بۆیە بریاری داوەکە ئەو فەلەستینییە تیروریستانە ماوەی (٢٥) میل لە سنوور دووربخاتەوە . بەڵام هەر زوو ئیسرائیل خۆی ئەم (بەهانە) بێ‌جێ‌وناوەوا وپێچەوانەی قانوونی نێودەوڵەتانەی، بەکردەوە بەدرۆخستەوە ،بەوەیکە بەداگیرکردنی (٢٥و٣٠و٣٥) میل و (٥٠)شەوەنەوێستاو بەکوشتنی صەدان فەلەستینی دەستی هەڵنەگرت .وەهەرلەسەر کوشت وکوشتارومالّ وێرانکردن وخەستەخانەو قوتابخانە بەسەرنەخۆش ومناڵدا رووخاندنی خۆی رویشت. وەبەوەش وازی نەهێنا لەئاسمان وئەرزو دەریاشەوە ئابلۆقەی وولاتەکەیدا وتەنانەت رێگەیشی نەدەدا کەپاندنی نان وئاووەرمانیشی گرت کەبگاتە دەست هەزاران برسی وتینووو بریندارییەپەلامارەوەحشییانەکەی! ،وەبەچەشنێ نرخە مرۆڤی وکێشوتەرازووەبەرزەئینسانییەکانیخستە ژێر پێ کە (بێگن وشارۆن)بخاتەریزی (ئەدۆلف هتلەر)ی تاوانباری هەرەگەورەی سەدەی بیستەم..وە لەشکری ئیسرائیلیشپا خوێنرێژەبەدناوە (لەعنەتی)یەکانی ئەتیلاوجەنگیزوهۆلاکۆ بەجێبهێڵێت!!

گومانلەوەدا نییە کە هۆیەکی گەورەی ئەم پەلامارەی ئیسرائیل و شوول لێهەڵکیشانەکەشی لەئاواتە دێرینەکەی(صەهیونیتی) سەرچاوە وەردەگرن کەبریتییەلەزلکردنی دەوڵەتی ئیسرائیل بەجۆرێک کەلە (نیل)ەوە بگرێتەوەتا (فورات) .ئەو ئاواتەیکە هەر پیلان وتەگبیروسیاسەتێکی دەوڵەتی ئیسرائیل هەیە بۆخزمەتی بەجێگەیاندنی ئەو دادەنرێت،وەهیچ پارتیورێکخراوسیاسییەکی صەهیونی نییە کەلەهیچەنگا ووپرۆگرامێکیدا ئەم ئاواتە فەرامۆش کات .

ئاشکرایە کەوا ئەرکی بەرهەڵستیکردنی ئەم ئامانجە داگیرکەرانەیە ئەکەوێتە ئەستۆی خەڵکی نیشتمانە داگیرکراوی فەلەستین وئەو عەرەبانەی وولاتەکانیان ئەکەوێتە سنوورەکەیەوە ،ئەمە بەتایبەتی ،بەلام بەگشتی ئەکەوێتە سەر هەموونەتەوەی عەرەب کەوا پیلانەکە لەسەرحسابی یەکیەتی وئازادی وسەرپەرزی ودووارۆژی ئەوان پێکدێت . وەئەوی ڕاست بێ هەتا ئێستە ،کەمو زۆر یارمەتی گەلی فەلەستینیان داوە وتا ئەندازەکیش کێشەکەیان بەهی خۆیان داناوە، ئەگەرچی نەتەقەلاسیاسیەونە بەرهەڵستیە جەنگیەکانیان سەرکەوتوونەبووەو لەهەرشەریکا ئیسرائیل پارچەیەکی کەی خاکی عەرەب خستۆتە سەرخاکەداگیرکراوەکەی پێشووی .لەگەڵ ئەمەشدا ئیسرائیل هەمیشە لەوەترساوە ودەشترسێ کەعەرەبەکان بکەونە خۆیان ؛کەموکورتیەکانیان پڕبکەنەوەو دۆست ودوژمنی خۆیان باشتر بناسن و لەبارەسەرنجێکی واقیع بینانەوە مەترسیەکە هەڵسەنگێنن و توانایی وهێزیان ڕێک بخەن و مەردانە بەرەنگاری خۆی وئیمپریالیزمی ببن ،وەبەمەنەک ڕێگەی سەرکەوتن وبەئاوات گەیشتنی لێبگرن، مافی خۆی وبەرژەوەندی باب وپشت وپەناکەشی ،لەسەرانسەری هەرێمەکەدا ،لەڕەگوڕیشە هەڵکەنن !!

هەواڵنامەی کتێب

ئنجا بۆئەوەی ئەم کارەسانە نەقەومێ وبەئاواتی خۆیشی بگات، لەگەڵ ئیمپریالیزمدە وریان بەشکردووە ؛ ئیسرائیل شەڕودا گیرکەری وئیمپریالیزمیش دەوری ئاشتیخوازیسا ختەودۆستایەتی درۆ و فێڵوفەرەجوتەفرەدان وترساندنی دەولەتە عەرەبەکانی گرتوتەئەستۆ . وەلەبەرئەوەی کەئەزانێت نزیک بوونەوەی ئەمدەولەتانەو یەکیەتی سۆڤیات لەیەکتری وپتەوبوونی دوستایەتی وهاوکاری نێوانیان کاتی راپەرینەکەی عەرب نزیکترو هەلی سەرکەوتنی زیاتردەکات هەمیشە وبەهەموو حۆرێک خەریکی

ئەوەبووەو ئەوەشە کەبەبڵاوکردنەوەی درۆودەلەسەلەبارەی
مەترسی وەهمی سۆڤیاتەوە کەگوایا ئەیەوێ وولاتی عەرەب داگیر
بکات دڵی حکومەتەکانی عەرەبی لێ پڕ بکات ونێوانیان تێک بدات.
وەبەم خەتەرە دەستکردە خوێنمژینەکەی خۆی ومەترسی ڕاست-
ڕەوان وهاتووەدبێ وبەردەوامی (صەهیوونیێتی)یان لەبیرباتەوە
وزیاتریش نزیکیان بخاتەوە لەخۆی! کەڕێکەوتنەکەی (کامپ دیڤید)،
کەوا میسری پێ لەبەرەی نەتەوەکەی دەرهێنرا، کەمەزنترین
دەوڵەتیانە، وەلەگەڵ ئیسرائیل ئاشت بوونەوەو کراش بەبنکە
یەکی گەورەی ئیمپریالیزم وکونەپەرستی لەهەریمی ڕۆژهەڵاتی
ناوەڕاستدا، ئەم ڕێکەوتنە گەورەترین وکاریگەرترین سەرکەو-
تنی ئەمسیاسەتی دەوربەشکردن وهاوکارییەی (کوڕوبابە)! جالەڕوانگەی
ئەمستراتیجییەوە ڕووانین، بەباشی درۆودەلەسەکانیان دەردەخات
وەسیاسەتە داگیرکەرانە ودوژمنانەکەیان بەرامبەر بەنەتەوەی عەرەب
بەتایبەتی، وەئاشتی وسەربەخۆیی و ئازادی گەلانی کەی هەریمە-
کە بەگشتی، ڕسوا دەکات بەوێنە:

ئیسرائیل ئەڵێ تیرۆریستە فەلەستینییەکان ناچاری ئەم
پەلامار دانەی لوبنانیان کردبەو تۆپ گرتنەئیسرائیلی چەند
مانگی ڕابوردوویان (واتەپاش "ئاگربەسە"کەی زستان) کەچی
(شارون) وەزیری شەڕەکەی لەقسەیەکدا کەبۆ ڕۆژنامەی "ئید-
یعورت ئەحرونوت"ی کردووە- ١٩٨٢/٦/٢٧ ،بەخۆهەڵکێشانەوە
ئەڵێ: "(٣) ساڵ لەمەوبەر، کەهاتمە وەزارەتەوە، پیلانی پەلاماری
لوبنانم دانا..."

هەروەها مستەر ڕێگن، سەرەک کۆماری وولاتەیەکگرتووەکانی
ئەمەریکا لەکۆنفرانسەکەی شەوی ١٩٨٢/٦/٣١یدا بەڕۆژنامە-
نووسەکانی ووت کە: "ئەوقسەیە بێ بناغەیەکە دەڵێن ئەو "تیشکی
سەوز"ی بۆ بێگن هەڵکردووە کەپەلاماری لوبنان بدات، چونکە
ئەویش وەک خەڵکی تر بەسەرسورمانەوە خەبەری پەلامارەکەی بیستووە!"

ئەمقسەیەی ڕێگن تەنیا بەدووجۆر لێک ئەدرێتەوە :یا هەموو خەڵک بەکەر ئەزانێ،یا خۆی درۆی لەلا شەرم نیيە ! ئەگینا ،هیچ دوورترنەڕۆین،لەوسا وە کەئیسرائیل کردویەبە هەرا لەسەرئەوەی کەسووریەلەدەشتی(بقاع)وسنووری خۆی و لوبنا ن (سام : ٦)ی دا مەزراندووە، بۆخۆپا ڕاستن لەهێرشی ئاسمانی ئیسرائیل(مارت /نیسان ١٩٨٢) .وەئەمیش هەڕەشەیەکی تێکشکاندنیان دەکات . وە (ڕێگن)خۆی،فلیپ حەبیب ی بەنوێنەرایەتی نارد بۆئەوەی کەنەبێ بەشەڕ ،وەناوبژی یان بکات وڕێکیان خات، وەکە ،بەگشتی،تا ئێستەش وەک(مەکۆ) لەبەینی "تەلئەبیب" و "بێروت"و"شام"دا دێت ودەچێت . بۆیەبێگومان،لەوکاتەوە ئەک هەرسیاسیەکان ،گشت ئەوانەش کەگوێ ئەدەنە هەواڵی ڕۆژەلاتی ناوەڕاست چاوەڕوانی ئەوەن کەئیسرائیل هەڵکوتێتەسەرلوبنان، بەرەوڕای ئەمە لەچەندسالێک لەمەوبەرپشەوە دەوڵەتەکانی عەرەب هاوڕیانەلەدەست ئەمختەرەو هەندێکیان هانایان بردۆتەبەرئەمریکا (دوستیان)!! ،وەهەندێکیشیان بەر (کۆمەڵینەتەوەیەکگرتووەکان) .ئیسرائیلیش بەدرێژایی کاتی ئەم نیازەی خۆی نەشاردوەتەوە ،ئەگەرچی هەندێ جار سووریە ،وەهەندێجاریکەش پشتیوانی و یارمەتیدانی(سەعد حەددا )ی جاشی خۆی کردووەبەبەهانە .وە هەرخەریکی لەشکرلەسەرسنووری لوبنان کۆکردنەوەوهەڕەشەکردن بووە. ناوبەناویش لێپرساوێکی(خانەسپی= White House ) بلاوی کردۆتەوەکەوا : ئیسرائیل دڵنیای کردوون کەپەلاماری نادات! (*)

---

(*) — :ئاژانسی(کالە )یدەنگوباسی گەسۆسێتدپریس لە ١٢ی نیسانا بلاوی کردەوە کە لێپرساوێکی(ف ت ح)گوتوویەبا وەربەقسەی ئەمریکا ناکەن کەدەڵێ :ئیسرائیل پەلاماری لوبنانی نادا . هێزەکانی ئەوان لوبنانی سەکان لەهەموودەقیقەیەکدا چاوەڕوانی هێرشی ئیسرائیلن) .ودلەتسەکاکە ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز هەرلەوڕۆژەدا لەزمانی یاسیرعەرەفاتەوە بلا وی کردەوەوئەڵێ: ئیسرائیل ٣تا٤ فیرقەسپای بەدرێژایی سنووری لوبنان کۆکردوتەوەو ئامادەی پەلاماردانە ....)

جا ،کە پەلامارێک ئەمەهە موو هاتوها وا ڕێی لەپێشەوە بووبێ ئەبێ،
(ڕێگن)ی سەرەک کۆماری یەکێک لەدوو دەوڵەتە هەرە زلەکەی
دنیا و خاوەنی (سی.آی.ئەی) و پێشکەوتووترین جیهازی جاسووسی
سەرئەرزی بەچ ڕوویەکەوە بڵێ تا ئەقەوما وەپێم نەزانیوە ؟؟(*)

لەگەڵ ئەمەشا با بڵێین لەسەرەتاوە ئاگای لەمەسەلەکە
نەبووە. ئەی پاش قەومانی کە لەپانایی و قووڵایی کارەساتە خوێنینە
کە ئاگادارکرا ، ناشیرینی و بەسامی (تاوان) ەکە بۆ دنیا دەرکەوت،
ئەوسا بۆچی لەباتی ئەوەی ،هەر بۆ ڕواڵەتی دنیا ڕوویەکی لێ گرژ
بکات کە بەبێ پرس و ڕەزای ئەو ئەم کەتنەی کردوە ئەم قەسابخانەیەی دانا ؟!
کەچی زۆر بێ شەرمانە ،هەر لەو (کۆنفرانس)ەدا ،پشتیوانی بێ سنووری خۆی
بەرامبەر بەداخوازییە ناڕەوا و زۆردارانەکانی ئیسرائیل دەر-
بڕی ؟ وە هەر بەقسە شەوە نەوەستا دووجار لە (ئەنجومەنی ئاسا-
یشت)دا (ڤیتۆ)ی بەکارهێنا دژی بڕیاری ئەندامەکانی تر کە
بەگشتی دەنگ،دا وایان لە ئیسرائیل دەکرد کەسپاکەی بگێڕێتەوە
بۆ سنووری خۆی-کە زۆر باش دەشزانی ئیسرائیل ئەو بڕیارانەش،
وەکوو هینەکانی پێشووتر ،تووڕ دەداتە (تەنەکەی زبڵەوە) !!
وە بەمەشەوە نەوێستا نوێنەرەکەی لە (کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووە-
کان)دا نەنگینترین و بێشەرمانەترین هەڵوێستی وەرگرت بەوەی
کەشانبەشانی نوێنەرە دەستخوێناوییەکەی ئیسرائیلی تاوانبار
بەرامبەر بەهەموو ئەندامەکانی کۆمەڵەکە وەستا ،دژی ئەو بڕیارەی کە
(۱۲۷) نوێنەری دەوڵەتانی سەرئەرز تیایا دا وایان لە ئیسرائیل
ئەکرد کەخاکی دەوڵەتی سەربەخۆی لوبنان چۆڵ کات !

---

*) کەوجێتیەکەی ڕێگن لەوەدا کەدەڵێ (منیش وەک خەڵک ،بەسەر-
سوڕمانەوە خەبەری پەلامارەکەی ئیسرائیلم بیستووە) نەک هەر قێزی ئەو
کەسانە دێنێتەوە کەباوەڕی پێ ناکەن ،بەڵکو لەوە زۆرتر ڕق وترس
لەدڵی ئەوانەدا ئەوروژێنێت کەقسەکەی بەڕاست دەزانن! چونکە چی
لەوەنا خۆشترو خەتەرتر هەیە کە (شەڕ) و (ئاشتی)ی دنیاو بڕیاری بە-
کارهێنانو نەهێنانی بۆمبا ئەتۆم وهەیدرۆجن ،واتە مان و نەمانی گشت
مرۆڤایەتی وشارستانێتی بەدەست کەلەکی والەدنیا بێخەبەری ؟!!؟

هەوالنامەی کتێب

ئەمەش با هیچ بێت، ئەی ئەوەی کەوا لە مانگ تێئەپەڕێ و دەیان هەزار سپای ئیسرائیل ئابڵۆقەی شاری (بێرووت)یدا ڕەوانن ئاو و کارەبا و تەنانەت دەرمانیشی لە نێو ملیۆن زیاتر خەڵکی بێچەک و بێ تاوانی شارەکە و نزیکی (٧٠٠٠) فەلەستینییەکی ئاوارە، قەدەغە کردووە و بە جەهەنەمییانەترین چەکی تازەی ئەمەریکاوە بەربۆتە گیان و ماڵیان . وە بەبەرچاوی ئەمەریکا پارێزەری مافی مرۆڤ! و دنیای ئازاد و نائازادەوە هەڕەشەی (خاک- بەتوورەکە بێژان) و کوشتن و لەناوبردنیان لێ ئەکات و ڕێگەن دەتوانێ بە قسەیەکی خێر، بەبۆڵەبۆڵێک ئەوصەدان هەزار کەسە ژن و منداڵ و پیرە، لەکوشتن و بڕین و لەبرسا مردن و ئازار و دەرد و کوێرەوەری ڕزگار کات، کەچی هەموو (میدیا)ی خۆی خستوتە خزمەتی ئیسرائیلەوە، بۆ تۆقاندن و وورە پێبەردانی خەڵکی بێ- تاوانی ئابڵۆقەدراوی شارەکە!، وە بەمەشەوە نەوەستاوە، لەسەر قسەی ئیسرائیل (ئوستۆڵ)ی شەشەمی خۆشی بەهێزیکی دەریاییەوە هێناوەتە نزیکی بێرووت بۆ ئەوەی یارمەتی ئیسرائیل بدات لەجێبەجێکردنی ئامانجە زۆردارانەو داگیرکەرانەکانیدا، کە ئەمانە ئاشکراکانیانن: (١)- دەرکردنی هەموو فەلەستینییەکان، (٢)- گەڕانەوەی لەشکری سووریە بۆ سووریە (٣) دامەزراندنی جاش- حکوومەتێکی لوبنانی لەژێر سەرکردایەتی (سەعد حەدـ داد) و فلانجیستە فاشیستەکانی پیاوی ئیسرائیل دا، حکوومەتێ کە ئامادە بێت بچێتە (تەوێڵەی کامپ دیڤید)ەوە و ببێ بەهاو- پەیمانی ئیسرائیل، وە ڕێگەش خۆش کات بۆ ڕاکێشانی (ئوردن) دوودڵ و سووریەی سرک و سڵ!؟

جا، ئەگەر گشت ئەم پشت گرتنە بێ قەیدوشەرتە و ئەو هەموو دەست بە پشتدادان و لەسەرکردنەوەیەی ئیسرائیل بەلای میستەر ڕێگنەوە (تیشکی سەوز) بۆ هەڵکردن نەبێت، ئەبێ تیشکی

سەوز هەڵکردن چیبێت ؟؟!

سەرەڕای ئەمە ،خۆپەیوەندی نێوان ئیسرائیل وئەمەریکا شتێکی ئەوەندە نهێنی نیە کەجێگەی درۆی تیا ببێتەوە!ئەوەمیستەر بێگن(هتلەری صەهیوونێتی)لەخوتبەیەکیا ، لەکەنیستلەبارەی پەیوەندی ئەمەریکا وئیسرائیلەوە ئەڵێت : زۆرمان پێ خۆش بووکەوەزیری دەرەوەی ئەمەریکا لەبەرچاوی هەموو دنیا ووتی:"ئەمەریکا لەگەڵ ئیسرائیل (هاو- پەیمان)ە ،وەهەمیشەش بەهاوپەیمانی دەمینینەوە" وەئێمەش لەگەڵ ئەوین لەوەدا کە (هەردوو وولاتەکانمان لەهاو- پەیمانێتییەکی هەمیشەییدان) . وەهەروەها لەخوتبەیەدا لەبارەی پەیوەندی خۆیان وئەمەریکای ژێر (ئیدارە)ی ڕێگن ەوە ،کەبەدۆستی گەورەی ئیسرائیلی ناوئەبات،ئەڵێ :(....وەئەتوانم بڵێم کەوا بەبیرەوەری من هیچ کاتێک پەیوەندی نێوان دوو نەتەوەکەمان وەک ئێستا قوول وفراوان نەبووە- ١٩٨١/٥/١١)

ئەم قسانە ،لەباسی پەیوەندی سەرداری ئیمپریالیزمی جیهانی وئیسرائیلدا! کەم نەبن زۆرشین جونکە (مان)وگەشەکردن و (پەناوات گەیشتنی )ئەمیان ،وەپاراستن وپەرەپیدانی بەرژەوەندی ئەویان ،واتە ئیمپریالیزم،لەسەربناغەی ئەوپەیوەندییەدا مەزرێنراوە . وەئەم سیاسەتەی ئەمرۆودوێنێ نیەئەگەرێتەوەبۆ ئەوڕۆژانەی کەئیمپریالیزم وصەهیوونێتی هەستی برایەتی وهاو- ئامانجی وهاوبەرژەوەندیوهاو- چارەنووسی خۆیان کردو جووتیان گرت وئیسرائیلیان دورستکرد !!

لەبەرتیشکی ئەم ڕاستییەگەشانە زۆربەباشی دەردەکەوێ کەسەم پەلامارەدرندانەیەی ئیسرائیل بەری بڕیاری هاوکاریی ستراتیجییەکەی صەهیوونیتی وئیمپریالیزمەوهەنگاوێکی گەورەو-

(ئەچیتە ل: ٧٧)

# عێراقی پاش صەددام ؟!

باوەڕناکەم کۆمەڵ لەوەدا مابێت کەوا ئەوشەڕەی صەددامی خوێنخۆر، بەهاندان ویارمەتی دەوڵەتە کۆنەپەرستەکانی ناوچەو وپشتی ئەمەریکا، بۆ گرتنەوەی شوێنی شای دوابڕاو، بەئێرانی فرۆشت. ئەو شەڕەی کە زۆرترین زیانی بەگیان و ماڵی گەلانی هەردوو وڵاتەکە گەیاند، ڕوودو بڕانەوە ئەڕوا و بەشکانێکی شابڕوو - بەرانوسەرشۆڕکەرانەی (ملۆزم) ەکەی عێراق دوایی دێت. بەڵام ئەوەی کە چۆن دوایی بەحوکمە خوێناوییەکەی ئەهێنرێت؟ کێ دوایی پێ ئەهێنێت؟ کێ دێتە جێگەی؟ وە چ جۆرە ڕژێمێک لەشوێنی دیکتاتۆرێتییە فاشیستییە شۆڤێنییەکەی دا ئەمەزرێنرێت؟ ئەم پرسیارانە هێشتا هەر لەخانەی لێکۆڵینەوەو پێشبینوکەوی لایەنە بەرژەوەندییەدارەکان وخەمڵ وبژاری (میدیای جیهانی= الاعلام العالمی) دان.

لەگەڵ ئەوەشدا کەمەسەلەی ڕژێمی وڵاتێک وەرگرداوەتییەکەی بەهەموو حسیبێک فرمان وئەرکی هەرەتایبەتی خەڵکی وڵاتەکە بەوناپێ هیچ لایەنێکی تر نەدەست ونەدەنگی تێدا هەبێ، بەڵام سەربەستی بەکارهێنانی ئەم مافەش وەنەبێ بێ خەبات لەدەستخستنی ئیمپریالیزم ودەوڵەتە بەرژەوەندییەدارەکانی دنیا و ناوچەکە ڕزگا بکرێت. جگە لەمەئەوەدە ورووبەرەنگە وا شەڕەکە پێکی هێناوەو ئەوترسەی ئەوجا مەکەی خستوێتە بەر ئیمپریالیزم ودۆستەکانی، مەسەلەکەی ئاڵۆزتر و بارێکەلی عێراق و هێزە ئازادیخوازەکانی گرانتر کردووە.

جا، سەبارەت بەم وەزعە تایبەتییەنا لەبارەیەکدا ئەبینین لەلایەکەوە گەلانی عێراقی خاوەن ماڵ وماف بەخەباتی هێزە شۆڕشگێڕەکانی، وەلەلایەکی ترەوە ڕژێمی ئیسلامی خومەینی بەشەڕ و بەبڕوپاگاندەی دینی ومەزهەبی، وەلەلای سێیەمەوە ئیمپریالیزم وحکوومەتە کۆنەپەرستەوکەردەکانی لەناوچەکەدا بەدەسیسە فرتوفێڵ هەڕەشەکردن خەریکن، هەرلایەیان ئەیەوێ مەسەلەکە بەدڵی خۆی وبەپێی بەرژەوەندی خۆی چارەبکات.

هەرچی وەکو ئێرانە ،خومەینی هەر لە زووەوە نەمانی حوکمی
صەددام و "بەعسی عەفلەقی کافر"ی کردووە بە یەکێ لە شەرتە-
کانی ئاشتبوونەوەی لەگەڵ عێراق . تا ئێرە داخوازییەکەیان
بێ پێچ و پەنایە . بەڵام چۆن حوکمێکیان ئەوێ و کێ یان ئەوێ؟
لەمەدا یان ئەوەتە یەک ڕەئی نین، یانیش چونکە خومەینی بە تەواوی
نیازی دڵی خۆی دەرنەبڕیوە ئەوانی کەش ناوێرن ڕاستوڕەوان دانی
پیا بنێن چییان ئەوێ ! وە یا خو بۆ سەرلێشێواندنی خەڵکی عێراق و
بڵاوکردنەوەی دوودڵی و ناکۆکی لە ریزەکانیدا و کپکردنی
وورووژان و مەترسی دراوسێکانیان ئەم هەڵوێستە جیاجیایانە ئەخەنە
ڕوو .هەرچەندە لەگەڵ ئەمەشدا هەموویان لەوەدا کە ئەبێ حوکمی
دوای بەعس لە عێراقدا (حوکمێکی ئیسلامی) بێت هیچ ناتەبایییە
کیان لە نێواندا نییە . بۆ نموونە :ڕۆژی ١٩٨٢/٣/٢٧ سەرەک کۆ-
ماری ئێران خامنەئی، لە گفتوگۆیەکیدا لەگەڵ چەند مەلایەکی عێرا-
قی ،لە تاران ، ئەڵێ:(ئێران ناتوانێ دەستەوسان دانیشێت تا هێزەکەو-
رەکان چارەنووسی عێراق دیاری ئەکەن. هیچ دەوڵەت و میللەتێک ئە-
وەندەی ئێران هەقی نییە کە بەرامبەر دوارۆژی عێراق
هەستی لێپرسینەوە بکات ..... "ولایەتی فەقیە" خەتی
دوارۆژی عێراقە و ئیمام خومەینیش ڕابەری "ئوممەت"ی ئیسلامە
وە "ولایەت"ی ئیمام خومەینی هەموو موسلمانانە و بە سنووری
جوغرافییەوە ڕانا وەستێ ...ـ ڕادیۆی تاران بە عەرەبی) .ئیمام
جومعەی "قوم" لە خوتبەیەکدا ئەڵێ: (...خوا بیکا بەم زووانە
بە هێزی بازووی شەڕکەرە ئێرانییەکان صەددام ئەشکێنرێت .وە بە
دامەزراندنی حکوومەتی جەمهووری ئیسلامی بە ڕەئی خۆتان سەرەک
کۆماری هەڵدەبژێرن تەنیا ئەوەندە هەیە ئەگەر بتانەوێ ئەم کۆمارە-
ئیسلامییە پایەدار بێت و دەسەڵاتی ئیسلام لە وڵاتەکەتاندا
بپارێزرێت ئەبێ ڕابەرایەتی ئیمامی (ئوممەت) قبووڵ بکەن و
ئێران ولایەتێک بێت و عێراقیش ولایەتێکی ترو لە ژێر تاقە ڕابەی

ئیما م خومەینی‌دا بن .ئەگینا ئەوە بزانن کە بەم جۆرە ئەبێت
ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا ناهێڵن بە ڕەحەتی بژین ..- ئایەتوڵڵا
موشکینی - ڕۆژنامەی کەیهان ژمارە ١١٥٤٢) • آیةتوڵڵا ئەردە-
بیلی ئیمام جومعەی تاران لە خوتبەیەکی‌دا ئەڵێ: (ئێمە چەک بە-
دەست لە تەنیشت میللەتی عێراقەوە ڕادەوەستین تا وەکو چارەنووسی
خۆی ئەگرێتە دەست و ئازادانە لە بارەیەوە بڕیاری خۆی ئەدات .وە ئەگەر
کەسێ لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا ویستی ئەم میللەتە زۆرلێکراوە بێ-
تێپەڕکراوە سەر لە نوێ بخامۆ وەکوتی بەندەیی بە هەموو هێزمانەوە شەڕێکی
بێ ئەمان ئەخە لەگەڵ ئەکەین .... کەیهان - ١٠/نیسان/١٩٨٢) •نوێ-
ینەری خومەینی لە (گیلان) ئەڵێ : (..سپای ئیسلام ولاوانی سەرانسەری
وولات خۆیان ئامادە ئەکەن بۆ ئەوەی لە هەموو لاوە هەڵکوتنە سەر عێراق
تا (کۆماری ئیسلامی) تیا دا بەزێنرێت . - ڕادیۆی تاران بە عەرەبی-
١٥/٧/١٩٨٢) •
بەگشتی ئاخوونەکانی ئێران بیروڕای خۆیان بەرامبەر بە عێراقی
دووا ڕۆژ بەوچەشنە دەرئەبڕن کە ئاخوونە عێراقی یە پەنا بەرە-
کانیش وەک تووتی ،بەڵام بە ڕواڵەتێکی زۆرەوە ، ئەم قسانە ئەڵێنەوە :
(ئایەتوڵڵا زادە با قرحەکپم )کە پا لێوراوی ئێرانە بۆ سەرکردایەتی
عێراق لە بارەی ئەو کۆمارە ئیسلامی‌یەوە کە لە عێراقدا دا ئەمەزر-
ێنرێت ئەڵێ: ڕژێمی دوواڕۆژی عێراق ئەبێ تا بەرزترین پلەی
لەگەڵ ڕابەرایەتی "ویلایەتی فەقیە" ڕێک وکۆک وگونجاو بێت .
جونکە ڕابەری ولایەتی فەقێ ڕابەری هەموو میللەتانی ئیسلامە (!! )..
. وە ڕێبازی نە ڕۆژهەڵاتی ونە ڕۆژئاوایی بە باوەڕی ئێمە بۆ گشت شوێن-
ێکی دنیای ئیسلام وەکوویەکە بۆیە ئەبێ هەموو موسلمانان بە دل
باوەڕ بەم ڕێبازە بکەن ... - ڕۆژنامەی کەیهان ١١٥٤٨). لە
بەیاننامەیەکدا کە لە لایەن چەند ئاخوونێکی عێراقی‌یەوە لە (قوم )
بلاوکراوەتەوە دا وا لە (ڕۆحانی‌یەت )ی خەبات کەرو گەلی عێراق
ئەکەن کە هەستن و (حکوومەتی خوا )لە عێراقدا دا بمەزرێنن .

وەهەموو ئەو کۆمەڵ و دەستە و ئەو کەسە عێراقییانەی پەیوەندییان بە ڕاپەڕینی ئیسلامی عێراق و دروستکردنی دەوڵەتی ئیسلامی جیهانییەوە هەیە کە بایە و بناغەکەی بەدەستی "ئیمامی ئوممەت" وهیوای بێدەستەکان و ڕزگارکەری بەشبراوەکان خومەینی کەورە دا- نراوە) بانگی ئەدانە ئەکەن (کە لەم کاتە مێژووییەدا ئامادەی (غەزا = جیهاد)بن و چەکی لێ بکەنە شان و بچنە عێراق و مەسئوولییەتی ئیسلامی خۆیان قبوول بکەن .....)

گۆڤاری (صوت العراق) کە (الطلائع الدعوة الاسلامیة فی اوربا) بڵاوی ئەکاتەوە لە ژمارەی (٢٥)ی دا ئەڵێ: (کە لە موسلمانەکەمان لە عێراق پێشەکی نیازی شۆڕشە ئیسلامییەکەی خۆی داناوە و دەرخستووە، ئەو شۆڕشەی کە صەدان هەزار شەهید و گیراو و ئاوارەی لە بینا و دا داوە (!!)... ئەمە کە لەو پێشڕەوەکەی لە بزووتنەوەی ئیسلامیدا لەوانە نییە کە بسرەوون تاوەکوو حوکمێکی ئیسلامانەی عادیل پێک ئەهێنن، بە پەیڕەوی کردنی ئایەتی (ومن لم یحکم بما انزل اللــه فأولئک هم الکافرون).

هەندێ جاریش بە درۆ و بوچاوراو ئەڵێن کە وا ماڤی دیاری کردنی ڕژێمی دووا ڕۆژی عێراق هی گەلی عێراق خۆیەتی و کەسی تر نابی دەستی تێخات. بەڵام هەر لەو کاتەدا ئەوەش ئەڵێن کە ئاشکرایە کە لی عێراق لە کۆماری ئیسلامی و (ڕابەرایەتی ئیمام)بە وڵاو دەبیجی کە دەینا- وێت! وەبا ودکوتوبنەری ئێران لە نەتەوە دەیەککرتووەکاندا. لە وتووێژێک دا لەگەڵ ڕۆژنامەنووسەکان وتوویە: ئاشکرایە کە گە- لی عێراق سەربەستن هەر ڕژێمێکیان بوێت ئەوە هەڵبژێرن، بەڵام ئەگەر ڕژێمی کۆماری ئیسلامی پەسند نەکەن ئەبێ تێبکرێ (١٥٠ ملیار دۆلار زەرەر و زیانمان بدەنەوە!) جگە لەمە بەینا زیدا گیر- کردن ئاجبند خاکی عێراقەوە ....- دکتور رجائی ١٩٨٢/٧/٩،

ئاشکرا سەرنجدانێک لە قسەی ئاخوندەکانی ئێران و دووا کە- وتووە عێراقییەکانمان، لەبەر تیشکی ئامۆژگاری و ڕێنماندەرەکانی

هەواڵنامەی کتێب

خومینی "نائیبی ئیمامی زەمان و هیوابەخشراوانی جیهان!...و ...هتد." وە بیرکردنەوەیەک لەنرخی دینی وشیعەیی وپیرۆزی "کەربەلا" و "نەجەف" لای خەلکی ئیران وریزەشەری نیوان رۆم وعەجەم بەدریژایی صەدان سال، زۆرباش دەریئەخات کەئەو قسانەی لەبابەت مافی گەلی عیراق وئازادی ریژیمی خۆهەلبژاردنیەوەئەیکەن، وەئەوەی کەئەلین بەتەماین هەستێ لەخاکی عیراق نینچا وورا وودرۆیە. وەئەگەر ئیران توانی جیپییەک لەعیراقدا گیر کات بەئاسانی وئاشتی دەستی لیهەلناگریت. ئەمەبەگشتی، جا، ئەخوازەلا داگیرکەرەکەش خومینی بیت کەمرخی لەدامەزراندنی دەولەتیکی ئیسلامی جیهانی خۆش کردووەوئەیەوی (بەخیر)هەموو زۆر لیکراووبەشبراوانی سەرئەرز بخاتە ئازادی وخۆشییەوە!! وەدنیا ئامادەبکا بۆهاتنەوەی (ئیمامی زەمانمەهدی چاوەروانکراو)!!!! کەحوکمی عالەمی تەسلیم کات (!!؟!)

لەگەل ئەمانەهەمووی‌دا ئیران وخومینی هەرنیازیکیان هەبیت ئەوەی گومانی تیانییەئەوەیەکە لەکاتیکا خەلکی عیراق بەکوردوعەرەب وتورکمان وشیعەوسونی ومەسیحییەکانیەوەدژی ریژیمی صەددامی خوینریژن وەهەندیکیان بەسەرومال خەبات ئەکەن بۆلابردنی ریژیمەدیکتاتۆرییەدرندەکەی، ئەم خەباتەیان ئەیۆئەوەکردووەونەبۆئەوەش ئەیکەن کەخومینی بیتە جیگەی صەددام. وەئەمەنەک هەربا وەروەئی سونییەکانە بەلکو شیعەکانی عیراقیش لەم باوەرەدان. دەلیلی ئاشکرای ئەم قسەیەش ئەوەیە کەلەگەل ئەوهەموبانگ وهاوارو بەیانناممەوپروپاگاندەیەی خومینی ودا وودەزگاکەیدا کاردانەوەی گەلی عیراق بەگشتی وەهی شیعەکان بەتایبەتی یەکجار کەم ونابایەخبوو. ئەگینا، لەکاتیکدا کەگەلی‌کوردبەتوندی دژی ریژیمەکەیەوهیزە شۆرشگیرەکانی هەمیشەلەخەباتی چەکدارانەدان دژی، شیعەکەزۆربەی خەلکی عیراق پیک ئەهینن، ئەگەرباوەریان بەقسەوداوا وئامانجی

خومەینی ببوایە دەمێک بوو صەددامی خوێنڕێژ هەرەسی هێنا بوو. نەک هەرئەمە ئەولەشکرەی ئەمرۆ بەری هێرشی ئێرانی پێگرتووەو بێباکانە لەپێناوی پاراستنی تەختەکەیدا ئەیاندا بەکوشت بەشی هەرەهەرەزۆریان شیعەن !!

لاموایە مەسەلەی ئەوەی کەگەلانی عێراق بەچ خۆشییەکەوە بە پیرسەرکەوتنی شۆرشی گەلانی ئێرانەوەچوون هیچ پێویست بەباسکردن نا کات چونکە تەنانەت هەندێ لەهێزەشۆرشگێرەکانی ئەوەندەبەگەرمی بەپیریەوەچوون هێشتا ئەوسەرخۆشییەبەرینەدا وون! جەماوەری زۆرلێکراوی عێراق بەدڵ لەوبا وەرەدا بووکەبەرزکاری ئێران لەستەمی ڕیژیمی شاهەنشاهی بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلانی هەریمەکە بەگشتی وهی عێراق بەتایبەتی پشتیوانێکی دڵسۆزیان دەسکەوت و ئیمپریالیزم وکۆنەپەرستی قەلایەکیان لەدەستچوو. وەئەوئازادی وديموكراتی یەی کەڕیژیمی دوای شۆرش لەئێراندا دەئەمەزرێنێ نموونەیەکی هاندەرئەبێ بۆبەشوێندا- ڕۆین وپەیرەویکردن لەلایەن گەلانی هەریمەکەوە. بەلام بەداخەوەبەشی زۆری ئەم هیوایانە خەبالێپلاودەرچوون ! :لەباتی ڕیژیمێکی دیموکراتی پێشکەوتن- خواز ،ودانی مافی نەتەوایەتی بەگەلەچەوساوەوزۆرلێکراوەکانی ئێران،دیکتاتۆرییەکی دینی خوێنڕێژی کۆنەپەرستانەیدژی گشت شرخ وپایەیەکی بەرزی شارستانێتی دامەزرێنرا ،لەسەربناغەی فەلسەفەی کۆمەلێ قسەی خەرافی وبێسەروپێ،ئەمانەش هەمووی بەناوی ئیسلامەوە .لەکاتێکدا کەهەروەک حکوومەتە کومیونیستەکەی "پۆل پۆت"ی قەلاچۆتێخەری "کامبۆچیا "پێی ئەووترا (کومیو- نیزمی دەوری بەرد )بێسیودوونەتوانین بەڕیژیمەکەیخومەینیش بلێین (ئیسلامەتی دەوری بەرد)بۆنموونە هیچ دوورنەروین : ئەوەکورد لەکوردستانی ژێردەستی ئێراندا ،بەرابەرایەتی نیشانەی خوا وگیانی خوا ،نایبی ئیمامی زەمان کاریکیان پێئەکرێت لەکوشتن وبرین وماڵکاولکردن دا کەمەگەرهەردرۆزن لەگەل صەددامی

(کافر) فەرقیان بکات!! هەمووشی لەسەرئەوەی کەداوای بەشێکی زۆرکەم لەمافی ڕەوای نەتەوەیی خۆیان ئەکەن!! ئەمەجگە لەو هەموو زولم وزۆرەی گشت گەلانی ئێران لەژێریا دەنالێنن.

لێرەدا پێویستە ئەوەش بگوترێ کە دوژمنایەتییە (کاتی)یەکەی خومەینی بەرامبەر ئەمەریکا، کە لەوەئەچێ هۆی گەوردی کەرەبەتی (ئیدارەی ئەمەریکی) بێ نەک ناکۆکییەکی بنچینەیی سەرەکی، ئەم دوژمنایەتییەکانییە پەردەیەکی دژایەتی ئیمپریالیزم، وە ئەوهەلی بەرگرییەش کەپەلامارەنامەردانەکەدا گیرکەرانەکەی صەددام بۆی هەلخست پەردەیەکی تیشتمانپەرستی دابەسەریا، کەوا بتوانێ کۆنەپەرستی وئیمپریالیزم دۆستی وخوێنڕێژی وگەل دژی ڕێژیمەکەی لەژێرا بشارێتەوە. کە بێگومان باش بەسەرچوونیئەو هەلومەرجانەبەردەلەرووی ڕێژیمەکەی دا ئەمالرێت وئەوەش وەک ڕێژیمە (دیموکراتییە سۆشیالیستەکانی) زادیخوازە شۆرشگێڕەکەی عێراق) لەقوژبنێکی تەوپلەکەی ئیمپریالیزمدا ئەیبیننەوە.

عێراقی باش صەددام ملای ئیمپریالیزم وکۆنەپەرستەکان

---

ئەوی بۆسەرنجدەر دەرئەکەوێت ئەوەیە کەئیمپریالیزم وحکوومەتە نۆکەرەکانی لەهەریمەکەدا، ئەوەندەنا هومێدن لەوەی کەبەکێک بدۆزنەوە جێگەی صەددام یا هۆبگرێتەوە ئێستە بەزۆری خەریکییا دکردنی کۆمەک وپشتیوانیکردنی صەددام، ئنجا چبەو هیوا بەبێت کەبتکو خۆی بگرێتەوە وڕێژیمەکەی هەردس نەهێنێ وئەوانیش نەخانەئەوچەرمەسەرییەوە. یا بەنیازی ئەوەی کەهەرچونێک بێت بەرگرییەکەی ئەوەندە دەوام بکات تائەمان جێنشینێکی بەدڵی خۆیانی بۆئەدۆزنەوە!. ئەگەرچی ئێستەلەم مەسەلەیەدا زیاتر ووریانەئەجوولێنەوە. چونکە بۆیان دەرکەوتووە کەناوی هەرکەسی بهێنن وەک جێگری صەددام نەک هەر لای گەلی عێراق، لای صەددامیش خوێنی ئەکەنەکاسەوە!

پاڵێوراوی ئیمپریالیزم و دەوڵەتە کۆنەپەرستەکانی عەرەب
هەر ئاوێک وکاریکی هەبێت گرنگ نییە ،گرنگ تەنیا ئەوەیە
دڵنیا بن لێی کەوا ئەتوانێ ،بەهاوکاری سعوودییە ،بەرژەوەندییە-
کانی ئیمپریالیزم بپارێزن ، وە هەتا باری ئێران بەلایەکدا ئەکەوێ،
ئاگایان لەوورد دەوڵەتەکانی خەلیج بێت کەوا پرۆپاگاندەی میدیای
ئیمپریالیستی وها شوهووشی ئاخوونەکانی ئێران زارەترەکی کردوون،
هەرهیچ نەبێ ئەوەندە تا ئەمەریکا بەفریایاندا ئەگات!!
ئاشکرایە کە باشترین رێگە بۆگەیشتن بەم جۆرە ئامانجە
ئیمپریالیستییانە "کودێتا"یەکی عەسکەرییە .بەڵام توندوتیژی
دیکتاتۆرییەکەی صەددام، ئەو بڕ و کوشتن و بڕینەی لە دۆست
ودوژمنی کردووە وئەیکات وبڵاوی وتەنینەوەی تۆری (ئەمن)و
(موخابەرات) لەناو سپادا بەتایبەتی، هەلی کودێتا یەکی بەکەڵکی
لێ بڕدوونە بەست .مەگەر لە حاڵێکدا بۆیان بکرێت کە صەددام دووچاری
شکانێکی تەواو ببێت ،کە لەم کاتەشدا کودێتا ئەو بەرە ئاداتە کەوا
ئەوان بەتەمایەن ، چونکە لە لایەن گەلانی عێراق وهێزە شۆڕ-
شگێڕەکانیان و رژێمی (سەرکەوتووی) ئێرانیشەوە بەتوندی پەلامار
ئەدرێت .وە شکانەکەیان دوو- چەندانە ئەبێت .
سەرەڕای ئەمانەو ئەوەهە مووقۆرت و کۆمپانەی وان لە رێگەی
ئیمپریالیزمدا بۆپێنە کردنی شکانی صەددام و پێکەوەنانی رژ-
یمێکی دۆست لە عێراقی پاش صەددامدا ، سەبارەت بە گرنگی
ئابووری وستراتیجی وسیاسی عێراق لە پرۆژەدا گیرکەرانەکانی
ئیمپریالیزمدا لەهەرێمەکەدا ،نابێ بۆ چاوتروکانێک باوەڕ بەوە
بکەن کە هەتا ماوە وازلە دەسیسە وپیلانە هێنێت ولەگەڵ گەلانی عێراق
ئەگەڕێت کە مافی ڕەوای خۆیان بەکاربهێنن بۆ دامەزراندنی ڕژ-
یمی دڵخوازی خۆیان . بەپێچەوانە هەمیشە وبەگشت جۆرە بڕوهیانو-
یەک و لە هەموورێیەکەوە خەریکی جێبەجێکردنی پیلانە خوێنمژانە
داگیرکەرانەکانی ئەبێت .

ئەچێتە لاپەرە (٨٨)

# پێویستی ستراتیجی یەکی نوێ

> اهۆی هدنیزا ردسیندمووتا ڕانەندوەسەکدا وە
> ڕۆکەکانی تەنها لابەسەدوراستە ودیا نەنەنیا نیار
> لەبڵاوکردنەوەیائەوەیە کەحوێندەوارن بزانن کە
> هێکانەچۆن وەلە چ باری سەرجێکەوەدەڕوانسە حاک
> وەتەوەکورد وەبڕوونەوەکوردا بەتی ٠١

لەپاش ئەوەی کەکوردەکان لەسەدەی حەوتەمدا بوون بەموسڵمان بەشداریەکی بەنرخوبایەخداریان کرد لە فەرهەنگ (= ثقافە، کەڵچەر)ی ئیسلامیدا ،وە رۆڵێکی گرنگیان یاریکرد لەسیاسەتی هەرێمەکەدا .لەگەڵ ئەمەشدا زۆری هێزی سیاسی وعەسکەري خۆیان هەمیشەلە ریگەی ئەوەدا بەکارهێناوە کە پاکژی نەتەوەییان وەک خۆی بمێنێتەوە . لەسەدەی (١٢)هەمو (١٣)هەمدا بنەماڵەی ئەیوبي کورد شکاندنی سەلیبی یەکان و ئازادکردنی "قودس" ، وەیەکخستنی دەوڵەتەکانی عەرەبیان گرتەئەستۆ ،وەجێبەجێکرد .فەرماندەری هەرە قارەمانیان "سوڵتان سەلاحوددیین"بووە .هەروەها ئەو پەیمانەی لە (١٥١٤)دا لەنێوان ئەمیرەکوردەکان وسوڵتان سەلیمی عوسمانیدا پێکهات گرنگییەکی گەورەیبوو لەوەدا کەعوسمانییەکانی والێکرد کەبتوانن بەربەستی تەنینەوەی دەسەلاتی فارسەکان بکەن .

لەکاتێکدا کەئەم پەیمانە مانەوەی سەربەخۆیی (میرنشینی)ە کوردەکانی بەعوسمانییەکان قبووڵکردبوو ،هەندێ هۆیتر هەبوون کە پەیوەندی نێوان کورد و تورکیان لێڵ دەکرد .لەمانە ،هەرەگرنگەکەیان دەسەپاحەبیولێنەوەشاوەیی رووڵەزیادي سیاسي وآبوري ئیمپراتۆرێتیعوسمانی بوو ،کەبووبووە هۆی داواکردنی لەشکری کورد بۆیارمەتی

هەواڵنامەی کێبڕ

دانی لە بەربەستکردنی شەپۆلی یەک لەدوای یەکی پەلامار دەرە رووس و فارسەکاندا .

ئەم دەستدرێژییە بۆسەر "ئۆتۆنۆمی کورد" ولێدا بی‌پەنەی، وەئەو وێرانکاری یەی بەسەر ناوچەکانی کوردهێنرا لەو پەلاماردانانەدا بوون بەهۆی زنجیرەیەک شۆرش لەلایەن کوردەکانەوە لە سەدەی(١٩)هەمدا (١٨٠٨، ١٨٣٣، ١٨٤٠، ١٨٥٥ وە ١٨٨٠). *بەلام ناکۆکی سیاسی ناوکوردەکان خۆیان وە زییرەکانەجوولانەوەوکەلک وەرگرتنی سولتان لەم ناکۆکییانە بووبەهۆی ڕوولەکەمبوونەوەکردنی "ئۆتۆنۆمی"کوردە. تەنگ پێ‌هەلچنبین وئازاردانی کوردەکان بەچەشنێکی لە ئەندازە بەدەر زیادبوو کە" لاوە تورکەکان "دەسەلاتیان گرتەدەست لە ١٩٠٨ دا

بەدرێژایی شەڕی یەکەمی جیهانیەهەتا بڕانەوەی کوردەکان زیاتر کەوتنە ژێردەستی عوسمانی یەکانەوە .هەرچۆنی بێ ڕووخانی ئیمپراتوریەتەکە کوردەکانی لەپێشەوەخستە ژێر دەستی هێزی ئیمپریالی،وەلەوەدوواش ژێرحوکمی نەتەوەیی عیلمانی یە (= seqular )جێگرەکانیا(واتەکەمالی یەکان).

هەر پاش "شەڕ- وەستاندنی مودروس" (تشرینیەکەم = ئوکتوبەر ١٩١٨)وپەیمانەکانی ئاشتی لەگەڵ تورکیا دا (سیڤەر،ئاب = ئوگست ١٩٢٠،وە لۆزان تەمووز ١٩٢٤)سەرکەوتووە کۆلۆنیالیستەکان وابان پیشاندەدا کەلایەنگری دورستکردنی کوردستانێکی سەربەخۆن.هەرچۆنێک بێ دوو دژواری یەککەوتن بۆ ژێرخستن و سەرنەگرتنی گشت ڕێتێچوونێکی سەربەخۆیی .لەکاتێکا کە کۆلۆنیالیستەکان بەئاسانی دەیان توانی هەندێ شوێنی واتەرخان بکەن بۆکوردستان کە هیچ نرخێکی ئابوریان نەبێ شوێنی کەی کەنرخێکی ئابوری شار- راوەی زۆرتریان هەیە- وەکو

هەرێمی لەنەوتدا دەوڵەمەندی مووسـل ـ بەلایانەوەوا
بوو یا (ئامادەنەبوون بۆسەربەخۆیی وەیا "هی کورد نەبوون".
هەرێمەکانی کەوەها بوون بەدەسـبلاویەوەخرانەژێر "ئاگا ـ
داري و پارێزگاريِ" کۆمەلی نەتەوەکانەوە (=عصبة الأمـــم "
لەوەدوا جەنگی ئازادیخوازانەی تورک بوبەهۆی ژیا ـ
ندنەوەی هێزی عەسکەريِ تورک . ئەمەبەتێکەڵي لەگەڵ ئەو*
بەڵێنەی کەمالی‌یەکاندا کەوا کۆماری تازەی تورکیا بناغە
کەی هاوبەشي "راستەقینەو یەکسان"ی نێوان تورک وکورد
دەبێت ، هەلی ئەوەیان بۆ تورکەکان هەڵخست کەبتوانـن
ئیمتیازی زۆرتر لە کولونیالیستەکان بسێنن ، هەروەهـا
بوون بەهۆی هەڵتەکاندنی بناغەی داخوازی کوردەنەتەوە ـ
یی‌یەکان (واتە ئەوانەی داوای دەوڵەتێکی‌سەربەخۆیان دەکرد)
ئەنجامی دووایی ئەم حالەئەوەبوو کەوا کوردەکان ،
جگەلەوانەی ئێران ، دابەشکران لەنێوان "کەمالی‌یەکان"
وکاربەدەسـتە کۆلۆنیالی‌یەکانی عێراق وسووریەدا .
بەبێ یارمەتي کوردەکان "کەمالی‌یەکان" نەیاندەتوانی ـ
لەشەڕی سەربەخۆیي دا ،بەسەر لەشکری داگیرکەری یۆنانا
سـەرکەوون . لەگەڵ ئەمەشدا کە "خەلافەت لابرا لە١٩٢٤ دا
قوتابخانەکوردی‌یەکان ، بلاوکراوەکان ،وەرێکخراوەسیاسی
یە کوردی‌یەکانیش قەدەغەکران . جووتگرتنی ئەمجۆرەکردە ـ
وانە لەگەڵ ڕەوشتی‌زبرودرشتي سپای کەمالی‌یەکان لەناوچە
کوردی‌یەکاندا بوون بە هۆی هەڵگیرساندنی‌گەلێ شـــۆرش
لە ١٩٢٥ وە ،

هەموو شـۆرشەکانی ئەم سەردەمە بەپێی یەک سـەرمەشـق
ڕۆیشتوون لەوەدا کەهەموویان بەتێکڕایی بەرامبەربەدەس ـ
درێژي بێ‌ئەندازەی "کەمالي" هەڵگیرسـاوون ،وەلەسەرەتادا

تا رادەیەک سەرکەوتووبوون ،بەلام لەباتا لەلایەن هێزێکی بەکجار زۆرەوە شکێنراوون .وەدووا بەدووای ئەوەش دوو-جاری مەینەتي وئازاردانێکی زۆری فراوان کراوون •

لەشەڕی "دەرسیم"دا تورکەکان ڕێگەی هیچ پێشکەوتن-یکیان نەبوو تاوەکو بەرهەڵستیی کوردەکان ،سەبارەت بە رووکردنەبڕانەوەی تفاقیشەڕ،کزنەبوو• "کەمالیەکان" لەدووا هێرشیاندا لەئاخرئوخری ١٩٣٨ داکەوتنە "پاککردنەوە" یەکی بەدەمەستانە دژی کوردەکان بەکوشتن ودوورخستنەوەی ملیون ونیوێکیان •

کەگەمارو= تطويق،محاصرەی توپ وفڕۆکەی کەمالیەکان دووا شوێنە سەختەکانی بەرگری کوردەکانیان خستەکەمي و کزي، کوردەکانی تورک بوون بەهێزێکی لەرووی سیاسیەوە کەنەفت وپەککەوتوو. هەر زوو ناوچە کوردیەکانی تورکیا لەهاتوچوی بێگانە قەدەغەکران (وەهەروا هێشترانەوە تا ١٩٩٥) وەخرانە ژێرحوکمێکی داگیرکەری شێوە- عەسکەریەوە.

لەکاتێکدا کە "کەمالیەکان" لەوەدا سەرکەوتن کە کوردەتورکیەکان لەڕووی سیاسیەوە لەناوبەرن ،ڕێژیمە نەتەوەپەرستەکانی تر بەرەنگاری دژوار ڕێگەورەتر بوون جوولانەوەباتا بەرامبەر بەکێشەیکورد (Kurdish problem).

دروستکردنی دەولەتی عێراق وەکردنی "شازادەفەیسەل"ی کوری شەریف حسەینی حیجاز بەمەلیکی لە ١٩٢١ دا ،بووە هۆی سەردەمەشۆرشێکی کورد کەماوەی (٢٠)سال دەوا میکرد. تەنیا بەشکاندنی شۆرشەکەی ١٩٤٣ کە لەلایەن شێخ ئەحمەد و مستەفا بارزانیەوە رابەری دەکرا ئنجا بەریتانیا توانی سەردەمێکی لەجاوخویا ئاشتي لەهەرێمەکانیکوردی عێراقدا بهێنێتەدیی •

(دەچێتە لاپەرە- ٨٣)

# دیوانی چریکە

## نەورۆز

"ئەم شیعرانە کەبۆنەورۆزی ١٩٨٢
دانراوەشەوی ٣/٢٧ لەئاهەنگی
نەورۆزێکی یەکگرتوودالە (لەندەن)
لەلایەن کاک هاوڕێدانەریەوەخوێ-
ێنرایەوە ."

سالەهایە پەل دەکوتیین بەناو ژیانی ئالۆزا
وەک دێوانەی کەشکۆڵ بەدەس دەگەڕێین بەدووای نەورۆزا
ئەونەورۆزەی سەری ساڵی ڕاستەقینەی ژیانمان بێ
یەکەمدێڕی پەڕەی مێژووی ڕزگاري کوردستانمان بێ
وەک هەتیوێ چۆن وێڵ دەبێ بەدوای دایکی لێوون بوویا
سەربەهەرلایەکدا بکا ،هەموو دەس بنێن بەڕوویا
یا وەک مەلێ لانەشێواو ،وێڵ بێ بەئاسمانی لێلا
بەبێهوودە بخولێتەوە بەدووای خێڵ وباری خێلا
ئێمەش وێڵ ودەربەدەرو آوارەومال وێرانیین
لانەشێواو وسەرگەردان ، لە قافلەی گەلان جێماویین
خێلەوخوار و خێلەو ژوورمان لەکۆچی میللەتان ناچێ
بۆیە دوژمن بەئارەزووی دلی خۆی دامان دەپاچێ
لائەدەین لەڕاستەڕێگەی سەرکەوتن و ڕزگاریمان
دوژمنی خۆمان ناناسیین،لەبەرکورت- بینی وخوارپمان
کوێرانە داومانەتەبەر ، هیچ جارێ ناگەینەئەنجام
بەدووقسەی لووس وباریک ، بەلێنێکی ساردوبێتام
باوەڕ دەکەین،فریودەخۆین ،هەروەکوو ئینسانێکی خام
کەسەیردەکەین ودەڕوانیین: عەینی تاسەوعەینی حەمام

جارێکی تر لەنووکەوە، ڕێیەکی‌تر دەگرینەبەر
ئەمجارەش وەک جاران بەشمان دوڕاندنەورەنجی‌بێوەر
نازانیین چۆن لەم گێژاوەسەختەی ژیانمان دەرباز بیین
شان بەشانی میللەتانی‌پێشکەوتووی ئازادیخواز بیین
ئەومیللەتەی تووشی دەردی براکوژی بێ،تاماوە
قەت‌ناگا بەئاواتی خۆی‌هەمیشەهەربەشخوراوە
خۆپەرستي بەجۆرێکی گەوزاندووین لەقوڕ وخاکا
قەت‌بای زریان وڕەشەبا بەدەواری شڕی ناکا.

وادیارە لەناوچەوانی ئەم گەلی کوردە نووسراوە
دەبێ هەر ڕەنجی بێوەربێ ومایەپووچ بێ هەتاماوە
شەهیدبێ بەدووای شەهیدا، کوژراوبێ بەدووای‌کوژراوا
کۆچ وباری ئاوارەبێ لەدەشتی چۆڵ وبێ ئاوا
زیندانەکان دیواخانی تێکۆشەر و ڕۆشن بیربن
شەقامەکان جێگای ڕیزی سێدارەی لاوان وپیربن
لەجێی گۆرانی‌و ئاهەنگمان زڕەی کەلەپچەوزنجیربێ
قەدەغەی بیروباوەڕبێ، لەهەموولا ڕەشبگیربێ
نابڕێتەوە ڕێی کاروانی شەهیدي خاکی کوردستان

کەس ویژدانی بۆی ناجوولێ لەم‌پەڕتا ئەوپەڕی‌جیهان
کەی دێتە دي ئاواتەکەی"ئەحمەدی‌خانيِ"ی دڵسۆزمان
کەی هەڵدەکرێ‌ئالای بەرزی نەتەوەی کوردی پیروزمان
دەترسم هەربەو داخەوەسەربنێینە ناوخاکەوە
بنێژرێین بەناهومێدی‌و بەدڵی حەسرەتناکەوە
دەست‌نەکەینە ملی بووکی سەربەخۆیی وئازادیمان
بەچاوی خۆمان نەبینیین نەورۆزی پڕلەشادیمان
تاکەی هەروا خۆش‌باوەڕ وساویلکەبیین فریوبخۆین
تاکەی بۆزوڕناودەهۆڵی سێ ڕۆژ ڕێگا بەتاوبڕۆین

نەش زانیین کام دەهۆڵ ڕاستەو کام زوڕنا بۆچا ووڕاوە
تەنها هەر زوڕنا و دەهۆڵ بێ لەلامان ڕوایە تەواوە !
بەدەنگی زوڕنا و دەهۆڵی دوژمن هەلپەڕیین تاوانە
لاناچێ و پاک نابێتەوە مۆری شەرمی ناوچەوانە
ئەوکەسەی لەشایی گورگا هەڵپەڕێ وسەرچوپی کێش بێ
خۆی بەگورگان ـ خواردوو ئەدا بالای مام گورگیش لەپێشبێ

* * *

ساڵەهایە دەم بەدوعاین کاوەیەک بێ ڕزگارمـ
لەگێژاوی دووبەرەکي و لەخۆخۆری دەربازمان کا
تا بەتەمای کاوەیەک بیین ئەژدەهاک بکوژێ بەخەیاڵ
نەکاوەمان دەسگیردەبێ ونەئەژدەهاک دەنێینەچاڵ
دەبێ میللەت خۆی کاوە بێ ، هەرخۆشی چەکوش وەشێن بێ
هەرخۆی پاڵەوانی مەردو نەبەردی دوژمن بەزێن بێ
زەلام پەرستي تاوانە وەکو بت پەرستي وایە
ئەو میللەتەی بت پەرست بێ هەتاکوماوە ڕسوایە
ڕاستییەک هەیە با دانێپیا بنێین کەساڵەهایە
چاوی خەوالووو ئالۆزمان هێشتا لەڕاستیهەڵنا بـ
هەڵسەنگاندنی ئەموئەوبەتای تەرازووی تێکـ
نابێ بکێشری بەسەنگی درۆی زل وخۆهەڵکێشان
تێکۆشان هەرتەنیا دەبێ بەسەنگی کوردەواري بێ
نەوەک بەسەنگ ودەسنگەی بێگانەی شەرمەزاریبێ
پارووییەک بەدەستی دوژمن بکرێ بەگەرووی ئینسانا
بۆسەرشۆڕی ورسوایییەو ملکەچییەلەژیانا
پاشماوەو چڵکاوی دوژمن هیچ کەسی پێ ڕزگارنابێ
لەبرسا بمرێ چاترە لەوەی ملکەچ ورسوابێ !

* * *

هەمووساڵێ وەکوسالان بەزم وئاهەنگ وسەیرانە
شایی وزەماوەندمان گەرمەهەڵپەرکێهەمووی بەشانە

بەڵام ئەوەی لامان وایە ، نەورۆزوشایی لۆغسانە
لەڕاستیدا شایی نیە ، شیبن وشەپۆڕ وگریانە
لاوانەو قوڕپێوانە ، هەناسەی سارد هەڵکێشانە
بۆکوردستانی ژێردەست وپا رچەپا رچەی ماڵ وێرانە
نەورۆزی ڕاستي ڕۆژێکە :نەتەوەی کوردی سەرگەردان
ڕزگاری بێ لەدا ماوي و لەچەوساندنەوەی ناوزیندان
لەژێرئالای سەرکەوتن وسەربەخۆیی‌کوردا شادبێ
لە کۆت و.زنجیری‌دوژمن ڕزگاربێ هەمووی ئازادبێ
ئەوسا ناوی دەنێین "نەورۆز" ،سەریسالی‌تازەی ژیان
ئەوسا هەستدەکەین ئینسانین سەربەرزین وەکومیللەتان

* * *

## لاوکی ئازادي

هەرچیم‌هەیەلێم بسێنن.. بەڵام‌توخوا بەرلەوەی‌کەبممرێنن.
چنگی خۆڵی وولاتەکەم لەدڵەکەم بپژێنن .
*
هەرچیم‌هەیە لێم‌بسێنن .. هەرجی‌ئێسقان لە لەشمایە
یەکەیەکەهەموبەگازدەربهێنن. بەڵام توخوا !
نەکەن هەرگیز چڵێ داری ئەمنیشتمانەبشکێنن. .!
هەرچیم هەیەلیم‌بسینن * مووی لەشی خۆم
تاڵ تاڵ هەمووی دەربهێنن وەک گوریسێک بیچنن و
بمخنکێنن. بەڵام نەکەن. توخوانەکەن !
تاقە بەردێکی .. ئەم خاکە بسوتێنن ..!.
لەدیوانی"وشەی‌جوان گوڵەگوڵ"ی (ل. هەلمەت)ەوە

*

هەتا وەک آگری بن کاڵەگەڵ یەک
ئەگەر تۆفان بێ‌لەشکرتا بەپووشەک . (حاجي قادری کۆیی)

# سنوور

(شەوێ "٢٧ی تیر" ١٩٨١/٧/١٨ ،بەلووتکەیە
کی بەرز وباگرەوە بەپشتی "نیسوزەنگ"ەوە
لەبەر تریفەی مانگەشەو هۆنراوەتەوە)

پیاڵەیەکم بادەی لێوان
لەشیری سپی مانگەشەو داببەشاخی بەرزی "ناوزەنگ"
ئەویش پیاڵەیەک لەهەوای شیعراوی کوێستانی دامێ
من نۆشمکرد
گفتوگۆمە لەگەڵ شاخیبەسالاچوو
ئەپرسم لەپۆپی بەفرین،حاڵیمناکەی؟
تۆ واسەربەرزی بۆگرژی ؟!
داڵغەت چییە
لەتاڵی شین، شیرینی ژین ؟
لەنەزیلەیکوێنی ڕۆژگاری دێرین ؟
چي خەیاڵی وورووژاندووی ؟
ووتی: گرژم ! بۆگرژنەبم ؟!
گوڵاڵەی بنارەکانم ،
ئەگەرسوورن ئەگەرشین،
کۆستکەوتوون و دڵ برین
ڕووبارەکان:
لەکۆشمدا لێمبوونە زنجیری سنوور
"مەم"یان لە "زین" جیاکردەوە
یا "سیامەند" بەشوێن نیچیری ئاواتا
لەتافی هەزاربەهەزاری ڕەووزم
کەتەخواری.
کانییەکان و دارگوێزەکانم ڕەش پۆشن
کاڕێزەکان چیمەنتۆ و قوقوشم ئەنۆشن

هەورم تێکەڵی دووکەڵە
هەورەکانم
لەجێی باران فرمێسک ئەگرن

*

پیاڵەیەکم لەتیشکی مانگ لێوان کرد و
دام بە "ناوزەنگ"
ئەویش لەهەوای شیعراوی کوێستانەکەی
پیاڵەیەکی پێنۆش کردم !
ووتم : ئەی شاخی شۆخوشەنگ
بېڕە لەهەوری ئاسمانت
فرمێسکی گریانی دلتەنگ .
تەماشاکە !
کۆشت پڕە لەئەستێرە .
کام ئاسمان خەیاڵی سەروەریت بکا ،
ئەستێرەکانی داوێن ودۆڵ وکۆشت
بەگژیا دێن .
دارگوێزەکان .. گەڵای سەوزیان کردوتەبەر
لەناوچاوانی کانیەکان.. ئەستێرەکان
سوورئەدرەوشێن
رووبارەکان سنوور نیین و
پەیامی شادیان پێیە
لەکوێستانیشۆرشەوە
بۆگەرمیان
بۆشارەکان
ئاگات لێیە ؟!
سنوورمان سڕیوەتەوە !
زنجیرەکانت ڕزیبوون
دوژمنانت .. لەپاڵەپەستۆ خزیبوون.
ئەستێرەکانی ئەمبەرو... ئەوبەری ڕووبارەکەت
دەیان بینم .. کەپێک دەگەن
کەلێک دەگەن

پۆپی بەفریین .. وەک شەوقی شپری مانگەشەو
سەرتاپای پڕبوولەبزە،
ناوچاوی گرژی کردەوە
ڕوانییە مانگ،
ڕوانییە خوێنی شەهیدان،
ڕوانییە من قەسەمی دام:
بەگیانی " خانەی موعینی"
ووتی : تو گیانەکەی "خانە" !
تو گیانەکەی" شەهیدئارام" ! سوعبەت ناکەی ؟
بەڕاستیتە، زنجییرەکانم ڕزیوون ؟
ڕووبارەکان ، زنجیر نین و
پەیام-بەرن بۆشارەکان ؟
ئەگەر وابێ،بەم پیرۆیە دێمەسەما
کراسی بەهارلەبەردەکەم
نووری پیرۆزی بروسکە دەدەملەلووتکەیسەربەرزم
سابۆم تێکە ، لەبادەی شپری مانگەشەو
نۆشانۆشکە .. لەهەوای شیعراوی کوێستان ا
سوێندیشت ئەدەم بەمێژوو
سوێندتان ئەدەم ئەی گەلی کورد :
بەخوێنی گەشی شەهیدان
ئیترمەبەن ناوی سنوور
نزیک ودوور
باسی هیچ سنوورێک مەکەن
من شاخێکم ... کەواسنگم ... شەقارشەقارەبەسنوور

*

دیسان لەشپری مانگەشەو
پیالەیەکم تێکرد بۆئەو
منیش یەک پیالەی پڕهەوای شیعراویکوێستانم
نوۆش کرد

ووتم ئەی کێوی کۆنی کورد :
زنجیرەکان فڕێ ئەدەین
هەم لەعەرزو هەم لەئاسمان
سنوورەکان ئەسڕینەوە
چونکو سنووری مەزنی
دیواری "چیین"
دێڵیینەوە،
سنووری بەینی خێر و شەرر
سنووری بەینی گورگ ومەرر
دوست ودوژمن لەیەک جیاکەر
ئەوسنوورە دێڵینەوە
تا گورگەکان ئەخنکێنین
تا دوژمنان ئەتوێنینەوە..
سنوورەکا ئەکوژێنەوە

کاتێ شاخی بڵندی کورد
ئاخرپیالەی مانگەشەوی
نۆشانۆشکرد
سەرخۆش ومەستی ئاسۆبوو
کەبوو لێلێکی روونی سوور
ئاسۆی داگرت
منیش ئاخر بادەی ساردی
هەوای بەیانم هەڵمژی
دەستم کردە
ملی خەوی بەربەیانی
دەروونم لەسەمادا بوو
سەمفونیای دنیایەکی نوێ
لەگەڵ هەستم لێک ئالابوو •

(ئەم شیعرانەهی‌برایەکی کوردی ئێرانێ)
(بەداخەوە ناوەکەیمان نەزانی. )

# [ سەرگوروشتەکەم ]

(سەرگوروشتەی ئانازی مالێکی ئاوارەی کورد
کەباوک وبرا حەنگاوەرەکەی بوونەقوربانی سەر-
بەخۆیی کوردستانی ئازیز — ش . بێکەس ١٩٦٠)

(١)

سەرگوروشتەیەك ئەزانم
بوتە پەندی رربی ژیانم
تیر نابم لێی ئەیلیمەوە
ئەزانی چی ؟
گورانیەکەی کوردستانم
گەر ئەتەوی پێکیرمەوە
گوی بگرە لیم
با پیت بلیم :
ئەك پیرسی من چیم
من کیم ؟
کلمەیە رریم
بەرەو کام مەبەستو هیوا
بو کام بررِوا ؟
هەنگاو ئەنیم ،
پیش کەش بێ سەرگوروشتەکەم
بە وولاتە ژیر دەستەکەم
بە سورانم ، بە بوتانم

بە شەمدینان ، موکریانم
بە یەزیدی کورد رەگەزم
مەردی مەیدانی نەبەزم
هاودەمی نامەی مەبەستم
- رریی کوردایەتی پەررستم -
بە جوانروی جەوان مەردانم
پیش‌مەرگەی ئەك تی‌کوشانم
گوی بگرە لیم
با پیت بلیم ، . . .
لە بیرم دی کە منال بوم
شەش هەوت سال بوم
روژی کاکم
ئەگریا . . مات
نالەی ئەهات
لە تاوانا چاوی سوری
ترساکی پرر جەسوری
دەربەریو کرا بووە
- ئیسان زەنەقی ئەچووەوە -
وەك بینی ئاو بو کەلەشی

هەواڵنامەی کتێب

پرر لە کینەو شپرزەیی
زرق خمشی(۱)
لەبەر چاومانا ئەلەرزی
چاوی سوری ئەیدا دیاری
بە ئیجگاری
کە ئاگری تولەسەندن
هەلمەت بردن
لە ناوچەوانی ئەباری
لە پرر هاواری کرد کاکم
ووتی :ـ باوکم
دوژمن بەر دەست ریژی داوە
بە دارەوە هەل واسراوە
لاشەی خلتانی خویناوە
نە نیژراوە
ئەزانن بوچی کە باوکم :
ئا بەو جورەی لی کراوە
لەسەر ئالاکەی کوردستان
کەلە سابلاخا دای چەقان
لەسەر ئەو رریـیەی فؤادی
سەربەرزی مەردو ئازادی
تیایا کرا بە قوربانی
ـ کوردایەتی و کوردستانی ـ
قوناغی رونی ژیانی
رری رزگاری نیشتمانی
بەلام داگیرکەر نەیتوانی
کە زمانی
کوردایەتی پاکی باوکم
لە گو بخا
بە هەزار جور
سەری بە زور
بی شور بکا
بە زیندانی
بە لیدانی
گیانی شورشگیری باوکم
پاش کوشتنیشی گور بکا !
نە . هیزی دوژمن نەیتوانی
نەخشەی یەکگرتنەوەی خاکی
ـ ئیمانی چست و چالاکی ـ
یەکگرتنەوەی نیشتمانی
گەورەی هەمو کوردستانی
بە زور لە بیر بەریتەوە
بەهەرەشەی گوللەو ، کوشتن
بەرەو پای سیدارە بردن
ـ ئەو نەخشەیە بسرریتەوە ـ
دەبا داگیرکەر بمناسی
منیش ئەو رریـیەم گرتوە
کە باوکم خوی بو هەلواسی
هەر ئەو سویندەشم خواردوە
سویندی ئەوکوردەی تا ماوە
خوی بو ئەم خاکە داناوە

هەواڵنامەی کتێب

سوێندی تا خاکی نیشتمان
ئالای بەرزی
لەسەر هەر بستێکی ئەرزی
بو ژیان نەشەکیتەوە
سامانی زوری لە دەست چوم
دەست گەلم نەکەویتەوە
سنوری دەستکردی دوژمن
لە گشت لا . . نەسرریتەوە
ئەم وولاتە بەشکراوە
لە کوردستانی گەورەدا
هەموی یەکتر نەگریتەوە
شیرینی ژینم لی تال بی
پەتی قەنارەم حەلال بی

— ٢ —

پیش کەش بی سەرگوروشتەکەم
بە وولاتە ژیردەستەکەم
بە نەتەوە ئاوارەکەم
بە بی لانەو بەژارەکەم
گوی بگرە لیم
با پیت بلیم
هیشتا باوکم چلەی گوستی
بە نوشستی
زامی برینی ئیشەکەی
— جەرگ و هەناو هەلکیشەکەی !

ساریژ نەبو
بەسەر نەچو
کە لەو لاوە لە بەرزانا
لە مەیدانی قارەمانا
کاکم کوژرا
خوینی ریژرا
بەلام :
ئەو سویندەی خواردی بەهەدەر
نەیبردە سەر
چوە سەر سیدارەی مردن
هاواری کرد
ووتی دوژمن
نەتەوەی کورد
بەنیوە لەناو نابری
تا سەر پەتی قەنارەکەت
سەر ناگری
بە زورنای درو و دەلەسەت
جاریکی تر هەل ناپەرری
نەە پەیمانی دەستەموت !
میللەتی تەفرە نادری
تا سەر تەخت و بەختت
وا ناگەرری
ئەو روژە دی وەر نەگەرری
ئەو روژە دی ئەم میللەتە
هەلسیتە سەر پی :راپەرری

هەواڵنامەی کتێب

داخی کون و نوی وەك بورکان
هەلچیتەوە
بە رروتا بتەقیتەوە
ئەبی ئەو روژەی ئیوە
کورد بتانخاتە ژیرپی‌وە

—٣—

باوکم کوژرا
کاکم کوژرا
منی لەخوشی خیر نەدیو
بوم بە هەتیو
منی ئاولوەی بەسزمان
منی بی‌کەس بی دەرەتان
منی رووتی بی پەرگ‌و نان
مامەوە خوم
لە رریی نەهاتی ژیانا
ئەنیا ئەروم
ئیــــستاش :
روژ هەتا وەکو ئیوارە
منی هەزارو ئاوارە
ئەگەریم بەناو مالانا
لە کولانا
بە دوای ئانا
لە برســانا

ئەویش لانەی حەسانەوەم
پاش گەرانو چەوسانەوەم
ئەنیم هەنگاو
منی سوالکەر
منی داماو !
لەش سستو خاو
بەرەو گردەکەی سەیوانم
بن دارەکەی ئەرخەوانم
ئەنشت گورەکەی خوشناوی
شورە سواری کوردستانم
ناوونیشانم ئەویە
جی‌و مالەکەم وا لەویە !
تا لەویدا ورد ، لەسەرخو
دەمی وشکم کە هاتە گو
تا لەویدا منی سوالکەر
گورانی ئەلیم بو خاکم
بو کاوەی کوردی ئاسنگەر
قارەمانەکەی بی باکم
تا لەویدا منی برسی
بە جوش‌و سوز
گورانی ئەلیم بو قودسی
بو یادی ئاگرەکەی نەوروز
بو ( شیخ ) ی بەردە قارەمان
بو سمەو سابلاخ‌و بوکان

هەواڵنامەی کتێب

بۆ دوانزە سوارەی مەریوان
بۆ سمکوو میری بەدرخان
بۆ شاخەکانی هەورامان
بۆ موکریان ، بۆ بادینان
بۆ گومی وان
بۆ دەرسیم‌و ، بۆ مەهاباد
بۆ شیخ سەعی‌و دکتور فؤاد
بۆ پیشەوا « أحسان نوری »
بۆ قازی‌و خوشەوی « ئەهری »
بۆ بەتلیس‌و دیار بکر
بۆ ( خیرالله ) ( رەوشن فکر )

—٤—

ئەگەر چی وا پەریشان بم
ویلی دوی پارویە نان بم
ئاوارەی خەمی ژیان بم
تا ماوم هەروا سوالکەربم
بی پەنابم دەر بەدەر بم
بەلام شەرەفی مەردانەم
بو داگیرکەر ناگورمەوە
گورانی بەرزی کوردانەم
ئەیلیمەوەو نابیرمەوە
ئەیلیمەوە تا وەك کاکم
وەکو باکم
ئەبم بە قوربانی خاکم
ئەم ئالای کوردستانەکەم
رەمزی دریی تی‌کوشانەکەم
بو دوژمن دانانەوینم
ئیمان بەو سنورەی کیشای
هەرگیزاو هەرگیز ، ناهینم
دە گوی بگرن دوژمنانم
ـ بژی کوردو کوردستانم ـ
ئەژی باوکم
ئەژی کاکم
پیش‌کەش بی سەرگوروشتەکەم
بە وولاتە ژیر دەستەکەم

(لەژمارە "٥" ی ١٩٦٠ای "رۆژی‌نوی" وەفۆتۆکوپی‌کراوە)

گەر بەراستی بینە پیش‌و دەس لە دەس‌یەك کەن هەمو
کێیە ئەوسایە حقوقی قەومی کورد ئینکار ئەکا ؟
یەکتریتان خۆش بوێ تا ئەگبەتی بەرتان بدا
دو دلی ئەم قەومە دیل‌و سوکتو بەدرەفتار ئەکا !
(ف . بێکەس ١٩٠٥– ١٩٤٨)

هەواڵنامەی کتێب

# چۆن ڕزگار نەبین

(قانیع : ١٨٩٩-١٩٦٥)

هەتا پڕ نەبێ گشت گۆشەی زیندان : دوژمن کۆڵ نەدا لە سزا و لێدان
کە لە پچەمەچەک باش نەتەزێنی : کۆت و زیندانی دا نە لەرزێنێ
سێدارە و تەناف بەڕیز هەڵنەخرێ : هەرکا دەستەیەک بۆ زیندان نەبرێ
قەڵبەزەی خوێنی تازە گەرم و گەش : نەبێتە لافاو نەبا جەستە و لەش
تەق و توق نەبێ لە چیا و لە هەرد : گوللە پارچەی جەرگ نەختا پا لێبەرد
کەللەی سەر بە تۆپ نەکرێ وو دووخاش : بە بێ گۆڕ نەڕژێ بە جێ ملری لاش
ئاگر و سووتان وا نەگا تەتێن : کە بێشکە و منداڵ بکا بە بەنزین
خانوو نەڕووخێ و گڕ نە سووتێنێ : لە ناو خانوودا کوڕ نەزریکێنێ
ژن بێشکەی منداڵ هەڵنەگرێ بە کۆڵ : ڕۆژە ڕێ نەیبا بۆ ناو شاخ و چۆل
دایک نەڕیژێ فرمێسکی خوێناو : نەگرێتە باوەش تا قاتڵی کوژراو
یا لە ژێر زنجیر (دەبا بە) دوژمن : سەری هەزاران کوردی وەکو من
تێکوپێک نەشکێ و نە پلیشێتەوە : لە گۆمی خوێنیندا لاو نەتلێتەوە
دایک ڕا نەکا بۆ دۆل و چیا : کوڕ بە جێ بێڵی لە ناو بێشکەدا
کچی چوارده ساڵ بۆ زیندان نەبرێ : پرچە جوانەکەی دەسکە نەکرێ
بن بەرد نەبێتە کۆشکی دووسێ قات : ئەشکەوت نەبێتە گا زیندووی ولات
بە ڕوونە بێتە خۆراکی نایاب : گژوگیا نەخوێن لە پێتی کەباب
بە هەزاران کەس گوللە نەکوژرێ : لەم کوردستانە خوێنمان نەڕژێ
ڕزگاری نابێ ئەم کوردستانە : تێیدا دەرناچێ ئوردووی بێگانە

گەلێک ئەمانە نەگرێتە ئەستۆی
هەرگیز نابینێ ڕزگاری بۆخۆی

(لەلایەن کاک "مەزن"ەوە نێراوە)

سەرەتای ئێش، هەموو یەکبوونە ئەویش نابێ هەتا:
هەر بڕینێ کە لە دڵدا هەیە سارێژی نەکەی
(شوکری فەزلی)

هەواڵنامەی کتێب

## ڕێگای سەرکەوتن
## یەکگرتن و خەباتە

مەلا ئاوارە *

( ١٩٦٨ — ١٩٣٤)

با بە یەک دڵ و یەک زمان
بە خەباتی شۆڕش گێڕمان
تا دووا پشوو هەوڵ بدەین
شەق دەو ڕژێمە هەڵ بدەین
یەک گرتن هۆی سەرکەوتنە
خەبات ڕێگەی دەس کەوتنە
ئەگەر یەک بین و یەکبگرین
لەگەڵ یەکدا بژین ، بمرین
زاڵ دەبین و سەر دەکەوین
بەرز دەبین و نانەوین

★ ★

هەوڵ تەقەلای بێ ووچان
بێماندوو بوون ، بێ پشوودان

تاقە ڕێگەی ئازادییە
هێنەری ڕۆژی شادییە

---

*)ـ ئەمچەند شیعرە لە هۆنراوەی "هاواری‌تووتنە-وانێکی ناوچەی سەردەشت"ی شەهید مەلائاوارە وەرگیراون . ناوی شاعیر "مەلامحەممەد ئەمین"ی هەمەوەندە لەئاوایی "شەڵماش" لەناوچەی "سەردەشت"هاتۆتەدنیا لەڕۆژی (١٩٦٨/٩/١)دا لەسەردەشت "بەتاوانی خەباتی چەکدارانە دژی ڕێژیمی‌بۆگەنی‌شاهەنشاهی،لەگەڵ دووها خەباتی هەڵواسران .

# ئەمەریکا !

لەڕۆژنامەی (الشرق الاوسط)ەوە

"سدنی هاریس" یەکێکە لە نووسەرە ناودارەکانی ڕۆژ-
نامەکاریی ئەمەریکی. لە ووتارێکدا باسی ووڵاتەکەی خۆی ئەکا
ئێمەش بۆ نموونە چەند دێڕیکی لێ وەرئەگرین. نووسەر ئەڵێ:

ووڵاتەکەمان بەزۆری چەک و بەفێڵ لە هیندییەکان سەند.
بەچەکەوە ڕوومان کردە ڕۆژئاوای ووڵاتەکە ئەوعەشرەتا-
نەی "ئاشتی"یەکەمانیان نەویست لەناومان برد، ئنجا کەوتینە
یەکتریکوشتن. لە شەریکی ناهەقدا "تکساس"مان لە مەکسیک سەند.
نەمان هێشت ویلایەتە کۆنفیدرالییەکان "جیا ببنەوە"
هەرچەندە بەپێی قانوون هەقی ئەوەیان هەبوو، لە پاشا شەڕێکی
ناوخۆییمان گێڕا کە چوار ساڵ درێژەی کێشا.
شەڕی ئیسپانیا ـ ئەمەریکامان دوروستکرد. وەکەوتینە
پێکەوەنانی "جۆرە ئیمپراتۆرییەتی"یە.
"بۆمبای ئەتۆم"مان دا بە "هیرۆشیما" و "ناگازاکی"دا
بێ ئەوەی هیچ پێویستێکی ببێت،
لە (۱۰۰) شەڕ و کرداری عەسکەریی و دەسدرێژکەری زیاتردا
بەشدار بووین لە ۱۷۷٦ەوە کە سەربەخۆییمان سەندووە.
لە هەموو جۆرە تاوان و جەریمەیەکدا "ڕێکۆردی جیهانی"
ئەم سەدەیەمان شکاندووە. ئەوەندەی کوشتن بە تەنیا لە
نیویۆرک ڕا ئەقەومێ لە هەموو بەریتانیادا ئەوەندە ناقەومێ.
ژمارەی ئەوچەکانەی خەڵکی ئەمەریکا هەیانە لە هی خەڵکی
هەموو دنیا زۆرترە. ماوەیەکی زۆریشە کە ژمارەی جەریمەی
دەسدرێژی وتوند جووڵانەوە بەرامبەر بە خەڵک لە هی دنیا زیاترە
هەرچییەکمان هەیە بەزۆر سەندوومانە و بە هێزیش پاراستو-
مانە حەزمان لە "ئاشتی" کردووە کە بەکەڵکمان هاتبێ، هێزیش
بەکاردەهێنین کە بۆ دەسکەوتی خۆمان بە باشی بزانین
ئەمەیە "شایەتی ئەمەریکایی یەکی ناودار لە سەر ئەمەریکا.

هەواڵنامەی کتێب

# چرپکەی سەربەستي

## سرنجێک

دەربارەی ڕای بەریز "ش .هەورامي" لەسەر

کۆمەڵگای کورد لەدەرەوە

بەریز کاکی هەورامي لەژمارەی چواری چریکەی کورد- ستان دا نامەیەکی ئاڕاستەی کوردە ئاوارەبووەکانیدەرەوەی کوردستان کردبوو کە بەپێزی نامەکەی سەرنجیڕاکێشام تا منیش چەپکێک ڕای خۆم بخەمە سەر ڕاکانی کاکیناوبراو لەگەڵ کەمە ڕەخنەیەک لێی •

کاکی هەورامي وابۆی دەچێ و دەڵێت ، ئەو وولاتانەی خەڵکی ئاوارەیان گرتۆتە باوەش پۆپەی وولاتاني ديموكرى وئازاديخوازپن .لەکاتێکدا کەزوربەیان وولاتانی سەرمایەداري و خوێنەخۆری مرۆڤایەتپن .وەلەوانەیەئەو وولاتەی نووسەری تێدایەیان مني تێدام ،یەکێک بێت لەوا هەرچەندەلەڕاستيدا شوێني نووسەر نازانم بەڵام بێگومانم لەشوێيني خۆم کە وایە •

من وای بۆدەچم کەسانێک کەخەریکي خوێندني بەرزنە ، یان نەخۆشي ،یان پیری رووی پێنەنابن لەنامۆیی(= غە- ریبي) کەساني لەواقیع راکردوون و درۆ لەگەڵ خۆیان میللەتەکەیاندا دەکەن .کەلەوانەیە ئەمقسەیە خۆشم بگرێتەوە . بەڵام لەگەڵ ئەوەشداگرنگ نیە ،گەر وابيیان نا. چونکەئەمرۆی ڕەخساو ،ئەمرۆی چرۆ پشکوتووی سەربەستي چاوەڕواني هەموو کوردێکی نامۆیە (=غەریب)کەبا زووی خز- مەتگوزاري لێهەڵ بکات وبریني بەشێک لەچەوساوەیجیها ن سارێژبکات بەسارێژکردني بريني میللەتيکورد کەنموونەی یەکەمی چەوساوەیە •

کاکي هەورامی تاڕادەیەک نیشانی پێکاوە لەدیاری کردني هۆی پەناگیری زوربەی کورد کەلە ئاش بەتاڵەوەتا

هەوڵنامەی کتێب

شەڕی براکوژێ و ڕەچاونەکردنی گۆڕان باسی لێیان کردووە . بەڵام وەک نووسەری نامە دەڵێ ئەوانە نابێ کارمان تێبکات وگۆشەگیرمان کات .. منیش دەڵێم زۆر ڕاستە چونکە :

١ـ ئاشبەتاڵی ١٩٧٥ تەنیا ئاش بەتاڵ نییە کە کورد لەدوایەوە دەوامی بەشۆڕش دابێ،بۆنموونە ڕووخانیکۆماری مەهاباد ١٩٤٦، ئاش بەتاڵی شێخ مەحموود ١٩٣١،ئاش بەتاڵی جەلال تالەبانی ١٩٧٠ و زۆری تریش هەربووە .بەڵام ئیمڕۆ زۆر جیاوازە لەگەڵ ئەو کاتانەدا .هەرچەندەلەوانەیەبپرسن:هەمووی شەش ،حەوت ساڵێکەئەبێ جیاوازی چیبێت ؟ بەڵام من بە هەموو باوەڕێکمەوە دەڵێم کە جارێکیتر ئاش بەتاڵ لە کوردستانەدا ڕوونادات . چونکە جەماوەری کورد باوەڕی بەتاکە پارتەناوەو نموونەش لەهەر چوارپارچەکەی کوردستان دا شایەتی باسە . جانامەوێ زۆر لەسەرئەوە بڕۆم بەڵام ئەوەندە دەڵێم با ئەوانەی لەئەندێشەیان دا نوقلانەی ئاشبەتاڵی دیی لێ دەدەن ،چاوەڕوانی ڕووخانی دوژمنەکانیان و ئاشبەتاڵی ئەوان بن کە زۆر نزیکە لە عێراق ولە ئێران یش .

٢ـ شەڕی براکوژێ وابزانم کەسانێک دەیکەن کەپاڵپێوەنراوی دوژمنی کوردن . ئاشکراشە کەهیچ شۆڕشێک لە جیهان دالەسەداسەدی کەسەکان ناوی پاک نیین ونەبوون . جا کوردیش وابزانم بێبەش نیە لەوە ،بەتایبەتی کوردی کوردستانی عێراق . لەبەرئەوە ئەو جۆرە کەسانەکاریان ئەوەیە کەئاگری ئەوە بخەنەوە . وەلەلایەکی دییەوەئەوەی کلکی دوژمنانی کورد بێت و دژی ئازادیخوازی بێت هەرگیز ناوی برای لێ نانرێ و هەقی لەناوبردنە ،لەکاتێکدا بیەوێت شۆڕشگێڕێکی ڕاستە قینە لەناوبەرێت .بۆیەدەڵێم

که تا ئێسته شه‌ری براکوژی رووی نه‌داوه له‌هیچیه‌کێک له‌به‌شه‌کانی کوردستاندا به‌ڵکو شه‌ر له‌نێوان به‌ره‌ی میلله‌ت وه به‌ره‌ی دوژمن دا بووه .گه‌رچی له‌هه‌ردوولا هه‌رکورد کوژرابێ یان که‌سانی بێتاوان . وه‌ئاشکراشه‌که‌شۆرشگێر ئه‌وه‌ی بۆخۆی داناوه که ده‌بێ بکوژرێ له‌پێناوی سه‌ربه‌ستی، یان گۆرانی واقیعه‌که‌ی دا .وه‌ده‌بێ بشکوژێ بۆهه‌مان مه‌به‌س جا له نه‌ته‌وه‌ی خۆی بێت یان نا . بۆیه دووباره‌ده‌ڵێم‌ئه‌وه براکوژی نیه‌وپێویسته گۆشه‌گیرانی بێدا ربنه‌وه‌له‌و راستی‌یه.

٣- وه‌ک کاکی هه‌ورامی ده‌ڵێ زوربه‌ی کورده نامۆکان له ده‌ره‌وه‌ی وولات ره‌چاوی گورانی تازه ناکه‌ن له‌کوردستانا منیش ده‌ڵێم گه‌ر وابێ دیاره ئه‌وکه‌سانه خۆیان نه‌گورن و وه‌ستاوون ،یان ... ئه‌وه‌ته که‌چاویان به‌وولاتانی‌ده‌ره‌وه‌ی کوردستان که‌وتووه‌به‌تایبه‌تی ئه‌ورووپا .وه‌یه‌کسه‌ر به‌راووردی ده‌که‌ن به لای خۆیان یا لادیه‌کی‌لای خۆیان.جا وابزانم زیاتر ئه‌وه نه‌خوشی‌یه‌که‌یه ،جگه‌له‌نه‌خوشی سه‌رکرده‌یی‌ویستن. یان که‌ده‌گه‌نه ئه‌و وولاته خۆشانه‌و به‌خوێنی شه‌هیدان‌یان پاره‌ی میلله‌ت شوێنی خۆیان قایم‌ده‌که‌ن دووای ئاره‌زووی تایبه‌تی خۆیان : ده‌که‌وون وکچێک،یا پیره‌ژنێک له‌خشته‌یان ده‌با وه‌چێژی ئه‌و پاشماوه بێ پێزه‌تووشی گۆشه‌گیری‌یان ده‌کات . وه که‌به‌دیداری که‌سێکی چالاک ده‌گه‌ن ئه‌وچه‌ند ووته زلانه دووباره‌ده‌که‌نه‌وه :شه‌ری براکوژی. .ئاشبه‌تال. . .هتد.

جا منیش ده‌بێژم ئه‌ی جه‌ماوه‌ری په‌ناگرتووی نامۆی کورد له‌ده‌ره‌وه‌ی وولات بۆهه‌رهه‌موو (!) جۆرێکتان.جارێکی تر به‌خۆتانا بچنه‌وه، چونکه هه‌لێکی زۆر پیرۆز له‌به‌رده‌مدایه‌که هاوینی ئه‌م ساڵ خۆی ده‌رده‌خات ،ئه‌ویش هه‌وڵدانیکه بۆ کۆکردنه‌وه‌ی کوردی ده‌ره‌وه‌ی وولات له‌ژێر یه‌ک

هەولدا نێکە بۆکۆکردنەوەی کوردی دەرەوەی وولآت لەژێر یەک ئالآ دا بۆ خزمەت گوزاری کوردستان وچەوساوەوپێشمەرگە ـ کانی، کەهەموو هەر چاوەڕوانی بەکارهێنانی مێشک و پێنووسی ئێوەومانانی ڕۆشنبیرن بۆدیاری کردنی ڕێگای ڕاستی سەرفرازی . جا هەولدەن بۆ سەرکەتنی ونەمامی خۆتانی تێدا بنێژن.چونکە بەڕای من،کەخۆم بەیەکێک لە ئێوە دەزانم ، ئەوەی دەستی جۆرە کارێکی وانەگرێ هەقی ئەوەیە لە برایەتی دەربکرێ وجارێکی تر باسی لێوەنەکرێ. وە باوەڕبکەن کەئەو ووتانەی لای سەرەوە دەنگی لاوێکی بێلایەنە ،بەلآم ئەوەی پێی کرابێ لەچالاکی یەکانی دژ بە دوژمنانی کورد کە کرابێ کەمتەرخەمی نەکردووە لەچوار- چێوەی ئەو وولآتەی کە تێیدایە . وەئێستاش چاوەڕوانی هاوینی ئەم سالم کە بازووی پەیوەندی لێ هەلکەم لەوکۆ- مەلگا کوردیە تازەیەدا . وە چەکی دوژمن تۆقێن وەک هەموو خەباتکارێکی دەرەوەی کوردستان ونا وەوەی کورد- ستان هەلبگرم ، کەلەم چەند شتە زیاترنیە لەدەرەوەی وولات : خۆپیشاندان وپڕۆپاگاندەکردن وباس و ناساندنی میللەتەکەم بە بێگانە و پەردە دامالین لەڕووی سەرکر- دەی خۆسەپین وپەیوەندیدار بەبێگانەو یاریکاربەچارە- نووسی کورد وپێشمەرگەکانی . ئیتر سوپاس .

لەندەن ١٩٨٢/٤/١ "هاوڕێ"

* 

کورد نابڕێتەوە خەیالی خاوە
بەراتی نەجات بەخوێن نووسراوە
من ڕەنگی سوورم بۆیە خۆش ئەوێ
مژدەی شەفەقی لێ دەس ئەکەوێ

پیرە مێرد
( ١٨٦٧- ١٩٥٠ )

# کورد و ئۆتۆنۆمی

لەژمارە (٤)ی چریکەدا باسێک بەسەرنووسی "بۆچی ئۆتۆنۆمی" سەرنجی ڕاکێشا م چونکە لەلایەکەوە باسێکی خۆش و ڕوونکەرەوە بوو وەلەلایەکی تریشەوە لەکات (timely) وگرنگە چونکە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی هەیە بەداخوازی هەرەگەورەی ئیمڕۆی کوردەوە کەبووە بەویردی زمان وئالای خەباتی گەلێک پارتی و هێزەنیشتمانییەکانی کوردستان. جا ئەمە هەمووی بوو بەهۆی ئەوەی کەوا لەبۆچوونێکی ترەوە ئەم باسە تازەبکەینەوە، بەتایبەتی چونکە بەشێوەیەکی گشتی هەستی ئەوە ئەکرێت کە لەماوەی چەند سالانی خەبات وشۆرش دا، ئەم ئۆتۆنۆمییەی کە گەلی کورد هێندە قوربانی لە پێناودا داوە، جێگای لێکۆلینەوەو هەلسەنگاندنێکی وا نەبووە کە گەلی کورد بەتێکرا و پارتییەسیاسییەکانی بەتایبەتی بگەنە بنچوبناوانی ئەوەی کە ئایا داخوازی ئۆتۆنۆمی بۆ بار وکێشەو خەباتی کورد دەستئەدا یان نا؟ هیوادارین کە خوێندنەو سەرنجدان لەم دووباسە ببێتە سەرەتای لێدووانێکی فراوان و ئالوگۆری بیروباوەڕ لە لایەن هەموو ئەوانەوە کە ئەودالی تێگەیشتنی زیاتر ولێ-کۆلینەوەی فراوانتری ئەم باسەن.

داخوازی زۆر یا کەمی نەتەوەیەک پەیوەندیی بەگە-یشتنە پلەیەکی ئازادی و بەرزکردنەوەی ئاستی نەتەوەکەو ڕێگاخۆشکردن یەوە هەیە بۆچەسپاندنی مافی ڕەوای ئەو نەتەوەیە. لەسەرێکی ترەوە ئاشکرایە کە داخوازیی ئۆتۆنۆمی یاسایەکی داڕێژراو و سنووردیارکراو نییەکەبتوانرێت بە

بەئاسانی وبێکێشە لە وەڵامی داخوازی نەتەوەیەکدا بدرێ بەڵکو لەزۆر وولاتانی جیهاندا ئۆتۆنۆمی بەپێی باری ئەو وولاتەو ڕادەی داواکردنی ئەوانەی ئۆتۆنۆمییان بۆ دیار ئەکرێت شێوەو ناوەرۆکی ئەم داخوازییە ئەگۆڕرێت .بەلاّم ئەوەی ناگۆڕرێت ئەوەیە کە هەموو دەوڵەتێک ئەمداخوازییە بەشتێکی ناوخۆ دائەنێت وەلەم حاڵەتەشدا داخوازی ئۆتۆنۆمی هەر قالبێک بگرێت وەدەست هێنان ودامەزراندنی لەسنووری دیارکراو وە دەسەلاّتی"مەرکەزی"ی ئەو دەوڵەتە دەرناچێت . کەواتە چونکە پەیوەندیی دەسەلاّتی مەرکەزیی ئەو دەوڵەتە لەگەڵ دەزگای ئەو ئۆتۆنۆمییە شتێکی بەر- دەوامو هەمیشەییە ، نەتەوەیەکی وەکوو کورد کاتێک کە ئەم دروشمە بۆ خەبات ومافی خۆی هەڵئەگرێت ئەبێ لای ڕوون بێت کە ئەگەرچی ڕێگای خەباتەکەی ئاشتییانە یا خودچە- کدار بێت ، کورت یان درێژخایەن بێت ، لەدواییدا هەرئەبێ بگەڕێتەوە سەرمێزی گفتوگۆ و سەوداو مامەڵە (معاملە)بۆ ڕێکەوتن لەسەر جۆر و ڕێگای دامەزراندنی ئەو ئۆتۆنۆمییە بەڵگەش بۆئەمە ڕێکەوتنەکەی ١١ ی مارتی ١٩٧٠ یە کەپاش نزیکەی (١٠)ساڵ شۆرش وکەوتن وهەڵسانەوەی ڕێژیمی بەعس لەوماوەیەدا ، شۆرشی کوردستان ناچاربوو کە لەگەڵی دابنیشێت وئەو ڕێکەتنەی لەگەڵ ئیمزا بکات .

جا هەروەکو پێشینیان ووتوویانە چەپڵە بەدەستێک لێنادرێت ، هەروەها ئۆتۆنۆمیش نەکورد بەتەنیا ئەتوانێ دایبمەزرێنێت ونە دەوڵەتێکی داگیرکەری کوردستان ئەتوانێ بەبێ ڕەزامەندی کورد ،وەکوسا قەیسەری،بەکوردیببەخشێ دیسان بەڵگە بۆئەمەش "یاسای ئۆتۆنۆمی"یە تاقانەکەی صەددام حوسەین ە کەلەساڵی ١٩٧٤ دابەعس بلاّوی کردەوە و

تا ئێستەش ئەڵێیت ئاشی ئاوکەوتووەو جەماوەری کوردی دڵسۆزونیشتمانپەروەر پشتیان تێکردووە .

لەم پێشەکی‌یەی سەرەوە مەبەستم تەنیا پیشاندانی سنوور وشێوەی دامەزراندنی ئۆتۆنۆمی نی‌یە بەڵکو زیاتر دەرخستنی پێویستی بەراووردێکە کەبکرێت لەنێوان جۆری دەسەڵات وهەڵوێستی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان بەتایبەتي پاش ئەوەی کەلە هەندێک لەم دەوڵەتانەدا گۆڕانی شۆرشگێرانەوبنچینەیی ڕوویداوە •

دەربارەی ئەو گەلانەی کە تا ئێستەپەیوەندیان بەکێشەی کوردەوە ماوە و نیشتەجێی دەوروپشت ودراوسێی کوردستانن یەکەم بەرهەمی خەباتی ئازادیخوازانەیان پاش ناشتنی لاشەی نەخۆشی ئیمپراتوریەتی عوسمانی وبەتایبەتي لەئەنجامی جەنگی جیهانی یەکەمدا دەستکەوت ، لەم لێشاوی سەربە-خۆیی‌وەرگرتن و داتاشین ودورستکردنی دەوڵەتانی پاشایی وژێرچاودێری خراوە ئەوەبوو کورد لەکاروان بەجێما ، وە زیاترپارچەپارچەکرا وەهەرپارچەیەکی لکێنرا بەیەکێک لەو دەوڵەتانەوە . جا هەرئەوکاتە ئەبوایە کورد بۆی دەربکەوتایە کە گیروگرفتی ئۆتۆنۆمی چەندزۆر وبایەخەکەی چەندکەمە ،بەتایبەتی پاش ئەو چاووڕاو وتەڵەکەبازی‌یەی کە یەکگرتن وسەرکەوتن(إتحادوترقي)وپاش ئەویش مستەفاکەماڵ لەگەڵ کوردیان کرد ، کەئەمانەش هەمووی ڕوونکەرەوەی ئەوەبوون کەهەتا ئامانج وداخوازینەتەوایەتي کورد بارمتەی ڕەزامەندی ئیمپریالیزم وڕێژیمانی دژمنی کورد بن هەرچی‌کردوکوشێ کورد بیکات بەفیڕۆئەڕوات .

ئەوەتا پاش(٥٠)ساڵ زیاتر لە دامەزراندنی دەزگای "کۆ-ماري و دیموکراسي "لەتورکیا دا ، تازە کاربەدەستانی

"ئەنقەرە" کورد بە "تورکی شاخی" دائەنێن لەکاتێکدا کەتورک خۆی وەکوو نەتەوەیەک بەمافی ڕەوای خۆیگەیشتووە حوکمی بەناوەوە ئەکرێت ولەنێوان گەلانی سەربەخۆی جیهان دا جێگەی خۆی گرتووە •

ئەوە لەولاتەوە سووریا کە لەئیمپراتوریەتیعوسمانی داتاشرا وەبۆ ماوەیەک خرایە ژێرچاودێریی فەرەنساوە ئێستا بەهیوای خۆی گەیشتووەو دەولەتێکی سەربەخۆیکۆماری لێ دروست بووە . خۆ لەوەش بگەرێ کەئێستا بەیەکێ لە ڕێژیمە "پێشکەوتنخواز"ەکانی ئەوناوچەیەئەژمێررێت بەلام ئەمە هەمووی هەستی ئەوەی لەدل ودەروونیکاربەدەستانی سووریادا نەجوولاندووە کەلەسیاسەتی "الحزام العربی" زیاتر بەکوردی ژێردەستیان ڕەوا ببینن •

ئەمە جارێ هەلوێست وسیاسەتی دووکۆماری "دیموکرسی" و "پێشکەوتن خواز" بەرامبەر بەئامانج وهیوای گەلی کورد . ئنجا بۆ مەبەستی بەراووردەکەمان بابێینە سەر باسی عێراق وئێران کەلەوەپێش "پاشایی"بوون وگوایە زیاتر بەدەهۆلی ئیمپریالیزم دەهاتنەسەما ،وەلەقسەی دەرنەئەچوون ، بەلام ئیستا لەڕێگای رووداوی‌شۆرشگێرانەوە باریان گوراوەو خاوەنی سەربەخۆیی ڕاستەقینەودەسەلاتی خۆیانن •

پێش شۆرشی ١٤ای تەممووزی١٩٥٨ وشۆرشی ١٩٧٩ دەولەتانی عێراق وئێران پاشانشین بوون ، واتەبەپێی بیر وهەلویستی هەموو ئازادیخوازانی ئەم دوو ولاتە ئەمانە دوو ڕێژیمی زۆردارو کۆنەپەرست بوون ، هێزی ئەژنۆ و بڕبڕەیپشتیان بێگانەبووەو هەموو فرمان وکاریان چەسپاندنی حوکمی خۆیان وخزمەتی بێگانەوچەوساندنەوەی میللەتەکەیان

بووە بەبێجیاوازی ڕەنگ ورەگەز و زبان. بەرامبەر بەم وەزعە هەموو نەتەوەو کۆمەڵەسیاسییەکانی ئەم وولاتانە تا ڕادەیەکی زۆر جیاوازی نەتەوەیی و سیاسی خۆیان خستە لاوەو لەژێر دروشمی "ڕزگاربوون لەدەزگای شاهانەی دار- دەستی ئیمپریالیزم" دا کۆبوونەوەو چالاکیی یەکگرتووی خۆیان ئاڕاستەی ئەو مەبەستە کرد. واتا لەوپلەیەی مێژ- ووی سیاسی ی ئەو وولاتانەدا، ئامانجودا خوازی هەموولایەک بەسترابوو بە ڕزگارکردن وپاراستنی سەربەخۆیی ڕاستە قینەی ئەو وولاتانەوە. جا لەم چوارچێوەیەدا لەجیاتی کۆشش بۆ "یەکیەتيعەرەب"و بەرزکردنەوەوزال کردنینەتە- وەی فارس، وە داوکردنی "مافیچارەنووس "بۆکورد و ئازربایجانیو گەلانی تری ئەو وولاتانە، زیاتر باسی "یەکیەتيعێراق" یان "یەکیەتی ئێران"وپشتگیری وپارا- ستنی ئەو دەزگا کۆماري و دیموکراسییانەئەکرا کەجەما- وەری خەڵکی ئەم وولاتانە چاوەڕوانی بوون .هەروەها خۆپیشاندان بەعێراقي،یاخود ئێرانی زۆرتر لەبرەودا بوو تا خۆپیشاندان وەکوکوردێک، عەرەبێک، وەیان فارسێک. بەڵام ئەوەی ئێستا ،پاش کەفوکوڵ نیشتنەوەی ڕووداوەکانی ١٩٥٨ی عێراق و ١٩٧٩ی ئێران دەرکەوتووەئەوەیە کە "بەیەک بەرەبوونی" جەماوەری ئەم وولاتانە بۆڕووخاندنی ڕێژیمەکانی پێشوویان هەرئەبوایەشتێکی کاتي بووایەچونکە لەئەنجامدا بەسترابوو بەئامانجی ئەوکاتە- شار- راوانەی بەشدارانی ئەو بەرەیەوە کە وەدەست هێنانیان لەو ڕوودا- وەگوڕانە چاوەڕوان ئەکرا .

شۆرشی ١٤ی تەمووزی عێراق،وە ١٩٧٩ی ئێران نەک تەنیا ئەو دووولاتەیان لەدەست ڕێژیمی پاشایانە ڕزگارکرد ،

بەڵکوو کۆتاییشیان هێنا بەپلەیەکیسیاسەت وجۆرێکیخەبات
کەهەتائەوکاتە پارتی ونەتەوەو کۆمەڵەسیاسی‌یەکان خۆیان
بۆ تەرخان کردبوو .ئەمەش شتێکی سروشتی‌بوو کە ڕوودات
لەناو دوو وولاتی فرە- نەتەوە دا چونکەئەونەتەوە جیا-
وازانەی کەتێکڕا هەموو وەهەتا ئەوکاتە وولاتەکەیان بۆ
کرابوو بەزیندانێکی گەورە ، کاتێک کە ڕزگاربوون وەئا-
مانجی پێشوویان هاتەدی بەلابردنی دەزگای پاشایی ودامە-
زراندنی دەزگای کۆماری داواکراوی میللەت ،ئنجا هاتنە
سەرئەوەی کە بیرلەبار و کێشەی تایبەتی خۆیان بکەنەوە
وەبۆئەمەش ئەبوایە کەنرخی پلەی تازەدەسکەوتووی ئازادی
وکوماری تۆز- لێنەنیشتوویان بەتەرازووی ئامانج وهیوای
خۆیان بکێشن . واتە ئەوەی کە تادوێنێ بەدەسکەوتی گشت
دائەنرا وەیەکیەتی‌ی وولات وجەماوەری خەڵکەکە چوارچێوەی
بوو ئەمڕو شکێنرایەوە بەڵەت زۆر وتا- ئەوسا داپۆ-
شراوەکانی بڕوای جیاوازی نەتەوەیی وئاینی وئایدیۆ-
لۆجی وکلتور (= الثقافە ، فەرهەنگ) . جا لەکاتی وادا
ووشەیەکی وەکوویەکیەتی‌عیراق(الوحدة العراقیة ) لەلایەن
هەر جۆرە نەتەوەو کۆمەڵێکەوە مانایەکی جیاوازئەگرێتەوە؛
بۆ عەربێکی یەکیەتی‌خواز ئەوە ئەگەیەنێت کە عێراق بەشێکە
لەخاک ونەتەوەی عەرەب ،وەئەرکی هەرەگەورەی سەرشانی
ئەوەیە کەعێراق لەیەکیەتی‌هەموو عەرەب دا بتوێنێتەوە .
بەلای کوردیشەوە عێراق یا ئێراق بریتی‌یە لەهاوبەشی‌یەک
(شەراکەتێک) کەمان ونەشونماکردنی بەستراوە بەوەوە کە
بەشێوەیەکی ڕێک و ڕوون مافی کوردی تیا دیاربکرێت و
وەکوو نەتەوەیەکی یەکسان بەلام جیاوازحسابی‌بۆبکرێت .
هەروەهاش کۆمەڵ وپارتی‌یەکانی‌ترجەریەکەبەپێی‌بەرژەوەندی

ئاینی وئایدیۆلۆجی ومەبەستی تری حسابی ئەم یەکیەتییە ساخ ئەکەنەوە .

ئەوەڵەمەش دەرئەکەوێ ئەوەیەکە ئێستا لە عێرقدا جموجۆڵ و هەستی نەتەوایەتی دوو بزووتنەوەی جیاوازی کوردوعەرەب زاڵ بوون بەسەر باوەڕ بەیەکیتیی سالانی پێش ودەوروبەری ١٩٥٨ دا . هەروەها لە ئێران دا بەرامبەر بەبزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد وهەندێک گەلانی تری ئەو وولاتە ڕێژیمێکی کۆنە پەرستی ئایینی دەزگای دەسەلاتی گرتۆتە دەست وبەناوی ئیسلامەتییەوەشەڕێکی دڕندانە دژی داخوازیی کەم یا زۆری ئەوگەلانە ئەکات . جا هەرچی عێراقە سەرچۆپی کێشی ی بزووتنەوەی نەتەوە عەرەبەکەی ئەمڕو دژمنی خوێنخۆری کورد صەددام حوسەین ە ئەگەرچی بەپێی هەموو بیروباوەڕ وحسابێکی ویژدانی ئەبێ ئەم ڕێژیمەتا وانبارە لە میللەتی عەرەب وعرووبەی ڕاستەقینەوە دووربێت ،بەلام ئاشکرایە کەئەم ڕێژیمە بەناوی "یەکیەتي وئازادیوسۆشیالیزم"ی عەرەبییەوە حوکم ئەکات وەئەمەش چ لەڕەزامەندي بەشێکی کەم یا زۆری جەماوەری نەتەوەی عەرەبەوە بێت ، ئەو ڕاستییە نەشارە راوەیە دەرئەخات کەئەمڕو بەعس بووە بەداردەستی نەتەوەی دەسەلاتداری عەرەب بۆ چەوساندنەوەی نەتەوەی کورد .

ئەگەرچی ڕێژیمی ئێستەی ئێران بەناوی ئاینییەوە دژایەتي داخوازي ئۆتۆنۆمي کوردستان ئەکات وەتا ڕادەیەک ئەمەبووە بەپەردەیەک بۆ داپۆشینی هەستی ڕەگەز پەرستي ئەو ڕێژیمە بەلام گومانم نییە لەوەی کەئەگەر لە ئەنجامی شۆڕشی ئێراندا دەستەی ئەفسەران وەیا کۆمەڵێکی خاوەن "بڕوا" بەئایدیۆلۆجییەکی جیاواز (واتەتاقمێکی

بەسەرزاری لیبرال" ودڵ ودەروون فراوان ودیموکرسی ـ خواز) بهاتنایە سەرحوکم دوورنییەکە بیانویستایە هەر بەوشێوەیە چارەسەری کێشەی کورد بکەن کە (١٦)ساڵ لەمەو پێش سەرەک وەزیری عێراق،ماموستای ڕۆشنبیر ،"دکتۆر عەبدورـ ڕەحمان بەزـ زاز" ویستی بیکات .بۆئەوانەی کە ئاگادارن لە ڕووداوی ئەوکاتە ئاشکرایەکەبۆچوونەکانی "بەزـ زاز"و(١٢) خاڵەکەی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦ زۆردوور بوو لەو شێوەی ئۆتۆنۆمییەوە کەکورد بتوانێ وەکوو نەتەوەیەک لەووڵاتێکی فرەـ نەتەوەدا خۆی پێبپارێزێت .

کورتەی ئەم باسەمان هەتا ئێستا ئەوەیەکە :بەڵێ ڕاستە ڕووداوی ١٩٥٨ ی عێراق و ١٩٧٩ ی ئێران لەسەرەتادا شۆرشگێرانەو بەمەبەست ئازادیخوازبوون وەلەپلەیەکدا بۆ زوربەی دانیشتووانی ئەو ووڵاتانە (بەتایبەتیبۆ ئەو نەتەوانەی نوێنەریان بوون و دەزگای دەسەلاتیان بەناوەوە ناسراوە) سوودیان بورە و بەکێش وتەرازووی دژایەتي ئیمپریالیزم وپێشکەوتنـ خوازنە بەپێشکەوتوو دراونەتەقەڵەم ، بەلام ئێستا بەدرێژایی ڕویشتنی دەسەلاتیان کەکار هاتبێتە سەر کێشەی کورد لەبەرهەستی ڕەگەزـ پەرستي ورق وکینەیان بەرامبەر بەهیوای ئازاـ دیخوازانەی گەلانی ژێردەستیان چاویان لەئاستیکورد هەـ ڵنایەت وە تەنانەت ئەگەر بۆشیان دەست بدات "چارەسەری تایبەتي "ی خۆیان هەیە کەبۆکێشەی کورد بێخەنە کارەوە هەروەکوو ڕێژیمەکانی صەدـدام وخومەینی ئێستا خەریکن لە دوو بەشی کوردستان دا .

پاش ئەمە هەمووی بێگومان زۆرکەس هەن کەئەڵێن :

ئەگەر خەباتی کورد وداخوازي ئۆتۆنۆمی بەردەوام بن لە

لەئەنجامدا هەر ڕێژیمێک دێتە پێشەوە کە لە "بڕوا "وەدان بەمافی ڕەوای کوردا بنێت و ئۆتۆنۆمیی "ڕاستەقینە" بدات بەدەستەوە . وەڵامم بۆئەوانە حوکمی (٢٤) ساڵی دووای عێراقە کەچەندان ڕێژیم هەرلەقاسمی عێراقیتی بازەوە بۆ دکتۆر بەز ـ زازی ئاشتیخواز تا بەعسی "وحدة و حرية و اشتراكية" ـ خواز نموونەی هەڵویست ورادەی بڕوای خۆیان بەمافی نەتەوەی کورد ئەوەندە بەمیرات بۆبەجێهێشتووین کەچاوخشانێک بەو هەڵویستانەدا دەری ئەخات کە هەتا دێت سیاسەتی ئەم جۆرە ڕێژیمانە شۆڤینیتر وەکردەوەیان دڕندانەتر ئەبێت تەنانەت ئێستا کە دەنگ بڵاوەو چاوەڕوانیی هەرەس هێنانی ڕێژیمی بەعس ئەکرێت ، لەهەمان کاتدا زوربەی کەس مەترسی ئەوەیان هەیەکەئەوەی دووای صەدام دێت بۆکورد خراپتربێت هەرچەندەکەبەمێشک و ویژدانی کەم کەسدا دێت کە لەڕێژیمی بەعس فاشیستتر وە لە صەدام "سادیست" تر هەبێت •

(ماویەتی) (ش . هەورامي)

هەواڵنامەی کتێب

## ئەی لاوی کورد!

هێزپێویستەبۆحەق سەندن ! هێزی پێکهاتووی یەکگرتن!
هێزی باوەڕ ، هێزی ووتن ! هێزی کردن•وورەی دوژمن
هەر هێز بنچینەدەردێنێ ! قەڵای سەختی ئەلەرزێنێ!

(گۆران : ١٩٠٤– ١٩٦٢)

# چرپکەو خوێندەوارانی

خوێندەرەوەی بەریز !

چرپکە گۆڤاری تۆیە ،جریکەی هەمووڕۆلە-یەکی دڵسۆزی کوردستانە . سەربەهیچپارتي و بەرەو کۆمەڵێ نییە (چ کوردستانی چ بێگانە) بۆیە مانونەمانی بەدەست تۆیە .گەرەکتەبژي وگەشەبکات لەیارمەتیدانی درێغیمەکە :بەنامە بەووتار ، بەرێپیشاندان ورەخنەلێگرتن ،بە بڵاوکردنەوەو بەدەسگرتن ." «دەستەی نووسەران»

*●*

دەستەی نووسەرانی جریپکەی خۆشەویست :

بەرلەهەمووشتێک هیوادارم کەلەمپرۆژەدڵسوزانەیەدا سەرکەوتووبن وبتوانن گشت ئامانج وئاواتەکانی چرپکە بهێننە دي .

هەمووجارێک لەژێر (عینوانی) "کورد لای بیگانە"دا هەندێ شت بڵاوئەکەنەوەکەگومانی تیانییە زۆریان خۆش وبەکەڵکن، بەڵام ئەوی سەرنجی ڕاکێشام ئەوەیەکەهەمیشە ووتارەکان یا زۆر کورت ئەکەنەوە ،یان هەندێ شتی لێ فرێ ئەدەن . جا ڕەنگە کە ئەمە یا لەڕووی حێگا تەسکییەوەبێت ،یا سەبارەت بەوەبێ کەهەندێ لەو (جوملانە)باسیکەسێک،یالایەکی بەجۆری تیاکرابێ کەئێوە بۆپاراستنی هەڵوێستیبێلایەنی گۆڤارەکە نەتان نووسی بێ . لێرەدا،ئەگەر ئەم بۆچوونەم ڕاستێ،داخم ناچێ کەناتوانم هاورەئیتان بکەم. جونکە :

١- ئێوە نووسیوتانەکە"نیازمەو ووتارانە تەنیا ئەوە-یەکە خوێنەرەودکانی جرپکە بزانن بێگانە جۆن وەلەچباری سەرنجێکەوەتەماشای کوردونیشتمانەکەی وبزوتنەوەکوردا-یەتي دەکەن ." حا لام وایە کەهیچ پێویست بەقسەناکات کە

کورتکردنەوەو پچڕپچڕکردنی ووتاری ئەونووسەرەبیگانانە کۆسپێکی گەورە ئەخاتە رێگەی وەدەست هێنانی نیازەکەی هەتانە لەبلاوکردنەوەیان. چونکە هەموباری سەرنجەکانیان بڵاوناکەنەوە. تا بەتەواوی وباشی بزانین چی یە •

٢ـ ئەوەش کەبۆپاراستنی بێلایەنی "چریکە" هەندێجار هەندێ پارچەی ووتارەکانیان بلاوناکەنەوە. جگەلەوەی کەهەق نیە هیچلایەک لەم ڕووەوە ڕەخنەلەئێوەبگرێت وگومان بکا لە بێ لایەنی چریکە، چونکە وەک پێشینان ووتوویانە: "نەقلی کفر کفرنی یە". جگەلەوەش ئەورێبازەی گوقارەکەتان ئێستە گرتوویەتە پێش ئەم بێلایەنی یەی بۆهەموکوردێکی بەئینساف ئیسپات کردووە. وەبۆئەوەی کە لەم بارەیەوەقسەی هەموو کەس ببڕن ئەتوانن، هەتالەووزەتاندایە خۆتانلەهەلبژاردنی ئەوچەشنە ووتارانە بپارێزن، ئەگەر ئەمەشتان بۆنەکرا ئەوا ئەوکەسەی گلەیی هەیە لەپێشا لەخاوەن ووتارەکەی بکات، وە هەر (ئیعتیراز) وڕاستکردنەوەیەکیشی هەیە بۆچریکەی بنووسێ کەبۆی بلاوکاتەوە. لەلاموایە بەم جۆرە بلاوکردنەوەی ڕەئی بێگانە بەرامبەر بەکورد ونیشتمان وبزووتنەوەکەی کەلکی زیاتری لێ وەرئەگیرێت • ئیتر هیوادارم کەهەر هەلەیەک لەڕەئیەکەما ئەبینن لێم ببوورن وبۆشم ڕاست بکەنەوە •

فەرەنسە: ١٩٨٢/٣/٢٥ (ل. س.)

چریکە:

برای بەڕیزکاک (ل. س.)

زۆر سپاس بۆنامەو ڕەئیە دڵسۆزانەکەت. هیوادارین کەلەم جۆرە بۆچوون ولێکدانەوە ووردانە بێبەشمان نەکەیت.

دەستەی نووسەرانی چریکە بڕیاری دا کەلەم ژمارە-یەوە پێشنیازەکەی ئێوە بخاتە مەیدانی تاقیکردنەوە. وە لەسەرئەم بڕیارەووتاری "پێویستی ستراتیجی یەکی نوێ "

دەق وەک لەئینگلیزیەکەیدا هەیەکرا وەبەکور .نەک هەر ئەمە برا یەکیش ڕەخنەیلە "سترا تیجیەیە نوێ" یەکەیهەبوو ڕەخنەکانی ئەویش بڵاوکرا ونەوە .نەکوبۆرا ستکردنەوەی نووسەر، کەبێگومان هەرئاگای لەبوونی چریکەش نیە ،بەلاَم چونکە باسی قسەی هەندێ کۆمەڵ وڕێکخراو وکۆڕی سیاسی کوردیش وبیگانەشە ، لێبێدەنگ بوونی کا رێکیبەجێنیە ."

* *

چریکە : برای بەڕیز (ج .)

بەهۆی درەنگ گەیشتنی نامەکەتەوە بڵاوکردنەوەی پارچەشیعرەکەی بۆما مۆستاکەتت دا ناوەکەوتەئێستە .هیوادارین لێمان ببوورن .

**مامۆستاکەم !**

مامۆستاکەم !
فێرت کردم
ئەم کێوانە بپەرستم
فێرت کردم
لەپێناوی خۆری گەشا
داگیرسێنم چرای هەستم
مامۆستاکەم !
لای ئێمە هێشتا هەرشەوە
زوربەی زۆری زارۆڵەکان
وان لە خرپەی شیرین خەوا
ئەو خۆرەی چاوەرێت ئەکرد
هێشتا چاویهەڵنەبرریوە
تا پەیکەری توێ پێشکەش کەم
پەیکەری تۆم لەدەروونما هەڵکەنیوە
پیش کازیوە (*)

ڕۆمانیا : (ج .)

(*)ــ کازیوە ،یا ،کازییوە، واتە :تاریک وروونی بەیانییان

پاشماوەی لاپەڕە (٢٠)

لابردنی ڕێژیمی پاشایی لەعێراق بە "کودێتا "ی ١٩٥٨ ی قاسم زەوی بۆئەوەخۆشکرد کە کۆمارە تازە- پێکهێنراوە کەلەسەر بناغەی "بەسەربەستي یەکگرتنی عەرەب و کورد دابمەزرێنرێت ." لەگەڵ ئەمەشدا ، سەرەرای ئیجازەدان بە پارتی دیموکراتی کوردستان کەپارتی‌یەکی نەتەوەیی‌عیلمانی بوو ، دۆستایەتي بەغداد و کوردەکان هەر تا ١٩٦١خۆی‌گرت کە قاسم دژی هەریمەکوردی‌یەکان کەوتە جمان(= حرکة ) ئەمەش بوو بەهۆی هەڵسانێکی‌چەکداري گشتي کورد .

لەوساوە تا ١٩٦٨،وە کودێتا کەی بەعس ، سیاسەتی بەغداد بەرامبەر کوردەکان لەنێوان بەڵێنی ئەوەدا کە مافی کورد دەدەن،وەتەقەلای ئەوەداکەلەرووی عەسکەریەوە کورد لەناوبەرن ،دەهات وەدەچوو .

کودێتای بەعسی‌یەکان بەڵێنی زۆری‌پەڵ ورازاوەی هێنابە ناوان لەبابەت ئۆتۆنومی‌کوردەوە لەپایزی ١٩٧٩دا .لەگەڵ ئەوەشدا ئەو قانوونەی کەلەو ساڵەدا لەلایەن بەغدادەوە دانرا لەتاقیکردنەوەدا دەرکەوت کە "سەنەدێکی"هیچوپووچە وەبوو بەهۆی نەهێشتنی‌پەیوەندي لەگەڵ کوردەکاندا .

بەعسی‌یەکان بەرامبەربەمە هێرشێکی فراوان ومەزنیان بردەسەریان بە (١٢٠،٠٠٠)کەس وچەند هەزار تانک و فڕۆکەوە . لەگەڵ ئەو لاسەنگی‌یە زۆروگرنگەشاکەلەنێوان هێزەکانیاندا هەبوو کوردەکان بەرگری‌یەکی سەرکەوتووانەیان‌نیشان دا تاوەکو لە ١٩٧٥ دا لەئەنجامی ڕێکەوتنەکەی صەدد-دا، حسەین وشا دا لەتفاق(= مونە ،عتاد supplies) ی شەڕ بەشبراوکران .

هەرەس هێنانی بەرگري عەسکەریانەی تەقلیدي‌ی کورد بۆماوەیەکاری بەرەو شەری پارتیزاني برد کەتانزیکەی

١٩٧٨ درێژەی کێشا . لەمکاتە بەدوواوە سەبارەت بەسیاسەتی "کردن بەعەرەب "بەچەشنێکی فراوان کە قەدەغەکردنی گشت ڕێکخراوە فەرھەنگي و زانیاري وسیاسی‌یەکان، وە ڕەوپێ- کردن(= تھجیر deportation)ی ژمارەیەکی یەکجار زۆری کورد بۆ ھەریمی گوایە "بێ ترس" .

لە ئێران دا کورد لەعێراق زۆرترە ، کەچی لەچاوئەوەدا چالاکي جەکداری کەمترە .لەبەرانەوەی یەکەم شەری جیهاني دا ، دابەشکردنی کوردستان و بێھێزی حکوومەتی تاران شۆرشێکیان ڕاپەراند بەرابەرایەتي ئیسماعیل ئاغا (سمکۆ) بەلاّم کوشتنی لە ١٩٣٠ دا دووایي بەشۆرشەکە ھێنا .

لەدووەم شەری جیهاني دا ، ئێران لەلایەن ھێزی ڕووس و ئەمەریکا و بەریتانیاوە داگیرکرابوو. "مەھاباد"ی کورد- یش لەم داگیرکردنە ئازادبوو جا ئەمەو بێھێزی ڕێژیمی ئێرانی بەسەریەکەوە زاتي دا واکردنی ئۆتۆنۆمی‌یەکی کورد پێکھێنا .بەوباوەڕەوە کەوا ھەلومەرج لەبارە، (پ.د.ک.)ی ئێران بانگەوازی دامەزراندنی کۆماری مەھاباد ی دەرکرد لەئاخری ١٩٤٥ دا، وە "قازی محەمەد" ی بەسەرۆک کۆمار ھەلبژارد .

بەبەرانەوەی ١٩٤٦ ،ئیتر ڕووداوەکان بەدلّی (پ.د.ک) نەبوون . بەتایبەتي کشانەوەی لەشکرەکانی سۆڤیات لە ژووررووی ئێران ھۆیەکی گومان ودل - نا - نیایي ڕێژیمی ئێران وپشتیوانە ئینگلیز و ئەمەریکی‌یەکانی لابرد .بەبیا- نووی سەرپەرشتي‌کردنی ھەلبژاردنی ئازادەوە لەشکرێکی زۆری ئێرانی نێردرایە سەر مەھاباد. کەمي پشتیوانی خەلکەکەو بەپیرەوەچوونی نابەدلّ وساردی بانگی قازی محەمەد بۆبەرگري لەلایەن عەشیرەتە کوردەکانەوە ،بوونە

هۆی ڕووخانی کۆمارەکە •

تەنیا هێزی مەلامستەفای بەرزانی بەرامبەری لەشکری ئێران وەستا . بەڵام هەر زوو ناچارکرا کە بکشێتەوە بۆ ناوعێراق وەلەئەنجامدا بچێتە یەکیەتی سۆڤیات .لەگەڵ کەوتنی لەچاوخۆیا بێخوێن ڕێژی کۆمارەکەشدا ، شەپۆلێکی پڕئازاردان وبەدەرکردنی لەدووا بوو •

سیاسەتی کورد ئازاردانی لەدەوری "موسەدەق"دا کەمێک خاوکرایەوە بۆئەوەی پشتی نەتەوەیی‌کردن(= ملی‌کردن ، تأمیم)ی کۆمپانیای نەوتی‌ئینگلیز- ئێران بگرن . هەرچۆنێ بێت ،پاش نەتەوەیی‌کردنەکە ،بەزوویی کەوتنەکاری ئەمریکا لەشێوەی کودێتا یەکی (سی.ئای.ئەی)دا "موسەدەق"ی سەرەو ژێرکرد وە "شای هێنایەوە .ئەویش وەک بەشێک لەسیاسەتی لەناوبردنی ناحەزەکانی ،دیسانەوە کوردی خستەوەچەرمەسەری وئازاردان •

شا یارمەتی عیراقی وەرگرت بۆ تێکشکاندنی‌یاخی‌بوونی کوردی جوانڕۆ (١٩٥٦).وە لەساڵی ١٩٦٧- ١٩٦٨ یشدا چەند کردار (= عملیەت operation)ێکی عەسکەری سەرکەوتووانەی‌پێکهات دژی شەڕکەرەپارتیزانە حووتیارەکانی کورد •

چالاکی پارتی دیموکراتی‌کوردستان (پ.د.ک)ی ئێران ڕوو لە زیادی بوو لەوساڵانەدا هەتا شۆڕشی ئیسلامی ١٩٧٨ . لە شوباتی(فەبروەری)١٩٧٩ دا ،کوردەکان توانی‌یان سپای شاهەنشاهی لە گەلێک شاری خۆیان دەربکەن وە ئیدارەیەکی دی - فاکتۆ (فعلی،واقعی)یان بۆخۆیان تیادا مەزراند .

ئەگەرچی ڕوودا وەکان ئیتر بەرەو لێڵ بوون ڕۆیشتن • ئەوی دەزانرێت ئەوەیەکە پێکدا هاتن لەنێوان پاسداری شۆڕشی ئیسلامی و پارتیزانە نەتەوەیی‌یەکانی‌کوردا قەوماو

ئەگەر کوردەکان بیانەوی،لەدوواڕۆژا ، ژیانێکی بێ ـ ترس وخۆش وبەئاشتی یان دەسکەوێت ئەبێت بیرلە "سترا ـ تیجی‌یەکی تازە بکەنەوە .(ئێستا )لەسەرانسەری ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا هەست وهۆشێکی ئیسلامی لەپەرەسەندن دایە ، (کەوا ) وەکویەک کارئەکاتە کورد و نەـ کوردیش .بیرو باوەڕی بەهێزی برایەتی ناوئیسلام بەباشی ئەتوانێ‌جێی جیایی ڕەگەزی ونەتەوەیی بگرێتەوە •

لەگەڵ برا نەـ کورد،بەڵام موسڵمانەکانی عێراق ،سوو ـ ریا ،تورکیا وەئێران دەتوانن ڕێبازێکی سیاسی‌بۆیەکگرتن بهێننەپێشێ نەک بۆجیا بوونەوە . لەچوارچێوەی فروانی یەکیەتي ئیسلامي‌دا ڕێزگرتنێکی‌بەرامبەري وەها (لەنێو گەلەموسلمانەکانا )پێکدێ لەعاستی جیایی‌ورەنگا ورەنگی ـ یە ڕەگەزي ونەتەوەیی‌یەکانیان کەکارێکی باش بکاتەسەر گشت گەلانی هەریمەکە **

(Arabia : The Islamic World Review): لـە وەرگیراوە نووسینی : (Jonathan Court )

* ) ـ ئەو جوملانەی خەتیان بەژێردا هێنراوەخەتەکان هی نووسەرنیین .

** ) کورتە وەرامێکی ئەم قسانەی نووسەر لەلاپەڕەی (٥٧)دا دراوەتەوە ـ حربیکە •

••••••• ● •••••••

عەرکەسێ عەستاو بە ساختە مێزەرەی نایە سەری
عالەو مەسموعە قەولی گەرچی کەر بێ‌و سەرسەري
حاصڵی حەڵقي ئەبێتە نۆکەرو عەبدو کەری
ماڵی ئیسلامی بەفوڕ گرت‌و لە دین کردی بەري
ئەی مەلا تۆ بی خودا لەم فیکرە کۆنە لابدە
حائینی گەر وا دەوام کەی ، ڕووسیاهی مەحشەری

(ف .بێکەس :١٩٠٥!ـ ١٩٤٨)

# ئیسلام بۆکورد

## ستراتیجیەکی تازەنیە

نووسینی :(م . د . ا

گۆڤاری "ئەرەبیا "کەووتاری "پێویستی ستراتیجیەکی نوێ" لە ژمارەی فەبروەری ١٩٨٢ی وەرگیراوە (١١)لاپەرە بۆباس ولێکۆلینە. وەی بارودۆزیەکانی نیشتمانی پارچەپارچەکراوی کوردستان ونەتەوەی کوتکوتکراوی کوردتەرخانکردووە ،کەئەمەش جێگەی سپاسە .. بەلام ئەوی راستی بێ جونکە کەلە بنیکەس وپشتگوێ خراوەکەمان تائێستا شتی وای بەخۆیەوەولەکەسیش نەدیوە، من بەشیەحالی خۆم سپاسەکەم نەختێ سەرسورمانیشی تیایە!

باسەکانی گۆڤاکە ،تێکرا ،هەندێ هەلەی زانیاریان تێدایە . کەبەداخەوە ،کەمجار نووسەری بێگانەلەوهەلانە دەرباز ئەبن .وەکەوابەشی هەرەزۆریان لەو "بەندوباوە "نا- راستانە وەردەگیرێن کەدوژمنانی گەل ودا گیرکەرانی وولاتە- کەمان سالەهاسالەدژیکوردوکوردایەتی بلاوی دەکەنەوە . جا هەندێک بێگانە "بەقەستی"،وەهەندێکیش لەرووی نەزانی ونەبوونی سەرجاوەی تروەئەوزانیارە پرەدرۆیانەئەکەنبە بەلگە بۆراستی باس ولێکۆلینەوەوبۆجوونەکانیان ←

---

(پاشماوەی لاپەرە - ٥٥ - )
(بەلام وادەردەکەوێت کەئێستا پاسدارانی شۆرشی ئیسلامی بەیارمەتی هێزەکوردەکان ، لەهەمووشارە گەورەکانی کورددا کاروباریان رێکخستبێتەوە .

ئاشکرایە کەوا هوێ گەورەی بێ هێزیبزووتنەوەیاخی نەیانی کورد ئەوەبووە کەویستویانە بەنەتەوەپەرستی بەرە- نگاری لەگەل نەتەوەپەرستی بکەن .جاسەبارەت بەوەیکەداخوا- زیەکەیان لەحەوهەردا "نەتەوەخوازانە "بووبەزۆری لەلایەن جینیە ناوەراست و کۆری رۆشنبیرەکانەوەهەستی پەدەکرا .
(تکایەبجۆرە ل :٥٦ )

لەووتارەکانی گۆڤارەکەدا ئەوەی لەگشتیان زیاتر سەرنجی ڕاکێشا ووتاری "پێویستی ستراتیجییەکی نوێ" بووئەویش سەبارەت بەوپێشنیازەی نووسەرکە ئەڵێ: باکەلی کورد وازلە خەبات کردن بۆ وەرگرتنەوەی مافی چارەنووسی خۆی بهێنێ و لە بریتی ئەوە "ستراتیجییەکی نوێ" بگرێتەبەر وخەباتی بۆ بکات کەئەویش: بەشداربوونە لەوڕاپەڕینی هەست وهۆشە ئیسلامەتییەدا کەوا لەسەرانسەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕست دا لەپەرەسەندن دایە. وەنووسەرلای وایەکەکورد لەناوئەم بزووتنەوەیەدا "ئەتوانێ لەگەڵ برا (نەکورده) بەڵام موسلمانەکانی عێراق وسووریا وتورکیا وئێرانی پێکەوە ڕێبازێکی سیاسی بۆیەکگرتن دابنێن، نەک بۆجیابوونەوە....".

گرنگی پێشنیازەکەو پێویستی لێکۆڵینەوەو وەرامدانەوەی لەوەوەیە کەئەوەتە "ئاخوندەکانی ئێران" حوکمی وولاتیان گرتوتە دەس. بۆپتەوکردنی ڕژێمەکەیان وسەرقاڵکردنی خەڵک ولەناوبردنی دژمنەکانیا کەوتوونەتە پڕوپاگاندەیەکی لەئەندازەبەدەر بۆکڵپەپێسەندنی هەست وهۆشێکی دینیی "توند- گر"انەی پڕخەرافات لەدڵ ودەروونی جەماوەری دواکەوتوو، برسی وچەوسێنراوەونەزانی ئێراندا بەتایبەتی، وەموسلمانەکانی هەریمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستا بەگشتی. وە سەبارەت بەوەی کەڕێژیمی شاه (وەک زوربەی ڕێژیمەکونەپەرستەکانی هەریمەکەوبگرەلەوانیش توندتر) هەستی دینیی جەماوەری نەزان ولەکاروانی شارستانیێتی دواخراوی وولاتەکەی دەگەشانەوەوبلێسەپێدەسەندبۆبەرهەڵستیکردنی هەموو بیروباوەڕێکی ئازادیخوازانەوپێشکەوتوانەکەسەرچاوەی مەترسیین بۆهەموورژێمێکی دیکتاتۆری وکۆنەپەرستی دژیگەل. ئەوسیاسەتە نائینسانی ونائیسلامییەی کەهەر ئەم ئاخوونە "ئینقلابی" یانەی ئێستەجێبەجێکەری بوون. جا-

هەواڵنامەی کتێب

ئامادەیی ئەمزەمینە خۆشکراوە ،وەپەلاماردانە ناڕەوا ولەخۆ-
بایی بوو! نەکەی صەددام حسەین بەئەندازەیەک ئەوپڕۆپا-
گاندەدینی یەی ئاخوونەکانی ئێرانی پەرەپێدا و تەشەنەپێکرد
کەسەرنجی هەموو هێزەسیاسی یەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست ودنیا
ڕاکێشێت ،وەگشت حکومەتە موسڵمانەکانی ناوچەکەوهەموو
ئەو دەوڵەتانەش کەبەرژەوەندی یەکی ئابوری،یاسیاسی یان
هەیەلەهەریمەکەدا ناچاربکات کەحسابێکی بۆبکەن ،وە
بکەونە پیلان دانان بۆبەرهەلستي کردنی وەک مەترسی یەکی
تازە ،وەیا بۆلەگەڵ هەڵکردنی(= مداراة )وەک"واقعێک".
گرنگی مەسەلەکەبۆکورد لەمەش زیاترە جونکە بەشێکی زۆری
نیشتمانە کوتکوتکراوەکەی لەژێردەستی ئەمەلا یانەدایە.
وکوردی ئەوبەشەش لەشەڕدان لەگەڵیان ،وەبەشەکانی کەی
کوردستانیش بەتەنیشتیانەوەن .بۆیەهیچ هێزێکی سیاسی
بزووتنەوەی کوردایەتي ناتوانێ ئەوپەڕیگرنگی نەدا بەم
ڕاست بوونەوەدینی یەبەگشتی وبەپیلان وتەگبیر وئاوات
وئامانجی ڕیژیمی ئیسلامي (ئاخوونەکانی ئیران)بەتایبەتي.

بەلام ئەم ڕەئیە مانای ئەوەنی یە کەئێستەمن ئەکەومە
شەن وکەوکردنی ئەمڕاپەڕینەولێکۆڵینەوەو ڕوونکردنەوەی
هۆیەکانی پەیدابوونی وڕیبازوئامانجی ،چونکە ،ئەوی ڕاست
بێ‌من خۆم بۆئەوکارەکونەکردۆتەوە- کەبێگومان ئەرک وکاتێکی
زۆری گەرەکە- جگەلەوەی کە ڕەنگە هەرلە ووزەی مندانەبێ
کەباسێکی وا بەتێروتەسەلي بنووسم . سەرڕای ئەمەش
نیازی من لەم ووتارە ،بەرلەهەمووشتێ،دەربڕینی باری-
سەرنجوڕەخنەگرتنەلەووتاری"پێویستي ستراتیجی یەکی نوێ"
بۆیە وازلەومەسەلەیە دەهێنم ودێمە سەر مەبەستەکەی
خۆم :

هەواڵنامەی کتێب

ئەوی بەحاوێکی بێلایەنی وئینسافەوەسەرنج بداتە مێژووی ئیسلام لەهەریمی ڕۆژهەڵاتی‌ناوەڕاست دا زۆربەآشکرا ئەبینێ کەوا کورد ،لەوسایەوەکەبەشی هەرە زۆری بووە بە موسڵمان.بەهەموودڵپاکي وخۆشی یەوەدینەکەیان پارا ستووەویەکجار "سوورن لەسەربەجێهێنانی ڕێوشوێنی ئاینيخۆیان وسەریان بچێ نوێژیان ناچێ،هەروەها لەزەکات دان وەحەجکردنیشدا زوربەووردی پەیڕەوي ڕێبازی دینە-کەیان دەکەن ،وەلە پێکهێنانی گشت ئەرکە ئاینی‌یەکانی سەرشانیاندا هەتا بڵێی‌چوست وچالاک وئامادەن‌ولەڕووی فەر-مانی مەلاکانیاندا لارەملن،وەچیان پێ‌بسپێرن بەموولێی لا-نادەن.وەخزم ویارانی پێغەمبەریشیان زۆر خوش گەرەکە"*

جگەلەوانەی سەرەوەکورد ،هەروەکوونووسەرخۆیشی لە ووتارەکەیا دەڵێ:"کورد بەشداریەکی بەنرخ وبایەخداری لەفەرهەنگ(= کەلچەر ، ثقافة )ی ئیسلامیدا کردووە وڕۆڵێکی گرنگي لەسیاسەتی هەریمەکەدا بووە.."•نەک هەرئەمە کورد لەوروژەوە کەبووە بەموسڵمان سەربازی دڵسوز ولێبوور-دووی ئیسلام بووە و بەدرێژایی پتر لە(١٣)سەدەهەرکورد بووەو لەهەموو مەیدانێکي جەنگ دا لەپێناوی ئیسلامدا،وە بەناوی پاراستنی دین‌ووولاتی موسڵمانانەوەدراوە بەکوشت؛ هەر لە جەنگی سەلیبی‌یەوە بگرە ،کە گومانی تیانیەزوربەی سوپا تایبەتی یە کەی "سوڵتان سەلاحەددین"یان لێ پیکهاتووە،تاجەنگی‌عوسمانیان لەکەناری"دانووب"وشەڕە-کانیان لەگەڵ ڕووس . وتەنانەت شەڕی سەربەخۆیی تورک بەرامبەر بە یۆنانی‌یەکان بش (١٩١٩- ١٩٢٢) •

---

* - "شەرەفنامە" ل :٣١،وەرگێرانی"هەژار"،وەل:٢١چاپی‌فارسي کە (محەمەد عەبباسی)بلاوی کردوتەوە

بێگومان. هەندێک ئەڵێن کەوا زوربەی ئەونەتەوانەی
بوون بەئیسلام لەپێناوی پاراستنی دینەکەو بڵاوکردنەوەیدا
تێکوشاوون وجەنگیوون .وەئەمەتەنیا تایبەتی کوردنەبووە!
ئەم قسەیەتائەندازەیەکی زۆر ڕاستە ،بەڵام جیاوازیەک
هەیە لەنێوان خەبات وفیداکاری کوردو زوربەی هەرەزۆری
گەلەموسڵمانەکانیکەی هەریمەکەدا کەبەداخەوە تەنانەت
مێژوونووسەبێ لایەنەکانیش بۆی نەچوون ئەویش، ئەوەیەکە
هیچ یەکێکیان وەکوو کورد ئیسلام وپاراستنی خاکی ئیسلامیان
نەکردووە بەیەکەم ئامانج ونەیان خستۆتە پێش گشت ئامانج
وئاواتێکی تریانەوە، وتەسەرۆک وپیاوگەورەئەمگەلە مو-
سڵمانانە بەرژەوەندیەکی تایبەتی خۆیان هەبووەکەوا زۆر
جار خزمەتیبەرژەوەندیئیسلامیان کردووە بەپەردەبۆدەسخستنی.
وەهەندێکیان هەر ڕاستورەوان وبەئاشکرا هەوڵیان بۆ
ئامانجە تایبەتیەکەی خۆیان داوە بۆنموونە عەرەبکە
پێغەمبەر لەوان بووە ،وەدینی ئیسلام یەکەم جار لەناو
ئەواندا بڵاوبووبووەوەو قورئان بەزمانی ئەوان بوو،
وە"خولەفای ڕاشیدین" وەسەردارەکانی لەشکر ،وەکاربە-
دەستانی ناوچەوشارەکان عەرەب بوون ،واتە دەسەڵاتدارانی
دین ودەوڵەت هەموو هەرلەوان بوون ،ئەمەسەرەڕای ئەوهەموو
تاڵان وخێروبێرەی پێیان بڕابوو ،کەچیبەوهەموو دەسکەوت و
شان وشەرەف وناوونیشانەی لەسایەی ئیسلامەوەدەستیان کەو-
تبوو تێریان نەخواردووەو لە"خەلافەتی ڕاستەقینەی ئیسلامی"
هەڵگەڕاونەتەوەو جوون بەگژخەلیفەی ئیسلام وخۆشەویست و
زاوای پێغەمبەر ،و"شێری خوا "ئیمام عەلیدا،وەخۆی وکوڕو
کورەزایان لەناوبردووە.وەئیمپراتۆریەتی"ئەمەویان"یان
لێدامەزراند.ئەودەوڵەتەی کەبەپێی گشت کێش وتەرازوویەک

لەدەوڵەتێکی "ئیسلامی" زیاتر دەوڵەتێکی "عەرەبی" بووە.
فارسەکانیش، وەک مێژووی ئیسلام باسی ئەکات هەرگیز لەهەوڵی دەسخستنەوەی دەسەلاتودا مەزراندنی دەولەتی نەتەوەیی خۆیان وازیان نەهێناوە. وە زۆر بەڵگەهەیە بۆئەوەی کەسەرچاوەی رق ودوژمنایەتییان لەگەڵ ئەمەوییەکان کۆنە-قینی نێوان فارس وعەرەب بووەولە ڕێبازی "خولەفای راشیدین" لادانی ئەمەوی-یەکان وبەگژ ئیمامی عەلیدا چوونیان وئیمامی حسەین کو-شتنیانی بۆکراوەبەبەهانە! (هەروەکوو چۆن ئەمەوییەکان خۆ-ینی عوسمانیان کردووەبەبیانوو بۆبەگژاچوونی "ئیمامی عەلی" وحوکم لەدەست سەندنی!
جا هەمیشە ئەم هەست وهۆشی نەتەوایەتییەئاگری بن-کای بەشی هەرەزۆری چالاکییان بووەدژیحوکم. وەتورکە-کانیش وەکووئەوان دووچاری ئەم دەردە بوون. بۆیە ئە-بینین هەریەکە لەسەرکردەوسەردارەکانی ئەم نەتەوەوگەلە موسڵمانانە دووای ئەوەی کەلەتەقەلاکەیاندا سەرکەوتوون خێرا حکومەتێکی خۆماڵی نەتەوەیی (بەپێی زەمانی خۆیان) یان پێکەوەناوەو بەپێی نا سەرەوەکان وڕەوشت وخووی بنەماڵەیی وعەشیرەتی ونەتەوەیی خۆیان ڕازاندوویانەتەوە (ئەومیرانە نەتەوەییانەی کەهەمیشە شانازییان پێوەکردووە!)
باوەڕناکەم لەڕاستی لادانی تیا بێت ئەگەر بگوترێت ئەمچەشنە هەلوێستە نائیسلامییانەیەلەخزمەتی ئیسلام کر-دنی گەلی کورد، وەزوربەی زۆری پیاوەگەورەوسەردارەکا - نیشی بەدووربوون. وەگەلی کورد لەژیانی ئیسلامەتیخۆیا هەمیشە، ئەوەندەی هەستی پێکردبێت، لەپێناوی بەرژەوەندی ئیسلامدا بیری نەلەخۆی ونەلەبەرژەوەندي نەتەوایەتي خۆی نەکردوتەوە، وەئەم "خۆلەئیسلامدا تواندنەوەیە" ی هۆیهەرە گەورەیە بۆنەبوونی دەوڵەتێکی نەتەوەیی، وە زمان ومێژوویە-کی نەتەوەیی کوردلەگەڵ ئەو "دەورەگرنگ وبایەخدارە" داکە

نووسەر خۆشی دانیپێدا دەنێ کەوا کوردبوویەتی لەسیاسەتی هەریمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا .

کورد ئەمەندە بەکوڵ ودڵەوە ئیسلامەتی وەرگرتووەو باوەڕی پێکردووە کەهەتا ئیستەش ئەوپێشینانە (ناموسلمانانەی خۆی کەلەکاتی خۆیا لەشکری ئیسلام کوشتوونی کافران ناوئەبات،وە بەردبارانی کۆنە-گۆڕ وشوێن-کوشتنەکانیان ئەکات و"فاتیحە"ش بۆ کوژراوە (داگیرکەرەکان)ی ئیسلام ئەخوینیت ورەحمەتیان لی ئەکات!.کەچی زوربەی زۆری نەتەوە موسڵمانەکانیتر ،نەک لەم سەردەمەدا ،هەرلەئیسلام بوونیانەوە بەشان وشەپیلکی ئەوباوباپیرانەیاندا هەڵدەدەن و بەشی زۆری تەقەلا،وەئاژاوەنانەوەی سەرکردەوگەورەکانیان ئەگەربەسەرزاریش بەناوی ئیسلامەوە ، یابەبەهانەیەکی دینی بووبێت ،لەڕاستیدا بۆزیندووکردنەوەی ناوونیشانی نەتەوەیی،وپڕکردنەوەی شوێنی ئەوباوباپیرانەیان بووەکە ئیستەش مایەی شانازی وخوپێوەهەڵکێشانیانن .

بۆبەراووردکردنی هەڵوێستی کورد بەرامبەربەهەستی دینی وهەستی نەتەوەیی لەگەڵ هی چەندگەلی کەیموسڵمان دوو نموونەی مێژوویی ئەخەمەبەرچاوی خوێندەرەوانیبەریز :

(١) ـ لەکاتێکدا کەسەڵتەنەتیعوسمانی ، بەلای زوربەی موسلمانانی دنیاوە بەجێگری خەلافەتیئیسلامی دادەنرا ، "محەممەدعەلی"پاشا کەلەلایەن سوڵتانەوەکرابووبە "خدیوی" میسر ،جووبەگژیا ،وەسپا میسرییە موسلمانەکەی بەسەرداری "ئیبراهیم"پاشای زرکوڕی سپای "خەلیفە"یان ڕاڤراند تا "قونیە" وەئەگەر ڕووس وفەڕەنسە ،بۆبەرژەوەندی خویان،نەیگەیشتنایەبەفریای"سوڵتان مەحموود"دا بەئاسانی"ئاستانەی" گرتبوو (١٨٣١ــ ١٨٣٣)

هەرلەوساڵانەدا ،لەهەریمی سۆران ،لەکوردستانیخوا روو-

لە میرەکانی ڕەواندزدا یەکێ هەڵئەکەوێ ئازا وژیر ودڵپیندارکە ناوی "میرمحەمەد"ئەبێ وەبە "میرمحەمەدی ڕەواندز"یا میرە-کوێرە ناوی دەرکردووە . ئەم پیاوەسپایەکی باش پێکەوە ئەنێ وئەکەوێتە فراوانکردن وئاوەدانکردنەوەوپێشخستنی "میرنشینی"یەکەی ولە (١٨٣٠) دابانگی سەربەخویی رادە-گەیەنێت . سولتانی عوسمانی بەمە زۆرتەنگاودەبێت وبە زوویی سپایەکی گەورەی دەنێرێتە سەر. بەڵام سەردارەکانی سپاکەی هەر زوو بۆیان دەردەکەوێت کەبەشەر ناتوانن ئەو هێزە بشکێنن بۆیەئەکەونەفێڵ وفەرەج وکەڵک وەرگرتن لە هەستی بەتینی دینداری کورد،یەکی لە مەلاگەورەکانی نزیکی میر لاس دەدەن .کەفتوایەک دەرکات بۆلەشکرەکەی میر کەوا:بەگژ سپای خەلیفەدا چوون پێچەوانەی ئیسلام وگوناهێکی گەورەیە. ئەم مەلایەش کەناوی (مەلای خەتێ)دەبێ لەخوتبەی جومعەولە ناولەشکرەکەی میریشدا فتوایەکی وابلاوئەکاتەوە .بەمەدڵی لەشکرەکەلەشەڕساردەبێتەوەوچەک دادەنێن .میرمحەمەدیش، بەناچاری ولەسەربەڵێنەکانی سەرلەشکری خەلیفەکە (ڕەشید پاشا )ناوێک دەبێ* خۆی ئەدابەدەستەوە ،گوایا ئەگەربچێتە خزمەت خەلیفەلێی خۆش ئەبێ وئەی نێرێتەوەسەرمیرنشینی خۆی. کەچی دوای گەڕانەوەلەلای خەلیفەلەڕێگا لەسەرئەمری ئەو ئەیگرن وئەیکوژن (١٨٣٦)

جا بوئەوەی بەراوردکردنەکەی هەستی دینی کورد و برا- موسلمانەعەرەبەمیسرییەکانیان (کەلەشکری ئیبراهیم پاشا بوون)

---

*) ـ لێرەدا سەیرئەوەیە کەماموستا محەممەدعەلی عەونی،لە پەراوێز (= حاشیە ای کتێبی "خلاصة تاریخ الکرد وکردستان" ی ئەمین زەکی بەگ دا ،کەکردوویە بەعەرەبی ئەلێ:ئەم ڕەشید پاشایە ،سەرلەشکری ئەوهێزەی سولتانیش بووە کەئیبراهیم پاشا لەشەڕی "قونیە "داشکاندوویەتی وبەدیل گرتوویە(ل ٢٤٦)

باشتر پێک بێت بەپێویستی دەزانم کەووشەیەکیش لەبارەیجۆری هەڵسوڕاندنی کاروبارەوەلەمیرنشینیسۆران یوخدیوایەتیمیسری ئەوسەردەمەدا بنووسم: محەمەدعەلی لەکاتێکا ئاشقی شارستانێتی ڕوژآوا بووە،کەچیڕەوشتی لەگەڵ خەڵکی میسر زۆر کۆنەپەرستانەو خۆپەرستانەبووە.هەموو ووڵاتەکەیبەموڵکی تایبەتي خۆی زانیوە ،هەرچي ماڵ وملک وزەوي"وەقف" بووە هەمووی دەست بەسەراگرتووە ،ئەو زەوییانەی جووتیارەکان لەباوباپیرەوە بەدەستیانەوەبووە لییسەندوون بۆخۆی ،وە هەندێ ساڵیش بەرهەمیهەموو زەویوزاری ووڵاتەکەی بردووە بۆخۆی ، بۆیەجوتیارەکان لەدەس ئەم زوڵموزۆرە بەکۆمەڵ ڕەویان دەکرد بۆ ووڵاتی شام ،وەکاسب وسنعەتکارەکانیش بەدەست بێکار وسیاسەتەگومرگییە ناڕەواکەیەوەدەیانناڵاند.

(بڕوانەل :٥٤٥،لەکتیبی میژوویگەلانیئیسلامچابیعەرەبی.)

منجەر لونگریک لەکتێبی (چوارسەدساڵیعیراقیتازە)ی دا لەبارەیجۆری هەڵسووڕاندنی کاروبار لەمیرنشینیەکەی میر محەمەد دا نووسیویەتی:بەڕێوەبردنیکاروبار لەجۆرەهەرە چاکەکان بوو ،لەڕووی پاراستنی ئەمنیەت وبلاوکردنەوەی ئاسایشت وبەجێگەیاندنی عەدالەتەوەلەچوارچێوەیشەریعەتی ئیسلامدا ،لەوزەمانەدا هەروێنەی نەبووە.بەپێچەوانەیئیدارەی حاکمەکانی(بەغداد)ی دراوسێی وئەوانیترکەوابەراستي هەرفریان نەبوو بەسەرهەق وسەرەتاکانی عەدالەت وقانوونەوە- ل: ٢٨٧)

(٢)- نموونەکەیتر کەبۆبەراووردکردنیهەستی دینی کورد و برا (نەکوردە)موسڵمانەکانیپێشکەشیدەکەم دەگەڕێتەوەبۆیەکەمشەڕی جیهانی ١٩١٤- ١٩١٨ ؛ لەساڵی ١٩١٥ دا لەنێوان شەریف حسەین کوڕیعەلی،شەریفیمەککە،وە(سێر هەنری مەکماهۆن) نوێنەریئیمپراتۆرێتیبەریتانیا لەقاهیرە،

لەرێی "عەبدوڵڵای" کوڕیەوە (کەلەپاشا بەریتانیا کردی بەمە-لیکی ئوردون)پەیوەندییەک پەیدا دەبێ،وەلەئەنجامدا دە-گەنە جۆرە رێکەوتنێک ،وەلەسەرئەوەشەریف حسەین کەبەناوی نەتەوەی عەرەبەوەپەیوەندي لەگەڵ بەریتانیا دەکات ،لە ١٩١٦دا خۆی ئەکات بە"مەلیکیعەرەب"وشان بەشانی بەر-یتانیای داگیرکەر ئەچێتە شەڕەوەدژی گەورەترین دەوڵەتی ئیسلامي ئەوسەردەمە (خەلافەتی عوسمانی)کەلەوکاتەدا لەگەڵ بەریتانیا لەشەڕدا ئەبێت .وەبەمکردا رەشەریف حسەین کە-لێنێک ئەکاتە بەرەی ئیسلامەوەبۆبەرژەوەندي دوژمنیئیسلام، بەوهیوایەی کەسەربەخۆییبدەن بەعەرەب وئەویش بکەن بە (مەلیک)یان ،ئەوهیوایەی کەنەهاتە دي چونکە بەریتانیا وها و-پەیمانەکانی پێشەکیوبەرلە(مردنی نەخۆشەکە )مبرا تەکەیان لەناوخۆیاندا بەشکردبوو ...(لە٤ یکتێبی"مسلمین جها ن )

ئنجابا بزانین هەڵوێستیکورد چۆن بووە :لەپاش ئەوەیکە خەلافەتی عوسمانی لەشەڕی (١٩١٤ـ ١٩١٨)دا شکا وەئیمپریا-لیستەسەرکەوتووەکان بەربوونە لاکی ،وەگەلەژێردەستەکانی سەبارەت بەزوڵموزۆری رەگەزپەرستانەی"پان ـ تورانیست"ە کان وهاندانی دەوڵەتەها وپەیمانەکانکەوتنە داوای مافی چارەنووس ودامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوایەتي خۆیان.جگە لەمەبۆئەوەی کە هەرشوێنەواری دەوڵەتیعوسمانینەمێنی، بەریتانیا کەوتەهاندان ویارمەتیدانی یۆنانییەکان بۆ داگیرکردنی بەشی ڕوژئاوایخواڕووی ئەنەدول ،وەتارادەیەکی باشیش سەرکەوتن وحکومەتەکە کەوتە گیانەڵاو. جا لەم هەلەمێژوویییەدا کەبۆ کوردی زۆرلێکراوهەڵکەوتبوولەباتی ئەوەی کەئەویش وەک نەتەوەژێردەستەکانی کەی خەلافەتەکە بکەوێتەتێکوشانی بەدڵ بۆرزگاریوسەربەخۆییخۆیودووا هەناسە لە (پیاوەنەخوشەکە ) بپرێت ،وەتوڵەی پشتاوپشتی خۆی لێ-

بەسێنێکەچی گشت ئەوزوڵموزۆر وماڵ وێرانی وکوشت وکوشتا ـ
رەی لەبیرچووەوەکەبەدرێژایی مێژووی عوسمانی یا بەسەری
هاتووەو باڵە "ژۆن تورک"ەکانی "کۆمەڵی یەکگرتن وسەرکەوتن"
ەوە تووشی بووە . هەموو ئەمخراپی یانەوگشت نەسیحەت
وئامۆژگاری رۆڵەدڵسۆزەکانی خۆی خستە پشتگوێ، وەبەزەوەندی
نەتەوەیی خۆی خستەلاوە وبەفرتوفێڵی "غازی مستەفا کەماڵ"تە ـ
فرەی خوارد وبەدەنگ هاواری خەلیفەی ئیسلامەوەخۆی هاویشتە
ئاگری ئەوشەرەوەکەپێی دەگوترێت "شەری سەربەخۆیی تورک"
وەبەهەزاران رۆڵەی خۆیکرد بەقوربانی لەپێناوی پاراستنی
خەلافەت دا! هەتا یۆنانشکا ،وەشاری "ئەزمیر "یشی لێسەنرایەوە
(١٩٢٢/٩/٩).ئەندازەی هاوکاری وبەشداربوونی کورد لەمشە ـ
رەدا ئەوەندە زۆروگرنگ بووە کەسلیمان نەضیف ناویەکێ لە
سەرکردەکانی تورک لەخوتبەیەکدا کەلەبیرەوەری "سەربازی ـ
نەناسراو"دا وبە گوتوویەتی: زۆری گومانم بۆئەوەئەچێ
کەئەم سەربازە کورد بێت ـ(الاکرادوالعرب ل: ١٢)
بەلام هێندەی پێنەچووکەدەرکەوت ئەومستەفاکەمالەی کە
بەنوێنەرایەتی خەلیفە، بۆدەرهێنانی دیاری ئیسلام لەچنگـ
کافران ورزگارکردنی خەلیفەلەدیلی کافرخەلکی هانئەدا
بۆخەباتکردن، هەرخۆیگەورەترین دوژمنی خەلافەت ودیانەتی
ئیسلام بوو،چونکە هەرپاش سەرکەوتن لەشەردا ،خەلافەتی لابرد
ودینی ئیسلامی بێشەرمانە تووردایە لاوەوخۆیکرد بەدیکتاتۆ ـ
ری وولات وەبەناوی پاراستنی شارستانێتی وسەربەخۆیی کۆماری
تورکیاوە دژی کونەپەرستە دیندارەکانی سەربەخەلیفە!!وەک
گورگی هار ،هۆلاکۆئاسایی، بەربووەگیانی کوردی دڵساف ؛ کە
تەنیا تاوانیان ئەوەبوو داوای بەجێهێنانی قسەوبەڵێنەکانی
خۆیان لێ ئەکرد ،وەئەیانویست یەکسان ،وەک برا لەژێـر
سێبەری برایەتی وعەدالەتی ئیسلامی دا ئازادانەبژین. کەچی

مسته‌فا که‌مال له‌باتی ئه‌وه‌ی بێته‌وه‌سه‌ر ڕێی ڕاست ،وه‌ئیسلا-
مانه‌وئینسانانه‌له‌گه‌ڵیان بجووڵێته‌وه‌به‌ده‌یان هه‌زاری لێ
کوشتن ،وه‌به‌صه‌دان هه‌زاری لێ ره‌وپێکردن‌بۆنا وه‌ڕاستی ئه‌-
نه‌دول،وه‌کمرته به‌کارهێنانی شۆفێنی ترین وفاشیستانه‌ترین
سیاسه‌تی ڕه‌گه‌زپه‌رستی بۆتواندنه‌وه‌ی گه‌لی کورد ، وه‌بۆ
جێبه‌جێکردنی ئه‌م نیازه‌پیسه‌ته‌نانه‌ت به‌کارهێنانی زمانێدا-
یکی خۆیانی لێقه‌ده‌غه‌کردن ،وه‌ناوی له‌وگه‌له‌کۆنه‌هه‌زاران‌ساڵه‌
یه‌نا (تورکی شاخی) !!
مه‌حموود دورره له‌کتێبی(مه‌سئه‌له‌ی‌کورد/القضية الكردية)
ی‌دا ده‌ڵێ: کورده‌کان هاوبه‌شی‌یه‌کی‌به‌کوڵ ودڵیان کردووه له‌
هه‌ڵگێڕوداگێر (= تقلبات) ه‌سیاسی‌یانه‌داکه‌وا له‌شه‌ش صه‌ده‌ی
دوایی‌دا له‌هه‌ریمه‌که‌دا ڕوویان داوه ،وه‌هه‌میشه‌له‌ته‌نیشت
ئه‌ولایه‌وه وه‌ستاوون که‌پشتی ئیسلامی گرتووه‌و بوئیسلام‌وله‌
ریی ئیسلام‌دا ،وه‌به‌ناوی ئه‌وه‌وه‌شه‌ڕیان کردووه- ل:٢٣)

## به‌رهه‌می فیداکاری‌یه‌کانی‌کورد ؟!

ئنجا بام بزانین ئه‌م ڕێبازی‌هه‌مووشتێکی خۆله‌پێناوی
پاراستنی‌ئیسلام ،وه‌خاکی‌ئیسلام‌وحوکمی‌ئیسلام‌دا! فیداکردنه‌ی
له‌لایه‌ن زوربه‌ی هه‌ره‌زۆری گه‌لی کورد ،وه‌سه‌رۆکه‌کانیه‌وه ،
به‌درێژایی به‌شی هه‌ره زۆری ته‌مه‌نی ئیسلامه‌تی گه‌له‌که‌،
به‌وپه‌ڕی دڵسوزی‌یه‌وه‌گیرابووه به‌ر ،چ کارێکی کردۆته‌سه‌ر
ژیانی سیاسی وفه‌رهه‌نگی،وه‌کۆمه‌لایه‌تی ومێژوویی گه‌لی
کورد؟ ،وه‌به‌رهه‌می ئه‌م هه‌موو فیداکاری ورەنجکێشان و
قوربانی‌یانه‌ی نه‌ته‌وه‌که‌مان له‌م "ئیسلام‌پێش هه‌مووشتێکی‌تر
خستنه‌ی" ،واته به‌پێی زاراوای ڕۆژ "ئیسلام به‌ستراتیجی‌کردنه"
ی چی بووه ؟؟
زوربه‌ی ئه‌وانه‌ی به‌بێلایه‌نی له‌ڕابوردوو ،وه‌ئێسته‌ی

کوردیان کۆلپوەتەوە ئۆبالی بەشی زۆری ئەوەدەردودژواریانەی کورد بەدەستیانەوە دەناڵێنێت دەخەنە ئەستۆی ئەم ستراتیجیەی کەهەندێ لەمێژوونووسەکوردەکانیش لەم بۆچوونەدا هاوبیریان بەوێنە: مامۆستا سالح قەفتان لەکتێبی "مێژووگەلی کورد"ی دا دەڵێ: (کوردەکان لەدوای ئیسلام بوونیان ..لەپێناوی شەرەفی ئەم ئاینەدا، بۆبەرزبوونەوەی خەلافەت ئەچوونە ژێرسیلاح بۆبنیگانە .بەوەبینای قەومایەتی خویان خستۆتە مەترسیەوە، یەعنی خۆیان کردووەبەقەلغانی ئیسلامیەت وکوردایەتیان لەرێی ئەونیارەدا بەختکردووە– ل:١٧٧)

یەکێ لە بەرهەمە ئاشکراکانی ئەم ستراتیجیەئیسلامیەی گەلەکەمان ئەوەیە کەکورد لەگەڵ ئەوەشا کەوەکوو گەلەکانی کەی هەریمەکە خاوەنی نیشتمان وزمان وپێناسەرەوەنەتەوەیی کانی خۆیشی بووەبەلام هیچکاتی وەک ئەوان دەولەتی تایبەتی کوردي خۆی دانەمەزراندووە .بۆیە مێژوویەکی نەتەوەیی تایبەتیشی نەبووە . نەک هەرئەمەیان وەزانا وتێگەیشتووەکانیشی ئەوەندە ئاشقی ئیسلام وزمانی قورئان بوون ،هەموو هەوڵ وتێکۆشانی خۆیان تەرخان کردووەبۆپێشخستن وزیاترگەشەپێکردنی زمانی عەرەبي .وەزمانی دایکي گەلي کوردیان بەتەواوي خستۆتە پشتگوێ.وەک شاعیری نەتەوەی کورد (حاجي قادری کۆیی – ١٨١٥– ١٨٩٢)لەبارەی ئەوزانایانەوەئەڵێ:

بێگانەلەتەرجەمەی زمانی : ئەسراری کتێبی خەڵکی زانی

یەکسەرعولەما درشت وووردی: هیچ نەی خوێندووەدووحەرفی کوردی

جائەم کەمتەرخەمیە بەرامبەربەزمانی کورديبووە بەهۆی نەک تەنیا دواکەوتنی پێکهاتنی زمانێکی نەتەوەییوبەس بگرەکارێکی وەهاخراپیشی کردوتە سەرگشت دیمەنێکیژیانی فەرهەنگي(= ثقافی) کوردیش، کەلەهەموگەلەکانیتری هەریمە کە دوایخستووە .

لەگەڵ ئەمەشدا ،وەنەبێ ئەم هەموولەخۆبوردن وفیدا ـ
کاریودڵسۆزي ،وەدەست لەبەرژەوەندي نەتەوەیي هەڵگرتنە
شي بۆبووبێت بەمایەی خۆشەویستي وڕیزگرتني،لای(برا موـ
سڵمانە، نەـ کوردەکانی)/ یائەوهەموو خزمەتەی لەپێناوی
ئیسلامدا کردوویە لەمێژووی ئیسلام وبرا موسڵمانەکانیدا
شوێن ونا وبانگێکی باشي بۆدروست کردبێ بەپێچەوانەلەسەـ
رێکەوەکۆمەڵێ قسەی ئەفسانەیی ناشیرین ونا بەجێیان
هۆنیوەتەوەلەبارەی ڕەسەن وسەرچاوەی ڕەگەزي یەوەکەهەـ
ندێ جار (بێشەرمانە وبێدینانە)ئەفسانەکانیان گەیاندـ
ۆتە خوا وپێغەمبەریش* لەسەرێکیترەوەبەدرێژایی مێژوو

*) : وەکووئەوەی کەگوتوویانە کوردلەوکۆیلەوکەنیزەکانەی حەزرەتي سلێمان کەوتووە وەکەلەکۆشەیتانێ دەستیان تێکەڵکردووە..(...ومن الناس من الحقهم (ای الاکراد (اساماء سلیمان بن داود... حین سلب ملکه ووقع علی إماته المنافقات ،الشیطان المعروف بالجسد ...فلما ردالله علی سلیمان ملکه ووضع تلك الاماء الحوامل من الشیطان قال:اکردوهن الی الجبال والاودیة فربتهم امهاتهم و... فذلك نسب الاکراد — مروج الذهب ج:٢ ص:٩٩ المسعودی —٩٥٦م— ؟) • لەیەکێکی تر لەوکتێبەکۆنە مێژوویيانەی ئیسلامدا نووسروەکە: کورد تیرەیەکن لەجنۆکەخوا پەردەی لەسەرلاردوون! (الاکراد طائفة من الجن کشف الله عنهم الغطاء)! وەیا ئەو بوختانەگەورەوناشیرینەی بەناوی پێغەمبەرەوەکردوویانە کەگوایا : لەسەرەتای ئیسلامەتيدا، یەکی لەسوڵتانەکانی تورکستان بە(بوغدوز)ناوگەورەیەکی کوردا ناموودیاري دەنێرێ بۆپێغەمبەر. بوغدوز ،کەپیاوێکي زەلامی کەتەی ئێسک گران ئەبێ،بەئەدەب وڕیزـ ێکی تەواوەوە دەچێتە خزمەتي . بەڵام پەمەنی کابرا وەها سەرنجی پێغەمبەر رادەکێشێ کەلێی بپرسێ تۆ لەچ تیرەوعەشرەتێکیت ، کاـ براش ئەڵێ من کوردم . جا گوایا پێغەمبەر.لەسەرناشیرینیکابرا دوعای لەهەموو کورد کردووەکەخوانەکات هەرگیز یەک بگرن ئەگینا دنیا کاوول ئەکەن !!!! (اللهم لاتجعلهم علی الاتفاق، لان اتفاقهم سبب لخراب العالم — ل :١٢٧ کوردلر،چاپی ئەنقەرە ١٩٦٩)

ئەمانە وگەلێ ناوناتۆرەو قسەی هیچ وبووجیتر یاگنت ونەمەکناز ابی،وەلەرێیا راستی ئیسلام وحکوومەتانی ئیسلامدا خۆبەختکردنی سەدان ساڵەی گەلەکەمان بوون !!!!!

هەرچی پیاوی هەڵکەوتوو وەزانا ،وەقارەمانی کوردهەیەوەک
ماڵی بێخاوەن کردوویانە بەهێ خۆیان وخستوویانەتەسەر
میراتی پێشینیانیان وکردوویانە بەمایەی شانازی وخۆ-
پێوە هەڵکێشانی نەتەوایەتیان ،وەکوردیشی بەمایەپووچی لێ
دەرکراوەو تەنانەت وەکوو (سەرباز ی نەناسراو)یش، گۆڕ-
ێکی بەیادگار پێنەبڕاوە .

لەگەڵ ئەمەشدا حکوومەتەکانی برادینییەکانی کورد
تەنیا بەتالانکردنی بەرهەمی ئیسلامی گەلەکەمانەوە نەوەستاون .
وەبە بەدناوکردن وبەسووک سەیرکردن وچەوساندنەوەوپەگرژ-
یەکداکردن،وەلەپێناوی بەرژەوەندیشەخسی ،عەشیرەتی،وەنەتە-
وەیی خۆیاندا،بەناوی خزمەتی ئیسلامەوە بەکوشتدانیان تێریان نەخواردووە ،
وەهەرلەزووەوەبۆ (حەڵاڵکردنی) حوکمەکەیان ئەسڵی کوردیان بردۆتەوە
سەر تیرە ،خێڵ،یاکابرایەکی نەتەوەکەی خۆیان وەکووئەوەی کە
عەرەب بە(وەچەی رەبیعەکوری نزار)یا (موزەر کوری نزار)وە..
هتد)ی داناوون . بێگومان ئەم بۆچوون وقسەهیچوپووچانە
ئەوەندەبایەخیان نەبووە ،بایەخدار ،دژمنانە ونامسوڵمانانە
ونائینسانانە ئەوسیاسەتە شۆڤینییانە شیستانەوڕەگەزپەرستانەیە
یە کەحکوومەتانی (برامسوڵمانە ،نەکوردەکانمان)لەسەری دە-
ڕۆن بۆتواندنەوەی کورد لەکوردستانی ژێردەستی ،تورکیا ،
ئێران وعێراق دا،هەرلایەیان لەناو (بۆتە)ی نەتەوەکەی خۆیدا !

ئەوی راست بێ :لەماوەیەکی تەواو زۆرا کورد هەربەدەس
زوڵموزۆری تورک وفارسەوەناڵاندوویە ،وە لەگەڵ برامسوڵمانە
عەرەبەکانیان دۆست وهاودەرد بوون،بەڵام لە (٥٠- ٦٠)ساڵی
رابوردوودا، کەئیمپریالیزمی بەریتانی حکومەتی عێراقی
دورسکرد ،وەکوردستانی خواروشی خستە سەر ،لەو ڕۆژەوەکار-
بەدەستانی عەرەبی حاکم لەعێراقدا ،بەتایبەتی لەدەوری
بەعس وحوکمی (صەددام)ی سادی وخوێنخوردا ،کوردی عێراق

دووچاری دەربەدەریودەردوئازار وکوشتوکوشتار،گرتن وبڕین و هەڵواسین وکارەسات وسەمەرەیەکی وەها کران کە پشتاوپشتیان لە بیری نەچێتەوە .بەم جۆرە ،بەماوەیەکی کەم زوڵم وستەمی حاکمە عەرەبە (موسلمانەکانی)عێراق گەیشتە رادەی حکوومەتەکانی تورکیا وئێران !

بێگومان لێرەدا هەندێکەس ڕادەپەڕن ودەڵێن کەئەم حاکم وزۆردارانە نەئیسلامی ڕاستەقینەونەنوێنەری ئیسلامەتیش بوون ! بەلای منەوەئەم پاکانەبۆکردنە زیانی زیاترە بۆئیسلامەتی،چونکە لەسەرەتای حوکمی ئیسلامەوە ،چەند ژمارەیەکی زۆر کەمی لێدەرچێت ،هەموو دەسەلاتداروحاکم وخەلیفەکانی ئیسلام لەوجۆرە بوون کەباسمان کردن . بگرە ئەتوانرێ بگوترێ کە ئەوانەی دوایی لەپێشینانەکانیان چاکتر بوون.بۆنموونەش ئیسلامەکانی صەدەی یەکەمی ئیسلام بوون کە (عومەر،عوسمان وعەلی)واتە لە(٤)خولەفای ڕاشیدینەکەی ئیسلام (٣)یان، وئیمامی حسەین کچەزای پێغەمبەر،وەبەصەدان وهەزاران صحابە وموسلمانیان زۆر دڕندانە کوشت!،کەموسلمانەکانی دوایی وهەندێک تائێستەش شێوەنیان بۆئەکەن ورەحمەتیان بۆئەنێرن !

جائەگەر ئەوکەسانە هەر لەسەر قسەی خۆیان بمێننەوە کەوائەو ڕێژیمانەی ڕابووردووئیسلامی نەبوون ،ئەوە ڕایان ئەکێشێ بۆ قۆرتێکی زۆر گەورەتر ،ئەویش ئەوەیە کەئەبێ ڕەخنەلەئیسلامەتی کۆمەلانی خەلکی ژێردەستی ئەوجۆرە حوکمانەش بگرن کەوا بە درێژایی لە(١٣٠٠)ساڵ پترگلەیی وناڕەزاییان بەرامبەر بە نائیسلامێتی ئەم زۆردارانەوحوکمەکانیان دەرنەبڕیوە (زۆر بە-دەگمەن ـ نادر ـ نەبێ ئەویش بەفیتی حوکمبازێک)کەئەمەش ئەوە ئەگەیەنێت کەوا ئیسلامی ڕاستەقینە (هیچ سەرکەوتنێکی بەخۆیەوەنەدیبێ) ،وەبەدرێژایی بوونی لەدڵ ودەروونی کۆمەلانی خەلکدا جێگیرنەبووبێت !وەسەبارەت بەوەش کاری نەکردبێتە

سەرژیانی ئابووری و کۆمەلایەتی و سیاسی، وە فەرهەنگی گەلە موسڵمانەکان! کە ئەمە هیچ وانەبووە و وا شنییە. بە پێچەوانە مێژوو، وە واقیعی دنیای ئەمڕۆش ئیسپاتی ئەوە ئەکەن کە ئیسلام و ئەو بزووتنەوە و شارستانییەتییەی لە کۆمەڵگای ئیسلامدا، وە بە هۆی ئیسلامەوە هاتە ناوان و گەشەی پێکرا کارێکی گرنگ و دیار، وە باشی کردۆتە نەک هەر سەر ئەو گەلانەی بوون بە موسڵمان، تەنانەت شارستانییەتی و فەرهەنگی جیهانیشی چەندە هەنگاوێکی گەورە پێشخستووە.

بەلام ئەمیش، وەک بیروباوەڕە دنیایی و دینییەکانی تر، سەبارەت بە زۆر هۆ، بەشێک لە ئامانج و سەرەتاکانی نەهاتوونەتە دی. کە یەکێکی گرنگیان نەهێشتنی جیاوازی خێڵایەتی، تیرەیی و نەتەوەیی یە لە ناو موسڵماناندا، وە کۆکردنەوەیان لە ژێر سێبەری (برایەتی ئیسلامی)دا. بە داخەوە ئەم برایەتییە ئەگەر جاروبار لە بەرامبەر (نا موسڵمانەکان)یشدا خۆی گرتبێ، لە ناو موسڵمانەکاندا، وە بەرامبەر بە یەکتری بە دەگمەن (=نادر) و لە هەندێ هەلومەرجی تایبەتیدا نەبێت سەری نەگرتووە!

هەواڵنامەی کتێب

لام وایە لە مە زیاتر پێویست بە درێژەپێدان ناکات تا کو ئیسپات بکرێ کە خۆ بەختکردن لە پێناوی خاکی ئیسلام و حوکمی ئیسلام و دینی ئیسلامدا، لە گشت گەلە موسڵمانەکانی هەرێمەکە زۆرتر، و بۆ ماوەیەکی زیاتر ستراتیجی گەلی کورد بووە، وە هەموو ئامانج و ئاواتێکی خۆی کردووە بە قوربانی ئەو ئامانجە بەرزە پیرۆزەی. وە بەشی هەرە زۆری ئەو کوێرەوەری و کێشە و دژوارییانەی ئێستەش بە دەستیانەوە دەناڵێنێت، وە دواکەوتنی لە کاروانی گەلان، ئەگەر هەندێکیان ڕاستەوخۆش بەری ئەم ستراتیجییە ئیسلامییە نەبن، نا ـ ڕاستەوخۆ "پاشەڕۆک"ی ئەوەن. کە ئەمە کوردی ناچار کردووە بۆ پاراستنی خاک و نەتەوە و ئازادی و سەربەرزی خۆی ئەویش، وەک موسڵمانەکانی تر بیر لە

ستراتیجیەکی نوێ بکاتەوە کە ئەویش بزووتنەوەی ئازادکردنی خۆیەتی، واتە کوردایەتی. بەو هیوایەی کە بەم ستراتیجیە بگەوێ وەک گەلانی کەی دنیا، مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی وەرگرێتەوە، وە ئەو ساڵە لەژێر سێبەری برایەتی ئینسانی و ئیسلامیدا سەربەرز و یەکسان، لەگەڵ برا موسڵمانەکان و نە- موسڵمانە-کانی هەرێمەکە و دنیا، شان بەشانی ئەوان تێبکۆشێت بۆ بەشداربوون لە پێشخستن و گەشەپێکردنی شارستانێتی و پاراستنی ئاشتی و ئازادی و بەختیاری خۆی و گەلاندا. هەروەک چۆن لە لەپێشخستن و گەشەپێکردنی شارستانێتی ئیسلام و پاراستنی دینی ئیسلامدا لە هەزار ساڵ پتر کردوویە. وە ئەم بزووتنەوە ئازادیخوازانەیەی کورد، هەر هی نی ڕۆشنبیرەکان و ەبا هی چینی ناوەڕاستی کوردنییە وەک (میستەر جۆنە ئاکۆرت) ئەڵێ. بگرە لە دڵ و دەروونی جەماوەری گەلی کوردەوە هەڵقوڵاوە و لە پێویستی پاراستنی ژیان، و بەجێگەیاندنی ئاوات و ئامانجە پاک و پیرۆزە ڕەواکانی نەتەوەکەمان سەرچاوەی وەرگرتووە. و لەشکری گیان لەسەردەست و فیداکار و کۆڵنەدەری ئەم بزووتنەوەبەش بەدرێژایی کات جووتیار، کرێکار، کاسبکار، وە خوێندەوارانی گەلەکە بوون، وە هەن.

جا وەنەبێ کە کورد هەر ئەم تەجرەبە تاڵ و بە ئازارەی ژێر (سایەی برایەتی ئیسلامی) کۆنی هەبێ کەوا ڕەنگە بگوترێ ئەوە ڕابردوو ئیتر دووبارە نابێتەوە! ئێستەش، لە کاتی نووسینی ئەم وتارەدا، وە لەو ڕۆژەوە کە (ڕژێمی کۆماری ئیسلامی) هەستی بەوە کردووە کە ئەتوانێ بەگژ کوردا بچێت، کوردی ژێردەستی خۆی داوەتە بەر تۆپ و بۆمبا، وە ماڵ کاول کردن و کوشتن و بڕین. هەمووشی سەبارەت بەوەی کە لەبادانی ئەو زوڵم و ستەمەدا کە لە ڕژێمی شاهەنشاهی دیتبان. وە ئەو هەموو بەشدارییە گرنگە بێ فیداکارییەی لە ڕماندنی ڕژێمەکەیدا کردیان، وە بۆ

هەواڵنامەی کتێب

بەوکردنی سیاسەتی ڕژێمەنازەکەی بەرامبەر بەبیلان وتە-
گیری ئیمپریالیزم وکۆنە-پەرستی .بەتوندکردنی پەیوەندی
برایەتی ئیسلامی .وەها وچارەنووسی‌نەتەوان گەلەکانی وولاتەکەیا
دایان لەخومێنی کرد کەوا پەیڕەوەکانی پێشووی خۆی بەجێبگە-
یەنێت .وەبەشێکی زۆر کەم لەمافی ئینسانی وئیسلامی ڕەوای
خۆیان پێداتەوە.بەگەلی کورد .وەگەلەکانی کەی ئێران کەوا
سالەهای سالە لەژێر ستەمی‌نەتەوەیی دا دەنالێنن .کە
لەهیچ کاتێکدا ئەومافانەی داواکراوون لەسنووری هەلسوو-
ڕاندنی کاروباری ناوخۆیی گەلەکان وبەزمانی دایکی خۆخوێ-
ندنی منالەکانیان دەرنەچووە،کەلەزۆر وولاتی یەک-نەتە-
وەیی دا دەوڵەتان بۆئاسانکردنی هەلسووڕاندنیکار ئەم جۆرە
مافەو زیاتریشیان داوە بەدانیشتوانی وولاتەکەیان.کەچی
لەکۆماری نموونەیی ئیسلامدا لەسەرەتادا خوازیارانە بایەخەخوێنی
کوردکرایەکاسەوە واخومێنی ،نائیبی ئیمامی زەمان!وەئومێدی
موستەضعەفانی جیهان" !! فتوای کوشتنی هەموویانی دەرکرد و
"جەژنــی خوێنــی" بانگ دا ،وکردنی بەکافر ونۆکەری
ئیمپریالیزم "ئیستکباری جیهانی"، وەزۆر تومەتی درۆ ،نا-
ڕەوا ونامۆسلمانانەی داتەپاڵ وەتا ئێستەش دەستی‌لێ‌هەلنە-
گرتوون !!! جا کەئەمەبێ بەری(برایەتی‌ئیسلامی) ئەوبزوتنە
ڕاپەڕینە ئیسلامیەیکە (لەسەرانسەری ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دا
لەبەرەسەندندابە )،وە کە نووسەری بەڕێز ئامۆژگاری کورد
دەکات کەخۆیان پیاوەبژێنە ژێرسێبەری .لاموا بەخوێنی هەقدا ت
بداتێ کەبەقسەی نەکەین ،وەتکای لێبکەین کەئەوئامۆژگاری
بەبێنەکەی بەو سەرکردەوکەورانەی ئیسلام بکات کەبەناڕاستی
وفێلبازی ،وەسەبارەت بەبەکارهێنانی ناوی ئیسلام بۆدەسبڕ-
ین وهەلخەڵەتاندنی کۆمەلانی خەلکی دواکەوتووی وولاتەکانیا-
ناوبانگی ئیسلامیان والێکردووە کەگەلێکی مۆلمانی دلسوزوئازاو.

خۆبەختکەری وەکوو کورد نەک هەربا وەڕ بەئیسلامیەتی ڕا ـ
پەڕینەکەیان نەکات ،وەئامادەنەبێت لەژێرئالای داخەبات
بکات،تەنانەت وەک دەوری سوڵتان وشاهەکانی پێشوولەدەس
زوڵم و زۆری نائیبی ئیمامی زەمانەکەشی هاواربکات .ئەمە لە
کاتێکدا کەنەتەوەی کورد ئێستەش ،وەک بەدرێژایی مێژووی
بەئیسلامەتی یەکەیەوەدەنازێ ،وەئامادەی خۆفیداکردنیشە
لەپێناوی پاراستنی دا .

لام وایەباشترین قسەکەدووایی پێ بەم ووتارەدرێژە
بهێنم ئەوپارچەشیعرەیەکەلە ژمارە (٣)ی جریکەدا بلاوکرا ـ
بووەوەچونکە بەڕاستورەوانیلەهیوایەئەدوێ کەکورد ،وەگەلە
کانی کەی ئیران ،لەسەرەتادا ،بەخومینی هەیان بوو ،لەگەڵ ئەو
ناهومێدي وزوڵم وزۆرەی لەپاشا لەروی ئەوەوەتووش یان بوون !

بۆئایەتوڵلاروحوڵلا خومەینی !!

خەڵکی وەهای ئەزانی  تۆئیمامی زەمانی !
کە خۆی خستە بەختیتۆ  ئیتر نابێ ڕەنجەڕۆ !
زوڵم وزۆر بەربادئەکەی ،  ژێردەستان ئازادئەکەی ،
لێقەوماوان شادئەکەی  خێروخۆشی زیادئەکەی

کەچي دەرکەوت بەکردار
تۆش شاهێکی ستەمکار !

پاسداری دین وئیمان  سەرکردەی ئاخر زەمان !
بێگوناه وبێتاوان  بۆبەربوویتەکوردستان ؟
بەتۆپ وبەبوردومان  ژن وماڵ،سەرگەردان
ئەخەیتەدەشت وکێوان  وەها موسلمان بران ؟!
وائازاد ئەکەی گەلان ؟  گەورەی کاتی(خومشێوان)!
هەی وەک صەددام دڕندە ،  وەک ئەتاتورک کوشندە

ئیسلامەتي وەهایە
تۆ (ئاغا )بي ومن(بەندە ) ؟!

پاشماوەی ل: (٨)

گرنگە لەرێگەی لەئامانج نزیکخستنەوەی ئیسرائیل وپاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئیمپریالیزمدا ،لەهەرێمی رۆژهەلاتی ناوە-راستدا .کەهەرئەمانەش هۆی ئامانجەراستورەوانەکای ئەمپەلاماە درندانەیەی ئیسرائیل وئەمپشتگرتنە توندەیەن لەلایەن ئەمریکاوە.

لەوانەیە هەندێ خوێندەرەوە ناکۆکی یەک لەنێوان ئەم بۆ-چوونەوهەڵوێستی سەرزاری وقسەی هەندێ سەناتۆری ئەمەریکی ئەمروژانەی پاش لاچوونی "میستەرهێگ" دا ببینن،وەک ئەوەی کە سەناتۆرچارلزپێرسی ئەڵێ : لەشەری سویش (١٩٥٦)بەملاوە هیچ کاتێ بەینی ئەمەریکا وئیسرائیل هێندەی ئیستا خراپ نەبووە. یا ئەوەی کەجێگرەکەی (هێگ) ،میستەر جۆرج شوڵتز، ووردەگلەی یەکی دڵسۆزانەلەئیسرائیل ئەکات ودا وا ئەکات کەئەبێ نوێنەری (فەلەستینی یەکان)یش ! لەوووتوویژی ئۆتۆنۆمی دا بەشداربن. هۆی ئەم جۆرە قسانەنەباوانەوەیەونەگۆرین لەسیاسەتی ئەمریکادا، مەسەلەتەنیا جێبەجێکردنی سیاسەتی (دەوربەشکردن)ەکەیەوهیچی،کە پاش ئەوەی کەئەمەریکا دڵنیابوولەوەی پەلامارەکەگشت ئاما-نجەنزیکەکانی خۆی بەجێگەیاند .ئیترکاتی ئەوەیە کەئەوبکەوێتە پۆڵەپۆڵ لەکردەوەکانی ئیسرائیل ،ودەرپەرینی هەستی دروزنانەی خۆی بەرامبەربەدۆستایەتی عەرەب وبەتەنگەوەبوون وپاراستنی ئاشتی وئاسایشتی هەریمەکەو بازیکردنی دەوری (ناوبژیکەر) لەنێوان عەرەب وئیسرائیل دا !!! ؟؟جا سەیر ئەوەیە چونکەئێستە بێ غیرەتی وهیچوپووچی سەرکردەکانی عەرەبی باشتربۆدەر-کەوتووە ،ئەمجارە ئەوەندەش خۆی بەشاردنەوەی فێڵەکەیەوە خەریک ناکا . وەهەرلەبەرئەوەشە کەوا لەسەرەتاوەلایەنگری خۆی وپشتیوانی ئیسرائیلی وا بەئاشکرا خستەروو ،نەک هەرئەمە ئێستەش لەکاتێکدا کەبۆدەوری ناوبژیکەری خۆئامادەئەکا ، وەزیری جەنگی ئەمەریکی (واینبورگەر)ئەڵێ :گەوجێتی یە کەوا

بزانرێت به‌گۆڕانی (هێگ) سیاسه‌تی ده‌ره‌وه‌ی ئه‌مه‌ریکا ده‌گۆڕ-
درێ ! (٧/١١ له‌قسه‌کردنێکیدا له‌باره‌ی ناردنی هێزی ده‌ریایی
ئه‌مه‌ریکا وه‌ بۆنزیک بێرووت ).هه‌روه‌ها وه‌زیری ده‌ره‌وه‌تا-
زه‌که‌ش که‌هه‌ندێ حکوومه‌تی عه‌ره‌ب به‌دۆستی خۆیانی ئه‌زانێ ووتی:
له‌گه‌ڵ ئه‌مه‌شا له‌پێشی دوستایه‌تی ئه‌مه‌ریکا وئیسرائیل ویارمه‌تی
دان وپرچه‌ک کردنی بۆئه‌وه‌ی "خۆی بپارێزێت" هیچقسه‌لێکردنی
ناوێ ." دیاره‌نیازێکی ئه‌م قسانه‌ی دووایی ئه‌وه‌یه‌ ڕه‌ئی گشتی
ئیسرائیل،که‌وا پرته‌وبۆڵه‌ی تێکه‌وتووه‌،وا نه‌زانن ئه‌مریکا له
بێکن ڕه‌نجاوه‌و ئه‌وانیش حکوومه‌ته‌که‌یان بخه‌ن وهه‌مووره‌نجه‌که-
یان با بپیبات .

## هۆی هه‌ڵبژردنی کاتی په‌لاماره‌که‌ ؟

زۆرقسه‌ له‌باره‌ی هۆی هه‌ڵبژاردنی ئه‌م کاته‌وه‌ نووسراوه‌و
کراوه‌ .وه‌کووئه‌وه‌ی ئێران ئه‌ڵێ: بۆیه‌ له‌م کاته‌دا کراوه‌ که‌کۆماری
ئیسلامی له‌کۆڵ عێراق بکه‌نه‌وه‌و صه‌ددام بپارێزن،یا هه‌ندێ ئه‌ڵێن
بۆئه‌وه‌بووکه‌ سووریه‌ خه‌ریک که‌ن وئه‌توانێ په‌لاماری عێراق بدا..
وه‌گه‌لێ قسه‌ی تر به‌ڵام ئه‌وی له‌هه‌موویا زیاتر ڕێ تێ ئه‌چێ ئه‌وه
یه‌که‌له‌م کاته‌دا ،به‌تایبه‌تی ئه‌وه‌ته‌ی شۆرشی گه‌لانی ئێران ڕژێ-
می شاهه‌نشاهی پاسه‌وانی به‌رژه‌وه‌ندی ئه‌مه‌ریکای ڕووخاندووه‌ ،
هه‌ستوهۆشی دینی وآزادیخوازی ونه‌ته‌وه‌یی دژی ئیمپریالیزم له‌ڕۆژه‌
ڵاتی ناوه‌ڕاستا یه‌کجار په‌ره‌ی سه‌ندووه‌وهێزی په‌یدا کردووه‌ ،به‌ئه-
ندازه‌یه‌ک که‌هه‌موو ڕژیمه‌کونه‌په‌رسته‌کانی هه‌ریمه‌که‌وئیمپریا-
لیزمی ئاغاشیانی خستۆته‌ مه‌ترسی‌یه‌کی گه‌وره‌وه‌ .وه‌ئه‌وه‌بووکه‌به‌ر
له‌هه‌مووشتێ،ویستیان به‌ (صه‌دد- دام )جێگه‌ی شا پڕبکه‌نه‌وه‌ول‌ــه
بزووتنه‌وه‌ی خومه‌ینی‌ش خۆیان ڕزگا که‌ن که‌به‌سه‌رچاوه‌یه‌کی گه‌وره‌ی
ئه‌م مه‌ترسی‌یه‌ی دائه‌نێن. به‌ڵام صه‌ددام نه‌ک هه‌رڕژیمی خومینی
پێ له‌ناونه‌برا ،پته‌وترو به‌هێزتری کرد ،وخۆی وڕژیمه‌خوێنڕ-
یژه‌که‌شی که‌وتنه‌ گلۆربوونه‌وه‌به‌ره‌و هه‌زاربه‌هه‌زاری نه‌مان ونه‌نگی.

هه‌واڵنامه‌ی کتێب

لەلایەکیکەوە پەیوەندی نێوان حکوومەتەکانی عەرەب لەوپەڕی
ناکۆکی و ناخۆشیدا یەو بەشی هەرە زۆریان لە ترسی لەکیس چوونی
حوکم و نەوتەکەیان ئاگایان لە هیچی تر نەماوە. کەبەمانەش لای دۆست و
دوژمن نرخیان یەکجار کەم بۆتەوە. لە شەڕی عێراق و ئێران دا هە-
ندێکیان بە ناوی "عەرەبایەتی" یەوە لای عێراق هەندێکی کەیان بە
ناوی ئیسلامەتی و هەق پەرستی یەوە لایەنی ئێرانیان گرت. هەندێ
دەستی دۆستایەتی سوڤیاتیان قۆستەوە. وە سووریە پەیمانی دۆ-
ستایەتی لەگەڵ بەست و هەندێ کەوتنە چەک لێ کڕینی. بزووتنە-
وەی ئازادکەری فەلەستین (ف. ت. ح)یش گەیشتە پۆپەی ناوبانگ
و ناسراوی لە دنیادا. کەئەمەتا رادەیەک هەندێ لە سەرکردەکانیانی
بایی کرد. وە خۆیان تێکەڵی ناکۆکی نێوان دەوڵەتە عەرەبەکان کرد.

ئەم دەورو بەرە ناخۆش و نالەبارە نارەزایی خەڵکی پتر کردەوە
لە ترسی گڕگرتنی ئەم نارەزاییە هیچ یەکێ لە حکوومەتە عەرەبە
کان زاتی ئەوەی نەکرد کە ڕێگە بدا بە ئیمپریالیزمی ئەمەریکی
هێزە تایبەتییەکەی خۆی تیادا ببەزێنێ بۆ بەرز کردنەوەی وورەی
ئەوان و ترساندنی خەڵکەکە و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆی لە
هەرێمەکەدا. جا ئەمحاڵەی ناوچە گرنگەکە و ئەم بێکارەییەی
سەرکردە عەرەبە دۆستەکانی ئەمەریکا، ناچاریان کرد کە لە جاران
گەلی ئاشکراتر دەستی خۆی و دوستایەتی وها و پەیمانی یەسترا-
تیجییەکەی خۆی ئیسرائیل بخاتە ڕوو، کەوەک بۆی ئیسپات بووە
بەهێزترین و دڵسۆزترین هاو پەیمانی یەکە ئەتوانێت پشتی -
پێ ببەستێت لە هەرێمەکەدا. وە کە بەلای هەردووکیشیانەوە لەوە زیاتر
ڕاوەستان زیانێکی زۆری ئەوان و دەسکەوتێکی زۆری سۆڤیاتی تیا ئە-
بێ. بەتایبەتی کەوا ئێران خەریکی پەلاماردانی عێراقە و ڕژێمی
صەددامیش ڕووەو هەرەس هێنان دەڕوا و مەترسییەکە چەند ئەوە-
ندەی تر زیاد ئەکات. بۆیە چاکترین هەلە بۆ دەست وەشاندن
وە هیچ شوێنێکیش لە لوبنان باشتر نادۆزرێتەوە بۆ ئەم کارە،

جونکە : جگەلەوەی کەوا شەڕونا ژاوەنا خوێی‌یەکەی ،کەئیسرائیل دەستێکی درێژی هەیەلەهەڵگیرساندن وتەکوژا دتەوەی دا،هەلو ـ مەرجێکی خۆشەبۆپەلامارەکە ،لای کەمی ئەوە (٢٧)ساڵیشەصەهیوو ـ نی‌یەدا گیرکەرەکان مرخیان لەلوبنان خۆشکردووەکە :بەشی لەڕوو ـ باری (لیتانی)بەرەوخواری‌بەسەریەکەوەبخرێتە سەرئیسرائیل،وەلە بەشی سەرەوەشی‌دا حکوومەتێکی لوبنانی سەربەئیسرائیل دورست بکەن لەژێرسەرۆکایەتی(زا پتیک)دا .وە مووشی دایان وی بەباش زانیوە کەلەسبەینی زووتر نی‌یەدەست بکرێ بەجێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیە . )وەهەرئەوەتەلەپاش شەڕی ١٩٦٧کەئیسرائیل‌لەخاکی (٣)وولاتی دراوسێی سەروپارچەی دا گیرکردبوو ،گوتبووی:ئێستا گشت سنوورەکانی ئیسرائیل ،ئەوەی لوبنانی لێدەرچێت ،یەکجا رچاکن!
ـ دیڤید گلمۆر ،ڕۆژنامەی گاردیان ١٩٨٢/٦/٢١) •

## کاردانەوەی پەلامارەکە ؟

هەواڵنامەی کتێب

لەهەربارێکەوەبڕوانینە مەسەلەکە ئەبینین کاردانەوەجیهانی یەکەی لەچاو ناڕەوایی‌و دڕندەیی‌وگرنگی‌تاوانەکەدا ،تا ئێستا ، یەکجار ساردوسڕو ناباپەخبووە .وەچاوەڕوانی چاکتربوونیشی لێ ـ ناکرێ .چالێرەدا ئەگەر دەوڵەتەئیمپریالیستەکا بتوانن بە هەندێ بەهانەخۆیان لەسەرزەنشتی ئەم هەڵوێستەناشیرینەیان تا ڕادەیەک دوورخەنەوە ،دەوڵەتەکانی دژی‌ئیمپریالیزم‌وصەهیو ـ ونیێتی‌وڕێکخراووکۆمەڵ وبزووتنەوە ئاشتی وئازادیخوازوما فی ـ مرۆڤ پارێزەرەکان بەهیچ‌ڕوبیانوویەک خۆیان پێ‌ڕزگارناکرێ •

سەرەڕای‌ئەمەش کەلەگەڵ هەڵوێستی دەوڵەتەعەرەبەکانا بەراوورد ئەکرێ مرۆڤانەودڵسوزانە دێتەبەرچاو ! وەهیچ گومان لەوەشانی‌یەکە ئەگەردەوڵەتەعەرەبەکان هەڵوێستیان ئەوەندە کەمتەرخەمانەوناـعەرەبانەوناـئیسلامانەونا ـ ئینسانانەنەبوایە کاردانەوەی دەوڵەت وگەلەموسلمانەکا بەتایبەتی وهی‌هەموودنیاش

زۆر گەرمترو کاریگەرتردەبوو .جا دەوڵەتە عەرەبەکان بەهەڵوێستی (لەنزمیدا بێوێنە)یان ،برا فەلەستینیو لوبنانییە کڵۆڵەکەمارۆدراوەکانیان لەیارمەتیو پشتیوانی دنیاش بێبەشکرد.

لەهەمووشی بێشەرمانەتر ئەوەیەکدوا گلەییلەبازۆری ئەورووپیو سەرزەنشتی دەوڵەتە بێلایەنەکان ئەکەن وقسەیەکیەتی سۆڤیات دەڵێن کەبۆچی لەسەریان ناکەنەوە! وانەکەرەکیانە کە: کوچک لەپشکۆ گەرمتربێت ؟!

تا وانێ دەوڵەتەعەرەبەکان وەنەبێ هەرئەوەبێت کەوا پارچەیەکی نیشتمانە هەزار ساڵەکەیان ،دەوڵەتێکی ئەندامی "جامیعەی عەرەبی"کەجگەلەپەیوەندیی نەتەوایەتی،پەیمانی لەسەریەکتریکردنەوەیان لەبەینا هەیە ،خاک وخەڵکی ئەم دەوڵەتەعەرەبییەو گەلی ئاوارەو هەژاری فەلەستینی ،کەهەموونەتەوەی عەرەب ،کەموزور دەستیان لەوەدا هەیە کەڕۆژیان بەم ڕۆژەرەشەبگات ، ئەوفەلەستینەی لە١٩٤٧ەوە لەصەدان کۆبوونەوەو کۆنفرانسی (پۆپە)ونا ـ پۆپەوسیاسیو کۆمەلایەتیو ئابوریو ڕاگەیاندنیدا بڕیاریان،لەسەر یارمەتیدان وپاراستن و گێڕانەوەیان بۆخاکەداگیرکراوەکەیان، داوەولەنا و نەتەوەی عەرەب وگەلانی دنیادا بازرگانی بەمەسەلەکەیانەوەئەکەن وکردوویانەبەبەردی بنچینەیگشت پەیوەندییەکی نێودەوڵەتانیان (لەگەڵ ئەمەریکا نەبێ ؟! ) ،وە لەناوخۆشیاندا دڵسۆزي وفیداکاري بەرامبەربەفەلەستینیان کردووە بەبەڵگەی دڵسۆزی وعەرەبایەتي وئیسلامەتییان وشانازییپێوەئەکەن، کەچي لەکەڵ هەموئەمانەشدا بەبەرچاویانەوەلوبنان دا گیروکاول ئەکرێت وخەڵکەبێ تاوانەکەشی لەگەڵ ئاوارە کڵۆڵەکانی فەلەستین ئەکوژرێن ولەناوئەبرێن وئەوانیش جوولەناکەن !!جگەلەم تاوانەگەورەبێ ناموسا نەیە ،تاوانێکی کەیان ئەوەیە کەئەوان بەو درۆودەلەسەوفێڵوفەرەج ودەست بەپشتدا دان وهاندانە فەلەستینیەدەربەدەرەکانیان لەخشتەبرد ،وایان لێکردن کەنەتوانن بەڕاستیو

ودروستی وتەواوی پانایی وقووڵایی ئەو (بوار)ە بزانن کەئەبێ لێی بدەن، وگرانی وئەرکی خەباتەکەیان بەچاوێکی واقیع- بینانە هەڵ- بسەنگێنن ولەباری سەرنجی گەلێکی بچووک وبێکەس وەبەرپوانە مەسە- لەکەیان وبەوپێیە خەباتی بۆ بکەن. بەپێچەوانە ئەمەندە هەڵیان دان تا بەگورگیان خواردوویان دان! . کەهیچ گومانی تیا نییەئەگەرئەو بازرگانی بەمەسەلەی فەلەستینەوەکردنەی ئەوان نەبووایە تەفەلەستینی وتە لوبنانیانیش بەم جەشنە دووچاری ئەم کارە- ساتە نەدەبوون!

## هۆیەکانی ئەم هەڵوێستە ؟

بەلای زۆر شارەزایانەوە هۆی ئەم هەڵوێستە بێ غیرەتانەو نائینسانانەیەی دەوڵەتەکانی عەرەب بەگشتی دووانن (١) : زوربەی هەرەزۆری سەرکردەکانی عەرەب باوەڕیان بەوەنییە کەمەسە- لەی رزگارکردنی فەلەستین وپاراستنی بەرژەوەندی وئازادی ویەک- گرتنی نەتەوەی عەرەب ئەوگرنگییەی هەیە کەبۆچاوڕاووبازرگەرمی نێودەولەتان وتەفرەدانی گەلەکانیان و لەوژێردا شاردنەوەی فرتوفێڵە- کانیان دەیخەنەڕوو. وە صەهیوونیێتی و ئیمپریالیزمیش بە دوژمنی خۆیان نازانن ، وانە بیروباوەڕێکی (ساواتانە)یان هەیە بەڵام ئەوەندەی ئەوبەزاتنین • (٢)- ئەم سەرکردانەی عەرەب پاراستنی بەرژەوەندی خۆیانیان لەشێوەی ڕیژیمەکانی ئێستەیانا لەلا لەگشت شتێکی تر لەپێشترو گرنگترە. بۆیە ئامادەن کە هەمووشتێکی کەی لەڕێگەیدا فیدابکەن، جا ئەگەر ئەڵێن وانییە ئەو هەزاران ملیۆن دۆلارانەیان بۆکەی وبۆچی هەڵگرتووە؟ ئەو هەموو چەک وتفاقەتازەیەی جەنگیان بۆچییە؟ پەیوەندی عەسکەری هەندێکیان لەگەڵ ئەمەریکای پشتیوان وبارێزەری ئیسرائیلدا لەبەرچییە؟ پەیمانی هاوکاری خەلیجی وبەرەی (الصمود والتصدی)یان کوا؟ ئەکەر ئەم پارەو چەک وپەیمانانەیان بۆ ڕۆژی ڕەشی نەتەوەی عەرەب و گەلی فەلەستین بووە کوان؟؟ باوەڕناکرێ تەنکانەی لەمەخراپترو ڕۆژی لەمە ڕەشتریان لە

پێش بێت . کەچی ئەمسەرکردە فشەفشکەرە درۆزنە بێ ئابڕ-
ووانە ،نەک هەر تۆپ وفڕۆکەو تانک وچەکە ناپابەکانیان دیارنییە،
تەنانەت پارەی قومارو ڕابواردنی شەوێک ،یا مەسرەفی تاقە
سەفەرێکیان نادەن بەنانو دەرمان کەبنێردرێ بۆئەو برسیە زمارە
ئابڵۆقەدراوانەی،مەهیوونیتی داگیرکەر هەڕەشەی لەناوبردنیان
لێ ئەکات!،وەکەلەئیسرائیل وئەمەریکا بگەڕێتەوە،ئۆبالی
ئەم کارەسات وکوێرەوەریەو قەسابخانەکەی بۆیان دانراوە ئەچێتە
ئەستۆی ئەوان ! چ ناپیاوی ونزمی و سووکییەک ئەگانە
ئەوەی کەبرای نەتەوەیی ونیشتمانی وزمانی ومێژوویی وچارە-
نووسی ئەودەوڵەتە عەرەبانەی سەدان ملیار پارەیان نقەکانی
دەوڵەتە سەرمایەدارەکانی دنیایان پڕکردووە،لەووڵاتانی بێگانە
بەپوولەی ئەمونەوپیتاکی پارەی نانو دەرمانیان بۆبکری؟؟!
لێرەدا ،ئەمەوێ چەند دێرێک لەونامەیەوە ربگرم کە (کاک
ج.)لەم بارەیەوە بۆچریکەی نووسیوە :(.... من کوردێکم لەئاوارە
کانی زولم وزۆری داگیرکەرانی نیشتمانەکەم.حا ،ژیانی خۆم وئەودەرد
وبەلاوکوێرەوەریەکانەی نەتەوەی کورد بەدەستیەوە ئەناڵێنێت،
واڵێکردووم کەلەهەرقوژبنێکی دنیادا بێتاوانێک ئەکوژرێت،
یا زۆرداری وچەوسێنەرەوەیەک ئەکەوێتە ئازاردان وزولم لێکر-
دنی کەلێک،من برینەکانم وا دێنەوەسوێ ،هەروا دەزانم ئەو
زولم وستەمە لەخۆم ولەکورد کراوە. جا سەبارەت بەم هەستەی
خۆم هەرچەندئەکەم تێناگەم چۆن برا عەرەبەکانی ئەولوبنانی
وفەلەستینیە کوژراو وبرینداروماڵ وێران وکەماڕۆدراوانە ئەنوا-
نن وابێ باک دانیشن !؟ یاخو ،چۆن ئەوجولەکانەی ئیسرائیل
ئەم ئابڵۆقەدانەی بێرووت ،وئەوکوشتوکوشتارە (هتلەرانە)یەی سپای
ئیسرائیل لەلوبنانی وفەلەستینی بێتاوانی ئەکات ئابڵۆقەدانە
کەی جوولەکە بێگوناهەکانی نیسانی ١٩٤٣ی(وارشو)یان ناخاتەوە
بیرکە لەشکری (ئێس.ئێس)ی هتلەرکەما ڕۆیدا بوون وئەیویست

بەدبیانووی جێ‌پێ‌کوتستنەوەوە لەناویان بەن ؟ چۆن لە (بێگن)و
(شارون)ی قبوول ئەکەن ئەوکارەیە لوبنانی وفەلەستینی‌یە گەما ـ
رودراوە بێتا وانەکانی "بیرووت" بکەن کە (هتلەر )و (هملەر )بە
جولەکەکانی شاری (وارشۆ)یان کرد ؟؟ یا هەرکەس دەستی بیێ
(جاش هتلەر )یکە بۆخۆی !! ؟ "

" ...کەداگیرکەرانی کوردستان بێ گوناەو بێتاوان ئەیان دەنە
بەرتۆپ وبۆمبا ، شارودێمان کاوول ئەکەن ،وەک دڕندە بەرئەبنە
گیانمان بەئارەزووی خۆیان ئەکوژن وئەبڕن وئەگرن ونەقەلە هیچ
لایەکەوە .نایەت ئەڵێین کوردی کلۆڵ بێکەسەکی بەهاواریەوە دێ؟
پێویستە دۆست بۆخۆی بدۆزێتەوە !؟ ئەی خۆفەلەستینی (١٥٠)
ملیۆن کەس و(٢٣)دەولەت برای عەرەبی‌ها وپەیمانی هەیە ،جگە لە (فتح )
تیمچە دەولەتێکە بۆخۆی ،زۆربەی هەرەزۆری دەولەتانی دنیا چ
سۆشیالیستی و چ سەرمایەداری وچ ماموناوەندی نوێنەر ـ
یان لێ‌قبوولکردووەوهەندێکیان لەیارمەتی‌دانیشی درێغی‌یان
نەدەکرد ! خۆلوبنان ئەوەهەردەولەتێکی سەربەخۆیەوئەندامێکی
دامەزرێنەری (کۆمەلی نەتەوەیەکگرتووەکان )و (جامیعەی عەرەبی)
یە .بۆچی هیچ‌لایەک نەیەتوانی هاوپەیمانی‌ودۆستایەتی‌ونەبەهەستو
هۆشی ئاشتیخوازی ومرۆڤ دۆستی‌یش نەگەیشتن بەفریایان تا
لەپەلاماری ئەم گورگەهارانە رزگاریان بکەن !؟

"بێگومانم لەوەی کەوا گشت ئینسانێکی خاوەن هەستوهۆش
کەباوەڕی بەبرایەتی ئینسان وها وـ چارەنووسی گەلان هەیە تەنیا
ووردبوونەوەیەک لەم کارەسانەی فەلەستینی ولوبنانی‌یەکان وکار ـ
دانەوە عەرەبی‌و دووەلی‌وجیهانی‌یەکەی‌هەمووکێش وتەرازوویەکی
پێشکەوتن وشارستانێتی سەدەی(٢٠) ی لەبەرچاو ئەخات .چونکە
ئەودتە بەبەرچاوی‌دنیا وەلەسەدەی گەورەترین پێشکەوتنەکانی(!! )
ئینساندا مجەنگیزخان یاهۆلاکۆیانە تیلابەسپایەکەوەکەبەتی زۆری بەلا ـ
ماردەروپیا وکوژەکانی هەلگری دیپلۆما ،لیسانس ودوکتۆران لە

عیلم وزانینانەدا کە صەدەی بیستەمیان پێ ڕازێنراوەتەوە و بەدڕندەیی و خۆپەرستی ئینسانی دەوری بەردوچەکی هەرەپێشکەوتووی ئەمڕۆوە بەربوونەتە گیانی ئەولوبنانی و فەلەستینی یەبێ تاوانانە و بەبەرچاوی دنیاوە کەوتوونە کوشتن ولەناوبردنیان! بێ ئەوەی لە هیچ لایەکەوە دەستێک بۆ ڕزگارکردنیان درێژبکرێت. کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان وئەنجومەنی ئاسایشیش وەک ئەوەی چارەکردنی مەسەلەکە هیچ پەیوەندییەکی بەفرمان وکاری ئەوانەوە نەبێت بۆئەمەریکای گوناهبار ویەکەم وئاگریبن کا وپشت وپەنای صەهیوونیێتی وئیسرائیلیان تەرک کردووە !! وائە :بکوژوبەر بووەبە قازی وناوبژیکەر، ئا بەم جۆرە ئاسایشت وئاشتی وسەربەخۆیی وئازادی گەلان ومافی مرۆف دەپارێزن !! . ئەحمەد موختار شاعیرێکی کوردبەرلە (٥٠) ساڵ گوتوویە :

ئیسمی ویژدان وعەدالەت بێموسەمایەو درۆ
بۆسیاسەت ئەمقسانە وان بەبەر لێوانەوە!

"هەرچەند زیاتر بیرلەم ڕووداوە خوێناوییە پڕدەردوئازارەئە-کەمەوە ڕادەی زیانەئینسانی وبیروباوەڕییەکانیم لاقووڵتروفرا-وانتر ئەبێت . وەک ئەوەی تەنانەت منی ئاوارەی کوردی بێکەسی خستۆتە گومانەوە بەرامبەر بەڕاستیی پشت بەستن بەزوربەی ئەوبیروباوەڕە بەرزانەی "چارتەری مافی مرۆڤ"یان لێ پێکهێنراوەو مایەی شانازیی کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان و صەدەی بیستەم بوون ... وەکە لای گەلانی چەوساوەو ژێردەست وئازاردراوی دنیا پایەیەکی پتەوی خەباتەکەیان بوون . لام وایەکە ماوەیەکی زۆری ئەوێ تا شوێنەواری ئەم ناهومێدکردنەیان لەبیربچێتەوە ."

"... .لەگەڵ هەمووئەوهەست وپێزانینەتێکەڵ وپێکەڵەدا ئەمکارەساتەوکاردانەوەکەی لەدڵ ومێشکمدا کلپەیان پێسەندووە، داخم ناچێت کە هەرچەند ئەکەم لەویەکدووزمانەدا کەئەیزانم هیچ ووشەیەکم بۆنادۆزرێتەوە کە پڕبەپێستی تاوانەکەی —

ئیسرائیل ، خراپی ئەمەریکا ، هیچوپووچی حکوومەتەکانی عەرەب
وئا زایی وفیداکاری لوبنانی و فەلەستینی یە کە ماڕۆدراوەکانی شاری
"بێرووتی قارەمان" بێت !! "

## هەڵوێستی "گەلەکانی عەرەب "؟

ئەڵێین "گەلە عەرەبەکان" وناڵێین "نەتەوەی عەرەب" !
چونکە بەداخەوە لەم کارەساتەدا برا عەرەبەکان ، ئیسپاتیان کرد
کەوا "هەستی یەکیەتی نەتەوەیی" یان یەکجار لاوازوساوایە ، نەک
هەرئەمە بەتێکڕایی هەڵوێستی جەماوەر وکۆمەڵانی خەڵکی دەو-
ڵەتە عەرەبەکان بەرامبەر بەم تراژیدیە ، بەپێی هەمووکێش و
تەرازوویەکی هاوپەیمانی وهاودینی و پێشکەتنخوازی وشۆڕشگێڕی و
ئینسانیش لە نزمترین پلەدا بوو . بگرە دەنگی نارەزایی جوولە-
کە ئاشتیخوازەکان لە ئیسرائیل وئەمەریکا وئەورووپاشدا ، لە هی ئەوان
زۆردڵێرتربوو ، وەدڵێرتریش !!

هەندێک بیانوو ئەوەیان بۆ ئەهێننەوە کەوا حکوومەتە زۆر-
دارەکانیان دەمودەستیان بەستوون وماوەی هیچ جۆرە چالاکییە-
کیان نادەن . لەکاتێکا کە ئەم بیانووە بۆگەلێکی خەباتکەروئا-
زادیخواز ئەبێ شەرمەزاربێت نەک پەکخەر !! وەدەبووبە بۆنەی ئەم
کارەساتە عەرەبی و ئیسلامی و ئینسانی یەی برا عەرەبە فەلەستینی و
لوبنانیەکانیانەوە بکەونە زنجیرە خۆپیشاندن ومانگرتن وچالاکی
یەکی وەها توندوتیژ کە ڕێژیمە دیکتاتۆری وکۆنەپەرستەکانیان
بهێننە لەرزین واتە (مەرگیان پێشان بدەن بۆئەوەی بەلەرزوتاوی ڕازی
بن ، وەناچاریان بکەن کە هەڵوێست وسیاسەتی دەرەوەوناوەوەیان
وەکوو پێویستە بەپێی بەرژەوەندی نیشتمان ونەتەوەی عەرەب
بگۆڕن ، واتە : لەگەڵ لوبنانی وفەلستینی وەکووبراکانی هاوپشت ،
وەبەرامبەر بە ئیسرائیل وئەمەریکاش هەتا ئەتوانن دوژمنانە
بجووڵێنەوە . وەهەمووما فەدیموکراتی یە قەدەغەکراوەکانیش بدە-
نەوە بە گەلەکانیان . وەئەگەر وایشیان نەکرد ئەتوانن بە مەرەی (شاەی

ئێرانیان بەرن.کەبێگومان هەڵوێستی بێغیرەتانەیان بەرامبەر بەم کارەساتە گەلێ لەشای پێش شۆرش جێگەی پێشلوقترکردوون ولەبەر چاوی خەلکی خستوون .جا گەلانی عەرەب تەنیا بەجۆرە چالاکی یەکی شۆرشگێرانەی وەها ئەتوانن خۆیان لەلێپرسینەوەی مێژوو رزگار بکەن وبۆدنیای ئیسپات بکەن کەئەوسەرکردە هیچوپووچانەلەهیچ روویەکەوە نوێنەری ئەوان نین . ئەگینا قسەکەی پێشنانی خۆیانیان لەسەرهار ئەبێت کەووتوویانە :(کیفما تکونون یولّی علیکم )،وەلەلای ئەوەی دووا رۆژ ولەبەرامبەر مێژوودا تاوانی ئەوان لەهی سەرکردەکانیان قورسترئەبێ.

*

بەرلەبڕاندنەوەی ووتار ،پێویستە ئەوەش بگوترێ کەوا ئەگەرچی میستەربێگن تاوانی هەستی دەرووني "خۆبەکەمزانین"ی خۆی دا مرکێنێتەوە بەوەی کەهتلەرچی بەجوولەکەی بێتاوان کردبوو ،ئەویش بەعەرەبی فەلستيني ولوبنانی بێگوناهی بکات!.بەلاّم بەمکردارە نائینسانییەوەحشییانەیەی نەک هەر ناوی سپای ئیسرائیلیخستەلاپەڕەی ڕەشی پڕتف ولەعنەتی سپا خوێنرێژەگشت ــ کوژەکانی دنیاوە، تەنانەت ئەوبەزەییەشی نەهێشت کەباسی کوێرەوەریوئازاردرانیهەزاران سالەی جوولەکەلە دلّی هەندێ کەسا ئەیبزواند.وەدوستەکانی ئیسرائیلیشی هێنا بەسەر رەئیئەوانەی لەسەرەتاوە ئیسرائیلیان بەمایەئەشەڕوآژاوەینا وچەکە ئەزاني ، لەلایەکیکەوەگومان لەوەدا نییە کەئەمکارەساتە ئەبێت بەهاندەروپال پێوەنەرو دەرس دادەری نەک هەرگەلانی عەرەب، بگرە هەموو گەلانی دنیاش لەجۆری خەباتکردن یاندا،دژی ئیمپریالیزمی جیهانی بەسەرۆکایەتي ئەمەریکا ودژی کۆنەپەرستی ناوخۆی نوکەرو صەهیوونێتي وریژیمەدیکتاتۆرییەکانیدژی گەل . پشت بەهێزوفیداکاريِ تایبەتيِ خویان . کەمێژووئیسپاتیکردووە؛ گەلێئازادیِ بەخوێنیبکرێ ؛ نییەبتوانیڕێگەیلێ بگرێ

●●●●●●●●●●●●●●

هەواڵنامەی کتێب

(پاشماوەی ل: ٣٦)

## خەڵکی عێراق و ئەو پرۆژانە ؟

بێگومان ئەم دەوروبەرەی کە ئەمڕۆ پێکی هێناوە ئەرک و باری گەلی عێراق و هێزە ئازادیخوازە شۆڕشگێڕەکان زۆر گرانترو ڕێگەی سەرکەوتنیان سەختتر ئەکا . چونکە جگە لە ڕژێمی صەددام و ئیمپریالیزم ، ئەبێ حسابێکی زۆریش بۆ ڕژێمەکەی خومەینی بکەن . چونکە ئەگەر ئێران ڕەئی بەرامبەر داوڕۆژی عێراق هەروا بمێنێتەوە وەک باسکرا ، پێویست بەقسە ناکا کە ئەبێ وەکو دوژمن لەگەڵی ڕەفتار بکرێت ، وە تێبگەیەنرێت کە گەلانی عێراق لە وەدەرچوون کە بێگانە بەکوتەک ڕژێمی خۆیان بەسەردا بسەپێنن . جا ئەو ڕژێمە هەرچیەک بێت ، وە هەرناوێکی لێنرێت ئەوەندەی مووێک ئەم حالە ناگۆڕێت . چونکە باوەڕ ناکرێت کە هیچ گەلێکی ئازادیخواز بهێڵێت کە بەزەبری لوولەی توفەنگ تەنانەت بۆ (بەهەشت)یشی ببەن ! چونکە لە وحالەدا نە ئازادی و نە سەربەستی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی و نە سەربەرزیشی نامێنێت کە بەهەشتیش بێ ئەمانە لای ئازادیخوازو شۆڕشگێڕان چەهەنتەمێک ئەبێ بۆخۆی ! ئەمە جگە لەوەی کە ڕەفتاری خومەینی بەرامبەر گەلانی ئێران ، بەرامبەر چەماوەری چەوساوەی ئێران ، بەرامبەی هێزە ئازادیخوازو شۆڕشگێڕەکان ، کە هێزی پێشڕەوی شۆڕش و مایەی سەرکەوتنی بوون ، وە قەسابخانەیەی لێی دانا وون ، بە ئاشکرا دەری ئەخەن کە ئەو ڕژێمەی خومەینی و دوواکەوتووەکانی بە حوکمی خوا دائەنێن ! دیکتاتۆرێتی یەکی کۆنە پەرستی دینی ئەوتۆیە کە باوەڕ ناکرێ تا ئێستە (بەناوی ئیسلامەوە ) ڕژێمێکی وا خوێنڕێژو دڕندە بووبێت . جا ، ئەگەر بوونی ڕژێمێکی وا لە ئێراندا پەیوەندی بەخەڵکی عێراقەوە نەبێت ، ئەوەی کە پێویستە ئەم جۆرە ڕژێمە بەزۆر لە عێراقدا بسەپێنرێت کارێکی زۆر درانەیە وەک کردارەکانی صەددام و ئیمپریالیزم ، وە پێویستە لەسەر جەماوەری عێراق و هێزە ئازادیخوازو شۆڕشگێڕەکانی کە وەک کردارە ناڕەوا و دەستدرێژکەرانەکانی ئەوان دژی بوەستن و بەگژیا بچن .

پێویست بە ووتن ناکا کەوا : بەرگری کردنی ئەم مەترسی-
یانەونەهێشتنیان ودامەزراندنی ڕژێمێکی دیموکراتیی ڕاستەقینەی
بەدڵی گەل یەکەمین ئەرک وفرمانی هێزە ئازادیخوازو شۆڕشگێڕە
کانی عێراقە . بەلام لەبەرتیشکی واقیعی ئەمڕۆوئەوسەرکەوتنەکەم
ونابایەخانەی ئەم هێزانە بەخەباتی خوێنینیان تائێستە یان دەست گەلمان
خستووە ،بەتایبەتی لەماوەی شەڕەکەدا کەوا بێ گومان صەددام بەشی
زۆری هێزوهۆشی ئاراستەی ئێران کردووە . هەروەها لەچاوگەورەیی
مەترسییەکان وگرنگیی وگرانیی فرمانەکەدا ئەو بەشداریکردنەکەمەی-
جەماوەری خەڵکەبەتایبەتی لەناوەڕاست وخوارووی وولاتدا،تەنانەت
پاش ئەوزنجیرەشکانەسەرشۆڕکەرانەی صەددام وسپاکەی .ئالەبەرتیشکی ئەم
ڕاستییانەبەباشی دەردەکەوێ کەکارەکە جۆرە هەڵەیەکی؛ تیایەو ئەبێ
هێزە خەباتکەرەشۆڕشگێڕەکان بەپەلەوزۆریش بەووردی چاوی بگێڕنەوە
بەزۆربەی چالاکییەکانیاندا هەرلەجۆری پەیوەندیوهاندان وڕابەڕاندن و
ڕێکخستنی جەماوەریانەوەتا ئەوکاتەی ڕابەرایەتی کردنیان .ئەمەجگەلەپێو-
یستی چاکترلێکۆڵینەوەوهەڵسەنگاندن ودەرس وەرگرتن لەهەڵەوڕا-
ستی،مێژووی ڕابوردووی خۆیان.بەتایبەتی لەشۆڕشی (چواردەی تەمووزی
١٩٥٨ )ەوە .هەروەها لەمێژووی خەباتی گەلان بەتایبەتی ئێران لەسەرە-
تای شۆڕشەکەی گەلەکانیەوە تا ئێستە وئەوهەڵەسەرەتاییەگەورانەی
هێزەشۆڕشگێڕەکان کردیان لەهەڵوێستدا بەرامبەردەست بەسەرشوڕشدا
گرتنەکەی ئاخوونەکان بەئیمامەتی خومێنی . ومادەدان بەدا-
مەزراندنی (دیکتاتۆرییەکی دینیی کۆنەپەرست)لەجێگەی دیکتاتۆریەتە
کەی شاە.جگەلەمە ،هەرئەوکەمی ونابایەخییەی خەرمانی خەباتی ئەو
هێزانەلەچاوسەختیوتالی خەباتەکەیاندا پێویستیەکا لەسەریان
کەلەم کاتەناسکەی مێژووگەلانی عێراقدا ،بەپەلەوبەووردی چاو-
یکیش بەشیعاری (بەرە = جبهە )دا بخشێننەوەوبەگورجی ودڵسۆزی
پێویستەوەئەوکەمیوکورتییانەنەهێڵن کەئەمجەکەکارێگەرەتاقی-
کراوەیەی وا کەمکەڵککردووە . چونکە هیچ گومان لەوەدانییەکە

تەنیا بە (بەرەیەکی دیموکراتی) فراوان وپتەوکە هەموو هێزە نیشتمانییە
کانی تیا یاڵەسەر پرۆگرامێکی شۆڕشگێڕانەی ڕێکوپێک کە چارەکـــــردنی
گشت دژوارییەکانی وولات وبەجێگەیاندنی ئاوات وئامانجی خەڵکەکەی
بگرێتەوە، پەیمانی ببەستن وبەپشتپوانی جەماوەری خەڵکی وولاتەکە
لەدەشت وکێوو شار و دێوسەرووخواروو وەناوەڕاستی عێراقدا
دژی دیکتاتۆرێتی صەددامی خوێنڕێژی دڕندەو داودەزگا خوێناوی
یەکەی بکەونەخەبات بەهەمووچەک وجۆرێک وبەهەمووهێزو وورەی
بێ بڕانەوەیانی، هەربەم چەشنەوتەنیا لەم ڕێگەیەوە ئەتوانن تەختی
(صەددامی زووحاک) هەڵتەکێنن وسەری پانی بکەنەوە، وەهەربەم خەباتە
یەکگرتووە دڵسۆزانەیەش ئەتوانن عێراق وئازادی وسەربەرزی وسەربەخۆیی
لەدەسدرێژکردنی ئیمپریالیزم وئەولایانە بپارێزن کە چاوپیانی تێبڕیوە •

گومانی لەوەدا نییە کە هێزە نیشتمانییە ئازادیخوازە شۆڕشگێڕانەی
عێراق کە بەدرێژایی دەیانی ساڵ، دەیانی هەزار قوربانی ئازادییان داوە لە پێناوی
ڕزگارکردنی گەل وبەدیهێنانی ئاوات وئامانجە بەرزوڕەواکانیا،
لەم ڕۆژە پڕمەترسی وگرنگەدا کە عێراق وهەریمی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی
تێکەوتووە بەهەمووکوڵی دڵ ووهۆش وویستنی شۆڕشگێڕانەیانەوە دەست
ئەدەنە فرمانە مێژووییەکانیان . بەکورجی وژیری گەموکورتییەکانیان
وناکۆکی وناخۆشی نێوانیان چارەئەکەن وهەموولە (تاقە بەرەیەک) دا کۆ-
ئەبنەوە وبەخەباتی دلێرانەیان، گەل ونیشتمانەکەیان دەگەیەنن بەئامانج،
ئیتر دەست لەدەست وهێز لە گەل ...

• • • • • •

کوردە قوربانە ڕۆژێکە وتەمرو — بەقسەی دوژمن مەبە دەسخەڕو
جووتی دژمنت بەربوونە یەکتر — زەحمەت هەڵکەوێ هەلی گەورەتر!
دژمنی گەورەی تودا گیرکەرە — گەرهیوات بەوبێ رەنجت بێبەرە!
هەربەیەکیەتی وفیدا کاری خۆت — ڕزگارت ئەبێ لە زنجیروکۆت
هەربەویستن وتەبایی وخەبات — گەلانی دنیا کەیینە ئاوات
تەبایی نەبێ چیت لەوان کەمە؟ — هەر (ناتەبایی)ت سەرچاوەی خەمە!

○ ● ○

## خەبەرێکی خۆش

چاپکردنی (چرپکە): تەواو بووبوو ،کەلەکوردستانەوەخەبەرمان وەرگرت کەوا لەپاش لێک نزیک بوونەوەکەی چەندمانگی ڕابوردووی هێزەخەباتکەرەکانی کوردستان ، ئەمجارە بەکوێرایی چاوی صەددامی خوێنخۆر ودوژمنەکانی کەی کورد وکوردستان ئەم هێزانەهەنگاوێکی گرنگی کەیان هاویشتووە بەرەو یەککرتن .وەلەمبارەیەوە لەنێوان پارتی کومیونیستی عێراق ویەکیەتی نیشتمانی کوردستانندا ووتو- وێژێکی دوستانەکراوە وبەیانێکی هاوئامانجانەی خۆش بلاوکراوە- تەوە . هەروەها لەنێوان پارتی دیموکراتی کوردستان ویەکیەتی نیشتمانیدا ڕێککەوتنێکی مەیدانی پێکهاتووە وئێستەخەباتکەرەکانی کورد- ستان ،بەدڵ وئاواتی گەلەکەیان ئەجوولێنەوەو هەمووبەیەکجار ،لوولەی توفەنگیان کردۆتە سنگی دوژمن .داخمان ناچی خەبەرەکەمان لەکاتێکا پێ ئەگەیشت کەبتوانین زۆرتری لەبارەوە بدوێین .

ئیتر ئێمەش وەک هەمووجەماوەری کوردستان وعێراق چاوەڕوانی یەکگرتنی پتەووڕێکوپێکی هەمووهێزە نیشتمانی وشۆرشگێرەکانی ولاتین بۆخەبات دژی حوکمی صەدداموگشت یارێدەدەرەکانی وئەو لایانەی ئەیانەوێ جەماوەری خەڵک لەماف ڕەوای خویان بێبەش بکەن

(دەستەی نووسەران)

* * *

## الملحق العربي

ايها القارئ الكريم :

في النية اصدار العدد (٢) من الملحق العربي لمجلة "چريكەی كوردستان "قريباً ،نرجو منكم ومن الأخوة الآخرين المهتمين بالقضايا التي تتنا ولها المجلة ارسال ما يرغبون في نشره من المقالات والبحوث والنقد والارشاد الينا عن طريق احدا لعناوين المدونة في الصحيفة التالية .

ولكم الشكر . "هيئة التحرير"

## لەم ژمارەیەدا

( ١ ) ـ هێرشە هەڵەڕانەکەی بێکن
( ٩ ) ـ عێراقی پاش سەددام ؟
(١٢ ) ـ پێویستی ستراتیجیەکی نوێ
دیوانی چریکە :
( ٢١) ـ نەورۆز
( ٢٤) ـ لاوکی ئازادی
( ٢٥) ـ سنوور
( ٢٩) ـ سەرگوروشتەکەم
( ٣٤) ـ چۆن ڕزگار ئەبین ؟
( ٣٧) ـ سەرنجێک لە ووتاری :
"کۆمەڵگای کوردلەدەرەوە"
( ٤١) ـ کوردو ئۆتۆنۆمی
( ٥٠) ـ چریکەو خوێندەوارانی
( ٥٧) ـ ئیسلام بۆ کورد ستراتیجیەکی تازەنیە

*

### ئەدرەسی بانکەکان

لە بەریتانیا :
Midland Bank Limited
CHRIKA 40 07 I3
Account No. 21087614
22,Victoria Street
Westminster ,London SW1H ONJ.

---

لەئەڵمانیا :
CK , Konto - Nr. 488 428 001
Dresdener Bank , 6900 Heidelberg
West Germany

---

لە سوید :
Skandinaviska Enskilda Banken
Kontonummer : 5368 - 21 121 62
Uppsala , Sweden.

---

### ئەدرەسی پەیوەندی

لە ئەڵمانیا :
CK,Postfach 10 58 68
6900 Heidelberg
West Germany.

لەسوید :
P.O.Box 26028
75026 Uppsala 26
Sweden.

لەبەریتانیا :
CHRIKA, C/O P.O.Box 292
LONDON W2 XY

(چریکە )دانەیبە (٢)پاوەند ،یا (٨)مارکە ،یا (٤)دولارە

# ČRİKE Y KURDISTAN

A General Kurdish Cultural Magazin

NUMBER : (5)  JULY  1982

